# ئەوەی دنیا ڕزگاردەکات جوانییە

کۆمەڵە دیدار

هیوا قادر

سلێمانی
2009



ئەوەی دنیا رزگار دەکات جوانییە
بابەت: کۆمەڵە دیدار
نووسەر: هیوا قادر
تایپو هەڵەبڕ: نووسەر
چاپ: یەکەم چاپ
چاپخانە: یاد ، بازاڕی سۆز، نهۆمی سێهەم
تیراژ: پێنج سەد دانە
ژمارەی سپاردنی( ) کتێبخانەی گشتی سلێمانی دراوەتێ
ژمارەی سپاردن لە سوید:7-0-977842-91-978

## ئەوەی نووستن لەمردن جیادەکاتەوە خەوبینینە

**ئامادەکردنی: گۆڤاری ڕامان**
**020302**

**ڕامان: گۆڕانکاری شارستانییەت چ پەیوەندییەک بۆ شیعر دەکاتەوە، ئایا لەخودی شاعیرییەت دووری دخاتەوە یان دەیدرەوشێنێتەوە؟**

هیوا قادر: ئەمە تێفکرینە دەکەوێتە سەرمەرجی ئەوەی کە ئایا ئێمە خوێندنەوەمان بۆ شارستانییەت چییە و لە چ دیدێکی جیاواز و دژبەیەکەوە سەیری دەکەین: مەحاڵە ئێمە تەنیا لەدیدێکەوە سەیری شارستانییەت بکەین وەک ئەوەی مرۆڤایەتی



نغرۆی خێری دەسکەوتەکانی خۆی کردبێ و شەڕە خوێناویەکانیمان بیربچێتەوە، شارستانیەتێک نییە لەکولتووری هیچ میللەتێکدا بۆ فەراهەمکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئێسک و پرووسکدا نەڕۆشتبێت، شارستانیەت تەنیا دەستێکی سپی نییە بۆ ڕزگارکردنی ئێمە لە ژوورەتاریکەکاندا، دەکرێت ئەم هاوکێشەیە لەزۆر شوێن و زەمەنی جیاوازدا بەهەردوو بارەکەدا بشکێتەوە، دەستێک بێت بۆ دەرهێنانی ئێمە لەژوورە تاریکەکاندا و دەستێکیش بێت بیەوێت پێناسی ئێمە لەناو ژوورە تاریکەکانەوە بکات تاسپێتی خۆی پیشان بدات. لەباوترین ئاستدا دەتوانین بڵێین کە شارستانیەت گوناهبارە بەکوشتنی سادەیی ژیان و هێنانی ئاڵۆزییە ڕۆحی و دەروونییەکان لەگەڵ خۆیدا. ناکرێت هیچ شارستانییەتێک لەیەک دیدەوە سەیربکەین، دەبێت هەمیشە لایەنەکانی شارستانییەت هەریەکە و بە جیا هەڵبسەنگێنین، ئایە هەر شارستانییەت و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نییە کە ئێستا هەموو کۆمەڵگاکانی دنیا بەرەو کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ و داگیرکردنی ئازادییە بچکۆلەکەنای مرۆڤ دەبات.
هەمیشە شارستانیەت لەناو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ئەو بەهەشتە موتڵەقەنییە کەئیدی هەموو ماناکان بۆ هەموو شتەکان، هەموو وەڵامەکان بۆ هەموو پرسیارەکان بداتەوە و ئیدی هیچی تری تێدا نەمابێتەوە بۆ وتن وڕاڤەکردنی نوێ. درێژبوونەوەی شارسانییەت لەناو کۆمەڵگا سڤیلیسێرەکاندا تا ئەمڕۆ ئەو گۆڕەپانە جەنگیانەن کەهەرگیز هێمنی فیکر و

وەڵامەکانی تێدا فەراهەم نابێت و هەمیشە تاکاتی مانەوە درێژبوونەوەیان جێگای دیالۆگ وکێشمەکێشەکانی مرۆڤایەتی دەبن، چونکە تا کۆمەڵگاکان هەنگاوی پیشکەوتن بنێن چارەسەرەکان هەمەجۆر و زەحمەتر دەبن.
گومان لەوەدا نییە پردەکانی گەیشتن بەوی تر، لەناو کۆمەڵگە سڤیلیسێرەکاندا زۆر زیاتر و هەمەرەنگترە لەچاو ئەو پردە کەم و نزیکە رەنگانەدا کە لەناو جوغزێکی کۆمەڵگا ناشارستانییەکاندا هەیە. کەواتە لێرەدا شانسی گەیشتن بەویتر زیاترە، بەڵام ئالێرەوە کێبەرێکی پرسیارە فکرییەکان قورستر و زەحمەتتر دەبێت، بۆ نموونە کێبەرکێی بڵاوکردنەوە و نووسین لە ئەوروپادا هێندە ئاڵۆزە کەم قەڵەم دەتوانێت بەشداربێت. هەڵبەت لەم کێبەرکێیانەشدا چەند فێڵێک هەیە زیاتر بۆ بەرزکردنەوە و پیشاندان ودروستکردنی هەندێ نووسەر جێگای شانسێکی گەورەیە، ئەو شانسەش هەندێک جار شانسی داهێنان نییە، هێندەی شانسی رێڕەوی سیاسەتی ئێستای دنیایە، تازەترین نموونەش لەسەرئەم بارە پێبەخشینی نۆبڵی ئەم ساڵ بوو کەدرابە (ڤ.س.نایپاول)، لەگەڵ ئەوەی چەندان نووسەر و داهێنەری گەورەتر لەناو لیستی پاڵێوراواندا هەبوون بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە.
شیعر هەمیشە هەڵگری یۆتۆپیایەکی تایبەتە بە خۆی، پێم وانییە شاعیرانی هیچ شارستانییەتێکی دنیا بتوانن هەڵگری هەموو رەهەندە جیاوازەکانی ئەو یۆتۆپیا شیعرییەبن کەخاوەنی هەزاران وملیۆنان گۆشەی جیاواز و لەیەک نەچووە،



راستتر بڵێم شیعر هەڵگری دروستکردنی یۆتۆپیایە لەسەر مرۆڤ خۆی بەهەموو هەمەڕەنگی شێوە و رەنگ و کەشفکردن و تێڕوانینەکانەوە.
لێرەوە گۆڕانکاری شارستانیەت، واتا گۆڕانی ماناکان و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، واتا زیادبوونی کەناڵەکانی رۆشنبیریی و پێکدادانی کولتوورەکان. گەر شیعریش یەکێک بێت لەو کەناڵانەی ئینسان بۆ کەشفکردن و گەڕان. ئەوە دەکرێت شیعر هەوڵدان بێت بۆ جوانکردنی ئەو دنیایە دژ بەناشیرینیەکانی، یان داگیرکردنی دنیا بێت بۆ دووبارە نوێکردنەوەی. ئەمەش وادەکات تیڕوانینمان بۆ نوسینی شیعر و بیرکردنەوەی شیعریی بگۆڕێت.
شاعیران هەموویان لەیەک دەچن بەوانای لەدەرەوەی جوگرافیای شارستانیەت و ناوەوەی شارستانیەتەکانی دنیادا دەژین، چونکە دەکرێت شیعر بۆ خۆی لەئاستی یەکەمدا شارستانییەتێکی تایبەتی بێ جوگرافیای ئینسانەکان بێت، یۆتۆپیایەک بێت دژ بەهەموو قەید و شەرتەکانی ناشارستانیترین تاشارستانیترین کۆمەڵگا، کەتێیدا شاعیر هەست بەمەنفی بەوون و تەنیایی خۆی دەکات.
شیعریش وەک هەموو داهێنانەکانی تری دنیای ئەدەب، تەنیا موڵکی میللەتانی خاوەن شارستانی نییە، دەنا دەبوو شاعیرە مەزن و داهێنەرەکان تەنها موڵکی شارستانیەتە گەورەکانبن.
نیشتمانی شیعر نیشتمانی ئەگەرەکانە کەلە هیچ جێ و هەموو جێیەکە.

**رامان: له شیعردا پرسیار لەبارەی شتە حەرامەکراوەکان دەکەیت و دەیوروژێنی یان خۆتی لێ بەدوور دەگریت؟**

**هیوا قادر:** پێم وایە ئەدەب بەگشتی قسەکردنە لەسەر شتە حەرامەکان، چونکە شتە حەڵاڵەکان لەبەرچاون و ڕۆژانە کار بە ماناکانیان دەکرێت. شتە حەڵاڵەکان لەدووتوێی دەستوور و عوروف وعادەت ومۆراڵی باودان، شتە حەڵاڵەکان ئەو جێگاو و شوێن و مانایانەن کەهەمووان پەی پێ دەبەن. بەڵام ئەدەب بۆ خۆی گەیشتنە بەو شتانەی کەنابینرێن، یان پڕکێشی بینین و دۆزینەوەیان بۆخۆی جۆرێکە لەپێخستنە ناو زەوی حەرامەوە، یان شوێنێکە کە کەم کەس توانای بیرکردنەوە و پێگەیشتنی هەیە.

بەداخەوە شتە حەرامەکان لەلای ئێمە زیاتر پەیوەست دەکرێت بەسێکس و ئاینەوە، کە من پێموایە ئەم تەعریفە بۆحەرام لەم ئاستەدا کۆڵەوار و دەست سپییە. دیارە هۆکاری ئەم دەست نیشان کردنە زەقەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەستووری دیواری حەساری دین و سێکس و نەبوونی پرسیاری بێ سازش و جدی لەبەرامبەیاندا، هەروەها ئەو ئازادییەی کە دەبێت بێت ئەویش ئازادی ڕادەربڕینە بەبێ هیچ سانسۆرێک.

هەڵبەتە زەمەن و شوێنیش ڕۆڵێکی گەورە لە پێناسەکردنی سنوورەکانی حەرامدا دەبینن، دەکرێت لە هەندێک زەمەنی تایبەتدا شیعری شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی دنیا بەهەمان



ئەندازەی شیعری ئەو شاعیرانەی باس لە سێکس و دین دەکەن چوبێتنە خانەی حەرامەوە. بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە حەرام لای ئێمە تەنیا سێکس و دین هەندێ جاریش سیایەت بگرێتەوە، من پێموایە وتنی هەموو نەوتراوێک حەرامە تاکاتی بوونی بەئەدەب، ئیدی دوای ئەوەی کە دەچێتە ناو بەرهەمی ئەدەبییەوە حاڵاڵ دەبێت. چونکە من پێم وایە هەموو شتێک لەهەموو ئاستێک و ئان و زەمانێکدا لە ئەدەبدا قابیلی وتن و قسە لەسەرکردنە: ئەدەب بەگشتی کاری حەلاڵ کردنەوەی شتە حەرامەکانە و دواتر قسەکردنەوە و پێدانی مانای نوێترە بەحەڵاڵەکان.

من بۆ خۆم پێم سەیرە ئەدەب بخرێتە نێو خانەی حەرام وحەڵاڵەوە، گەر وابێت ئەوە ئێمە کردەی بە پیرۆزکردن پێش کردەی ئەدەب دەخەین. دەبێت ئەوە بزانین هیچ شتێک لەدنیادا هێندە پیرۆزنییە کە نەتوانین قسەی لەسەر بکەین. دەکرێت ئەدەب بەگشتی لە زۆر قۆناغی کۆمەڵگاکانی دنیادا بۆ خۆی خاوەنی دروست کردنی شتە پیرۆزەکان بووبێت. بەڵام بەلای منەوە ئەم ئەدەبە خاوەنی ئەدەبێکی ئازاد و نووسەری ئازادنییە. تەنیا پیرۆزیەک لەئەدەبدا هەبێت پیرۆزی ئینسان وئازادییەتی. ئەدەب بەگشتی سەرزەمینی شتە دژ و لێکجوداکانە و کۆکردنەوەیانە لەناو پرۆسەی زماندا. بۆیە درێژترین و بەتەمترین شتێک لەمێژووی مرۆڤایەتیدا قابیلی مانەوەبێت کردەی داهێنانە لە ڕێێ زمانەوە، خۆ بەستنەوەش بەهەموو سنووربەندیی ماناکانی حەلاڵ کردنەوە پێش هەرشت

خیانەتە لەئازادی زمان، خیانەت کردن لەئازادی زمانیش گەورەترین گوناهە کە نووسەر دەرهەق بەخۆی دەیکات.

**ڕامان: ئەو ڕۆمانسیەتە ڕوونەی لەدەقەکانی سەرەتادا دەرکەوتوون وای کردووە گۆرانیبێژەکان بیکەن بەگۆرانی. ئایا شیعری گۆرانی چ جیاوازییەکی لەگەڵ شیعری تێڕمان هەیە؟**

**هیوا قادر**: ڕاستە سەرەتا شەرمنەکانی من بۆ نووسین، سەرەتایەک بوون لێوان لێوبوون لەڕۆمانسیەت. ئەوەش پێوەندی بەشەرمنی و بێدەنگی کەسایەتی خۆمەوە هەبوو. رەنگە من لەناو هاورێکانمدا لە تێڕوانینمدا بۆ ژیان ڕۆمانسیترین کەسیان بووبم: لەکتێبی"سەفەرنامە"دا بەدرێژی باسم لەم حاڵەتەی خۆم کردووە، بەڵام دواتر ئەو دیوەی ڕۆمانسییەتە بووە جۆرە حاڵەتێکی بەرگری کردن و یاخی بوون لەو جۆرە ژیانە درو و تاڵ و زبرەی کە کۆمەڵگەی کوردیدا تێیدا دەژیا. من پێم وایە رەفزکردنی قۆناغی ڕۆمانسییەت لە ئەدەبدا لای ئێمە پێش ئەوەی پێوەندی بەتێڕوانینی ئەدەبییەوە هەبێت، پێوەندی بە مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبووە، تائەو ڕادەیەی ناسکی و شەفافیەت لەژیان و ئەدەبدا وەک جۆرێک لەعەیبە سەیر کراوە. بۆیە هەمیشە تەعریفی ڕۆمانسییەت لەلای ئێمە جۆرێکە لەدەستنیشان کردنی"سەتیحەت" و دەرهاویشتنیەتی لەهەموو تێڕامانێک لە جوانی. پێچەوانەکەشی تاڕادەیەک ڕاستە کە



زۆرجار ڕۆمانسییەت لای زۆر لە نووسەرانی کورد کراوەتە کەنارێک بۆ خۆحەشاردان و مۆڵەقبوون لە ئاستێکی نزمدا. ڕۆمانسییەت جگە لەوەی بە قۆناغێکی ئەدەبی و ڕخنەیی دەژمێردرێت، جۆرێکە لە تێڕامان و بیرکردنەوە کە هێندە تێکەڵ بە قوناغەکانی تر بووە زۆر جار زەحمەتە جییای بکەیتەوە.

رەنگە هۆکەشی بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە ڕۆمانسییەت بەدەر لەوەی کە دواتر بە قوناغێکی ئەدەبی ناسرا، جۆرێکە لەو خەسڵەتە باو و هەمیشە زیندووەی ناو تێڕوانینی ئینسان بۆ پێناسەردنی سروشت و دنیا. دیارە شیعر وەک کایەیەکی ئەدەبی بەشی هەرە گەورەی ئەو خەسڵەتەی بەر دەکەویت، ڕەنگە هۆکەشی ئەوەبێت کە شیعر بۆ خۆی هەڵگری ڕێژەیەکی زۆرە لە دڵەڕوکێ و گەڕان بە دوای جوانییەکاندا.

پێشموایە گەر نەزعەی ڕۆمانسییەت لەئەدەب بسەنرێتەوە، وەک ئەوە وایە جۆرێک بینین لە ئینسانەکان قەدەغەبکرێت، ئەمەش بۆ خۆی زەوتکردنی ئازادی ئینسان و پێشێلکردنی ئازادی تیروانین و بیرکردنەوەیە.

لەڕاستیدا من هیچ کات بیرم لەنووسینی شیعرێک نەکردۆتەوە تا بکرێت بەگرانی. تەنیا جارێک نەبێت لەسەر داوای هونەرمەندی مۆسیقی (لاوک لەتیف) شیعری (سروشت)م نووسی، کە دواتر هونەرمەند(عەدنان کەریم) کردی بەگۆرانی. هەڵبەت پێشتریش کچە گۆرانیبێژ (پەیمان عومەر) شیعرێکی بەگۆرانی وتبووم، ئەو سێ شیعرەی تریش کە دواتر عەدنان

كەریم كردونی بەگۆرانی بەتایبەتی شیعری(تكا) كە بووە یەكێك لەو گرانیانەی بچێتە توبلیستەوە، من وەک شیعری گۆرانی نەمنووسیوە. هەموو ئەو شیعرانەشم كەكراونەتە گۆرانی لەبەرهەمە سەرەتاییەكانی منن، رەنگە هەڵبژاردنیشیان بۆ گۆرانی لەشەفافیەتیانەوە بێت.
بەگشتی پێموایە لەناو هەموو شیعرێكدا گۆرانییەک نوستووە، ئەوەش تەنها دەنگ و مۆسیقایە كە ئەو گۆرانییە بەخەبەر دێنێتەوە. عەدنان كەریمیش یەكێكە لەو هونەرمەند و هاورێ نزیكانەم كە هەم شیعری من دەناسێت و هەم منیش سەودای دەنگ و هونەری ئەوم، بۆیە زۆرتریش رێ بەو دەدەم كە شیعرەكانم بكات بە گۆرانی.

**رامان: هەندێک لەشاعیرانی ئێستا پەیڕەوی بنیاتێكی چیرۆكئامێز دەكەن: بۆ ئەم بنیادە سوودیان لە هونەری چیرۆک وەرگرتووە یان وەک هونەرێكی سەربەخۆی شیعری كاری لەناو دەكەن؟**

**هیوا قادر:** حەز دەكەم سەرنجت بۆئەوە ڕابكێشم كەئینسان بۆخۆی لە شێوازی قسەكردنیدا، هەڵگری جۆرەها شێوازی گێڕانەوەیە كەدەكرێت ئەم حاڵە وەک هەڵگری یەكەم بونیادی چیرۆكئامێز لە زمانی ڕۆژانەدا لەلای ئینسان ببینین. دواتریش من پێموایە گێڕانەوەی چیرۆكئامێز لەشیعردا دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاكانی نووسینی ئەفسانە و داستانە مێژوویی و وێردە



دینییەكان، ئەم شێوازەش پێش هاتنەكایەی هونەری چیرۆک نووسین بوونی هەبووە، دیارە شیعریش تەنیا زادەی كاتی هەنووكەیی نووسین نییە، بەڵكو پردی نێوان ڕابردوو، داهاتووە. پێدەچێت لەكاتی درووستبوونی هونەری چیرۆک و جیابوونەوەی لەحەكایەت و سەرگورشتەكان، سودی لە شێواز و تەكنیكی شیعریی و ئەو وێردە دینیانە وەرگرتبێت كە بەسەرهاتی خوداكانیان گێڕاوەتەوە.
دیارە تەكنیكی چیرۆكئامێز لەشیعری كوردیدا زیاتر لەسەرەتاوە بەمەبەستی گەیشتن بەماناكان هاتۆتە كایەوە، واتە ئەو مانایەی كە لەناو مێژوو ئەفسانەكاندا كار دەكەن. من پێموایە زۆرینەی شیعری ئەو نەتەوانەی زۆر جەخت لە گێڕانەوە مێژووییەكان دەكەن بەزمانی شیعر، پێش پیشاندانی شانازییە مێژووییەكانی خۆیان، خاوەنی مێژوویەكی دووڵن: ئەمەش بۆ میللەتێكی وەک ئێمەش تاڕادەیەكی زۆر ڕاستە.
گەر لەشاعیرانی دوای ساڵەكانی هەشتاش بدوێین و بەدوای نهێنیەكانی بوونی تەكنیكی چیرۆكئامێز لەشیعردا بگەڕێین، دەكەوینە بەردەم كۆمەڵێ ئەگەر بۆ دۆزینەوەی مەغزای بەكارهێنانی ئەو تەكنیكە، دیارە زۆر لەشاعیران هەن تائێستاش بەهەمان شێوەی حەفتاكان ئەو تەكنیكی گێڕانەوە چیرۆكئامێزییە لەشیعردا بەكاردەهێنن. لای هەندێ لەشاعیرانی تر كەخاوەنی دەنگە جیاكانی شیعری كوردین چەندان شێوازی تەكنیكی چیرۆكئامێز دەبینین. قسە كردنیش لەئێستادا بەشێوەیەكی گشتی لەسەریان و خستنە نێو بۆتەیەكی كۆوە

نامانگەیەنێتە هیچ ڕاستیەک. ڕنگە بەشێکی هەرە زۆری زاڵبوونی گێڕانەوە و بەکارهێنانی تەکنیکی چیرۆک لەشیعری کوردیدا، بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە شیعری کوردی تاڕادەیەک خەنییە بەنقوم بوونی لەناو یادەوەریەکانیدا، یادەوەری لەئاستی جەبری ئەو تراژیدیایانەی کە هەمیشە دووبارەبوونەتەوە.

دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە تابێت سنووری ژانرە ئەدەبییەکان تەنگ دەبن و ئازادیی تێکەڵبوون و سودوەرگرتن لە یەکتر زیاتردەبێت. بۆنموونە گەر شیعر (دوودڵییەک بێت لەنێوان گەیشتن بەمانا، وە رۆمان هەڵکۆڵین وکارکردن بێت لەناو ماناکاندا)، ئەوە ئەمە رێگامان لێناگرێت کە قەسیدەیەک وەک رۆمانێک بخوێنینەوە، ئەمەش بەتێکەڵ کردن و قەرزکردنی تەکنیکەکانی نووسین و هونەرەکانی ترە لەیەکتری.

هەروەک چۆن دەبینین مۆسیقا فرێنێکی بەردەوامە لەناو فەنتازیاکانی شیعردا و گۆرانیش بەرزبوونەوەی دەنگ و مۆسیقایە بۆگەیشتن بەئاستە جیاوازەکانی شیعر. دەکرێت بەهەمان شێوە ئاستی چێژوەرگرتنمان لە فیلمێک نزیکمان بکاتەوە لە لەحزاتی شیعریی بەبێ ئەوەی شیعر وەک کایە لەو فیلمەدا بەکارهاتبێت.

بەڵام ئەوەی ئەم ژانرە ئەدەبی وهونەریانە لەیەک جیا دەکاتەوە، تەکنیکە سەربەخۆ و ئاداتە سەرەکییەکانیانە، چونکە هەریەک لەمانە بەئاراستەی تایبەتی خۆی کاردەکات. لێرەوە ڕاستە گەر بڵێین: هەموو نووسەر و هونەرمەندە داهێنەرەکان



شاعیرێک لەناویدا دەژی، بەڵام ئیتر هەریەکەیان بە ئاداتی تایبەتی خوی لە کایەی تایبەتی خویدا کاردەکات.

ناکرێت ئێمە تەنیا تەکنیکی چیرۆکئامێز لەشیعردا بگەڕێنینەوە بۆهونەری چیرۆک، هەروەک چۆن ناشکرێت تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆک بگەڕێنینەوە بۆ تەکنیکی شیعریی کەلەپێش هونەری چیرۆکدا لە شیعردا هەبوون، بەڵکە ئەم خەسڵەتە خەسڵەتی زمان خۆیەتی، ئەوە زمانە کە هەڵگری وزەیەکی شاراوەیە بۆ گێڕانەوە و گوزارشتکردن لە شتەکانی دەوروبەری. داهێنانە هیچ کات ماڵێکی پێشوەختی نییەجێیەکی بەرچاو و دەستنیشان کراوی نییە. تۆ بڕوانە هەموو ئەو قوتابخانە ڕەخنەیی و ئەدەبیانەی دنیا، کەهەموویان زادەی دروستبوونی دوای داهێنان بوون. هیچ نووسەرێکی جدیش پێش نووسین نایەت یەکێک لەو تێزە ئەدەبی وڕەخنەییانە هەڵبژێرێت و خۆی لەقاڵبی بیرکردنەوەیاندا قەتیس بکات، نووسەر هەقی بەسەر خانەبەندی و مەرجی تێزە ڕەخنەیی و ئەدەبیەکانەوە نییە، بەڵکو ئەوە ڕەخنەگرە دێت لەسەر دەقێک خوێندنەوەی خوی دەکات و بنیاتێک بو ئەو خوێندنەوانە دادەنێت. هەر بۆیەشە ناکرێت بەکارهێنانی تەکنیکی چیرۆک بۆ شیعر تەنیا بەدیدێکی لاسایی کردنەوە، یان قەرزکردنی لەهونەری چیرۆک تەماشا بکەین.

**رامان: نەوەی پێش ئێوە ئایا بوونەتە دیاردەیەک و داهێنانێکی تۆکمەیان پێشکەش کردبێت تا ئێوە وەک مەرجەع بگەڕێینەوە سەریان؟**

**هیوا قادر:** بەداخەوە نەخێر، لەو ئاستەی گەڕانەوەیەک بێت بۆ دیسانەوە خوێندنەوە، کەلەیەک کاتدا هەم جێگەی ئارامی و زیندووی داهێنان بێت و هەم زەخیرەیەکی ڕۆشنبیریش بێت، من ئاوا سەیری نەوەی پێش خۆم ناکەم: من بەدەگمەن بەرهەمێک لای نەوەی پێش خۆم دەدۆزمەوە کە دوای دووجار خوێندنەوەی بێزار نەبووبم لێی. بۆیە تەنیا مەرجەعێکی گەڕانەوەی من بۆ ئەدەبی کوردی زیاتر لەلای شاعیرانی کلاسیکە، کەپڕە لە مەغزا و کۆدی وا کەجێی دنیایەک یاری و گەڕان و ڕاڤەکردنە. ئەدەبی کوردی بەگشتی ئەدەبێکی بێ سیمبولە، ئێمە خاوەنی تۆلستۆی ودیستۆفیکی نین، ڕامبۆ و بۆدلێرمان نییە، ئیتالۆلیڤینۆ و هیرمانیهیسە و مارکیزمان نییە. بۆیە من ئەوەندەی خۆم بەقەرزاری کولتور و ئەدەبی دنیا دەزانم خۆم بەقەرزارباری نەوەی پێش خۆم نازانم، کەهەموویان چوونە ڕیزی شەهیدەکانی حیزبەوە. دیارە دەستکورتی و کەمی داهێنانیش لەئەدەبی کوردیدا، بۆتە دەستکورتی و غیابی داهێنان بۆ سەرەتاکانی دەست پێکردنی هەریەک لە ئێمەش، ئەمە مانای ئەوە نییە نەوەیەک لە نووسەران بنە بەدیلی نەوەیەکی تر، ئەم تێڕوانینە هەڵەیەکی کوشندەیە، هەڵەیەکە کە فەوزاکان دروست دەکات و سنووری



مێژی شەڕەجنێوەکان گەورەتر دەکات. نووسین کارێکی تا ئەو پەڕی فەردانییە، داهێنانی ئەدەبی دۆزینەوەی خەزێنەکانی قاروون نییە دابەش بکرێت بەسەر نەوەیەکدا و نەوەیەکی تری لێ بێبەری بکرێت، داهێنان تەنیا خەزێنەکانی نووسەر خۆیەتی وکەسی ترنا.

لەکاتێکدا لەوپەڕی سادەیی ژیاندا، نالی و مەحوی توانیویانە چەند تێکستێکی وائاڵۆزی پڕ لە دوودڵی جێ بێڵن، بەڵام نەوەکەی پێش خۆم لەوپەڕی ئاڵۆزیەکانی ژیاندا ڕازی بوون چەند تێکستێکی سادە بەجێ بێڵن، کە من بەپێویستی نازانم بچمەوە سەریان، نووسەرانی نەوەکانی پێش ئێمە جگە لەوەی هەندێکیان کاریان هەرکاری بەحیزبی کردنی ئەدەب بوو، ئەوانی تریش هەموو تواناکانی خۆیان ڕژاندە ناو ئەو جۆگەلەیەوە کەلەبەردەم حەوشەی ماڵی حیزبەوە دەڕۆیشت، لەڕاستیدا زۆر لەو نووسەرانە بوونە کۆمەڵی شەهید، لەگەڵ ئەوەی بوونە هۆی بەشەهیدکردنی خوێنەرەکانیشیان، ئائەم بە پیرۆزکردنە گەورەترین شکستی ئەدەبی کوردی لەپشتەوەبوو، کە ڕێی نەدا هیچ دەنگێکی جیاواز، دوور لەدەنگی کۆ بیربکاتەوە و پرسیارەکانی خۆی بکات. ئەو سیحرەی کە هەموو تواناکانی نووسەرانی بچوک کردەوە بۆ پەخشانێک و شیعرێکی هوتافی و چیرۆکێکی ڕاپۆرتئاسا، ئێمە ئەو هەموو قۆناغە خوێناویی و تراژیدیایانەمان لەپێش و پاشە، کوا وێنە ڕاستەقینەکانی ئینسانی کورد لەناو دەقە نووسراوەکاندا؟ ئائەمەیە غەرق بوون و کەوتنە نێو خەرەندی سیحری هێزی

تراژیدیاکانەوە، ئائەمەیە ئەدەبێک کەمیللەتێک لەسەر کلکەڕێی تراژیدیاکان بەبێ پرسیار جێدێڵێت و شانازی بەسەرکەوتنە بچکۆلەکانەوە دەکات. ئەدەبێک تفەنگ دەداتە دەست منداڵێکی کورد و بووکەشووشەی لێ دەستێنێتەوە. ئەمەش وای کردووە کە ئەدەبی کوردی ئەوەندەی خاوەنی ناوە گەورەکانبێت ئەوەندە خاوەنی دەقی گەورە نەبێت. ئێمە هەر لەگۆڕپانەکانی جەنگدا خوێنمان فیچقە ناکات، بەڵکو لەجەنگە نائەدەبیەکانیشماندا خوێنمان فیچقە دەکات و تیرۆر دەکرێن. من بۆخۆم تەنها قەرزارباری ئەو دەقە کەمانەی ناو ئەدەبی کوردیم، کە بە تەوازوعێکی ڕۆشنبیریانەی گەورەوە بیرم دەخاتەوە کە من کێم و خۆشم وەک نووسەر لە کوێی ئەو ڕیزەدا وەستاوم و دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەمەوە.

**ڕامان: خەون چۆن لەدەقی داهێنراو واتە شیعر و ڕۆمان بەکار دەبەیت؟ ئایا بۆ کاری داهێنان تاچەند سوودت لەخەون وەرگرتووە؟**

**هیوا قادر:** من پێم وایە بەبێ باسکردنی خەون، ئەستەمە بتوانین بەگشتی باس لەنهێنیەکانی نووسین بکەین. تەنانەت ئێمە ناتوانی واقیعیترین ئەدەبی نووسراو لەکردەی خەون بهێنینە دەرەوە. تائەو ڕادەی هیچ ئەدەب و هونەر وئیدێیەک ناتوانێت بەبێ ئامادەبوونێکی ڕێژەییانەی خەون و فەنتازیا بەرهەمێکی نووسراوی هونەریانە بخاتە ڕوو. خەون لەڕێگای



تەمەناکانی ئینسان و فەنتازیاکانییەوە دروست دەبێت، خەون و بە فەنتازیاکردنی دنیا تەنها هی هونەرمەندان و نووسەران نییە بەڵکە هی بەشێک لە فەیلەسوفەکانیشە.

من پێموایە خوێندنەوەی هەموو کتێبێک مومارەسەکردنی جۆرێک لە خەونبینینە: ژیانیش لە کتێبێک دەچێت کە هەریەک لە ئێمە بەشێوازێکی جیاواز دەینووسین ودەیخوێنینەوە. مرۆڤ جگە لەوەی بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، بونەوەرێکە توانای خەوبینین و فەنتازیاکانی خەونیشی هەیە. ڕێژەی هەرە زۆری بەفەنتازیاکردنی دنیاش لەلایان شاعیرانەوەیە، هەربۆیە هەمیشە بەجیا هەڵکەوتووی شاعیران لەواقیعی ڕۆژانەدا لەلایەن کەسانی ئاساییەوە جێی سەرنج و هێما بۆکردنە.

ئەو تایبەتمەندییەی کەخەونێکی ئاسایی لەخەونی دەقە ئەدەبییەکانی تر جیادەکاتەوە، ڕادەی دوور ڕۆیشتن و کەشف کردن وهەڵگرتنی هێزی چەند مەودایەتی لەزماندا. لێرەوە زمان لەپاڵ هێزە دەلالییەکانی تریدا دەبێتە هەڵگری وێنە خەونئامێزەکان و تۆمارکردنیان. چونکە بەبێ ئامادەبوونی زمان ئێمە ناتوانین بەشداری لەبینینی و گێڕانەوەی خەونەکانی یەکتریدا بکەین و خەونی تری لەسەر بنیات بنێین.

جیاوازی خەونی جەللادێک و شاعیرێک. جیاوازی کوشتنی پرسیار و بەرهەمهێنانی پرسیارە. جەلادێک خاوەنی وەڵامی کورت و کۆتاو بێ چەندو چوونە و وێنەیەکی کامڵ و تەواوی بۆ ژیان و دنیای هەیە، شاعیریش خاوەنی پرسیارە و هەمیشە

ناڕازییە بە وەڵامەکان و نایەوێت بگات بەوێنەیەکی سەرتاسەری بۆ ژیان ودنیا.
من پێموایە ئەوەی نووستن لەمردن جیادەکاتەوە خەوبینینە.
نووسینی ڕۆمان (ئاوێنە سەرابییەکان) لەلای من لەخەونێکەوە دەستی پێکرد: شەوێکیان لەخەونمدا لە ڕووبارێکدا بەدوو پارچە ئاوێنە هەرچی ماسی ڕووبارەکە بوو گرتمن، پارچە ئاوێنەکانم لەناو ئاوی ڕووبارەکەدا چەقاندوو هەموو ماسییەکان هاتنە ناو ئاوێنەکانی دەستمەوە. ئەم خەونە پاشان بووە سەرەتای دەست پێکردنی نووسینی ڕۆمانەکە و دواتر چنینی ڕووداوەکانی تر و دروست کردنی پاڵەوانەکان.
من خەون بەیەکێک لەڕگەزە سەرەتایی و گرنگەکان دەبینم بۆ تێکەڵکردنی لەگەڵ فەنتازیا و تەمەناکانم بۆ هەموو ئەو شتانەی لەدەرەوەی منن و بوونیان هەیە. دیارە شیعریش بۆ خۆی جۆرێکە لە خەوبینین یان دروست کردنی یۆتۆپیایەک بۆ هەوڵدان و گەیشتن بەو جێگایانەی کەکەس پێشتر پێی نەگەیشتووە. هەر بۆیەشە کاتێک کە ئێمە باسی لە شیعرێک دەکەین، وەک ئەوە وایە باس لە گێڕانەوەی خەونێک بکەین، بۆیە هەریەکەمان بە جۆرێک ئەو خەونە دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەی خەونیش هەرگیز وەک خودی خەونەکە نییە کە بینیومانە.



**ڕامان: ئایا شیعرییەت توانیویەتی خزمەتی زمانی ڕۆمانی (ئاوێنە سەرابییەکان)بکات، یان ئاوێنە سەرابییەکان توانیویەتی بنیادێکی چیرۆکئامێز بە شیعریەت ببەخشێ؟**

**هیوا قادر:** ڕۆمانی (ئاوێنە سەرابییەکان) بۆمن ئەزموونێکی متوازع ونوێ بوو، تائەو ڕادەیەی توانیم تواناکانی خۆم لەژانرێکی تردا جگە لەشعر تاقیبکەمەوە: لەو ئەزموونەدا زیاتر نهێنییەکانی زمانم ناسی، هەروەها بەراورد بە نووسینی شیعر هەستم بەلەزەتێکی درێژخایانتر کرد. تێگەیشتم کە نووسینی ڕۆمان شەڕێکی زۆر سەخت و توانایەکی زۆر بەحەوسەڵەی دەوێت. زیاد لەسێ جار سەرتاپای بەشەکانی ڕۆمانەکەم نوسییەوە و لەگەڵ هەر نووسینەوەیەکدا جگە لەبیرۆکەی ڕۆمانەکە دەستکاری هەموو شێوازی گێڕنەوە و تەکنیکی ڕۆمانەکەم کرد. تاگەیشتمە ئەو بڕیارەی فێڵێکی جەمالی لەتانوپۆی ڕۆمانەکەدا بکەم و دابەشیان بکەم بەسەر فەسڵەکاندا، کەهەر فەسڵەش بۆخۆی جۆرێک لەئازادی خۆی هەیە و هەمووشیان پێکەوە لەکۆتاییدا تەواوکەری یەکترین. دیارە زۆر هەوڵمدا ئەو زمانە شیعرییەی کە لە شیعرەکانمدا هەیە تێکیبشکێنم تا لەڕۆمانەکەدا دووبارە نەبێتەوە، بەڵام نەمدەتوانی لەهەموو ساتێکدا خۆمی لێ قوتاربکەم، زیاتر ئەوەش پێوەندی بەساتەکان و حاڵەتی نووسینی منەوە هەیە، کە تائێستاش من هەروەک دانیشتن بۆ نووسینی شیعرێک هەم شیعر و ڕۆمان وچیرۆک و بابەتی تر دەنووسم، کە

پێموایە ئەم شێوازە ڕەنگە زۆر بۆ ڕۆمان دەست نەدات، چونکە بونیادی ڕۆمان هەمیشە بەو هەڵچوونە کتوپڕ و دڵتەنگییە دڵشکاوییەی شیعرەوە نانووسرێت و گرێچنی ڕووداوەکان لەسەروەستان و بیرکردنەوەی وردتری دەوێت. بەڵام ئیدی هەروا نووسیم و خۆم تەسلیمی ئەو ئەزموونە نوێیە کرد تابزانم تواناکانی من تاچ ئاستێک دەڕوات. دیارە شیعرییەت لەڕۆمانەکەدا تاڕادەیەک زاڵە و فەنتازیاکانیش زیاتر شیعرین، شێوازە سەردییەکەی ڕۆمانەکەش زیاتر سەردییەتی شیعرییە، بۆیە هەر لە بورجی یەکەمی ڕۆمانەکەوە هەست بەو حاڵەتە دەکرێت.

سەرجەم ڕۆمانەکە هەوڵدانێکی منە بۆ خۆڕزگارکردن لەباری قورسی ئەو یادەوەرییە شەخسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسیانەی کە هەمیشە وەک هەورێکی ڕەش تاریکیان دەکردم.

من پێش ئەم ڕۆمانە سەردییەتی شیعریی لەشیعرەکانمدا هەیە، بۆیە دەکرێت پاشخانی ئەو سەردییەتە زیاتر هی شێوازی شیعری خۆم بێت، بەلام شیعر و ڕۆمان جیاوازی بونیادیان زۆرە ئەگەرچی لەزۆر کاتیشدا تێکەڵیەک لەنێوانیاندا هەیە، ئەو ئازادییەی لەفەزای شیعریدا هەیە زۆر جیاوازترە لە ئاسۆی ئەو ئازادییە کراوانەی کە ڕۆمان تێیدا دەژی، لەنزمترین ئاستدا شیعر خۆی بەمانا نافرۆشێت، بەڵام ڕۆمان هەمیشە لەناو ماناکاندا کاردەکات و کاری هەڵکۆڵینی ماناکانە. نووسینی (ئاوێنە سەرابییەکان) بۆمن گەڕانەوەیەکی هەم ئازاربەخش و هەم خۆشی هێنەر بوو بۆنیشتمان، سەفەرێک بوو بەناو لۆچە



لەبیرکراو و تاریکەکانی یادەوەریدا، گەڕانەوەیەک بوو بۆ منداڵی، لێپێچنەوەیەکی دڵڕەقانەی چەند قۆناغێکی مێژوویش بوو. ڕەنگە ئێستا بۆ خۆم زۆر هەست بە نشوستییەکانی بونیادی ڕۆمانەکە و تەکنیکی گێڕنەوەکەی بکەم، بەلام ئیدی وەک وتم ئەزموونێکی جوان بوو بۆ من، هیچ نەبێت نووسینی ئەو ڕۆمانە فێری کردم کەلە مەودووا چۆن ڕۆمان بخوێنمەوە، هەروەها بووە یەکەم هەنگاویش بۆ من کە بتوانم چۆن لەمەودوا بیر لەنووسینی ڕۆمانی تر بکەمەوە.

**ڕامان: پڕوپاگەندە بۆ ئەوە دەکرێت شیعر برەو و کاریگەریی نەماوە و ڕووی لە کوژاندنەوەیە، کاتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕۆمان و فیلمی سینەماییە. ئەگەر وایە شیعر برەو و کاریگەریی نەماوە کەوایە شاعیرانی کورد بۆ لە شیعر پاشەکشە ناکەن و ئاراستەی کارکردنیان بەلایەکی تردا نابەن؟ گەرواشنییە بەرپەرچتان بۆئەم پڕوپاگەندەیە چییە؟**

**هیوا قادر:** کاتێ ئێمە دەتوانین ڕێ بەخۆمان بدەین و ئەو داوایە لەشاعیران بکەین کەئیتر شیعر توانای کەشفکردنی خۆی لەدەستدابێت و ڕەگەزێکی لەکەڵک کەوتووی تێڕامان و بیرکردنەوەی ئینسان بێت. ئەم داوایە دەکرێت ئێمە لە دکتۆرێکی بکەین و بڵێین ئامێری ئەشیعەگرتنە تەقلیدییەکەت فڕێ بدە و تازەترین ئامێری ئەشیعە بەکاربێنە تازووتر بگەیت بەکەشفی نەخۆشیەکان، بەڵام ناکرێت وا بە شاعیرێک بڵێین.

ئێمە دەکرێت ئاراستەی پرسیارەکە وا بگۆڕین وبڵێین، بۆچی ئێمە تائێستا هەموو قورسایی ڕۆشنبیریی خۆمان لەسەر گرەوی بەرهەمهێنانی شیعری داناوە؟ لە ڕاستیدا زۆریی شیعر نووسین و کەم خوێندنەوەی شیعر سەرکەوتوو، لەگوناهی شیعرەوە نییە، بەڵکو ئەوە خەتای کەم بینی شاعیرەکانە. زۆری نووسینی شیعریش لەکۆمەڵگەی کوردیدا، هۆی سەرەکی داخراوی کۆمەڵگەی کوردییە بەسەر خۆیدا و هەروەها زۆری تابۆ و چەپاندن و سانسۆرەکانی ناو سیستەمی بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵگەی کوردییە.

لای من نەمانی کاریگەری شیعر واتا دۆڕاندنی بەشێکی گەورەی بەها ڕۆحیەکانی مرۆڤ، هەروەها هێندەی تر ئاشکرابوونی ڕووە دزێو وشکەڵاتووەکەی ژیان، چونکە پێموایە ئەوە شیعرە ژیان جوان دەکات نەک ژیان خۆی جوان بێت.

من پێموایە تائێستا شیعر توانای مانەوەی خۆی لەدەست نەداوە؟ دیارە سیحر و فێڵی شعر تەنیا هەر شاعیران لەپشتییەوە نەوەستاون، بەڵکو پێخەمبەران وخواوەندەکانیش بەزمانی شیعر دواون و دەقەکانی خۆیانیان پێنووسیوەتەوە، دواتریش شیعر لەسەرەتاوە تا ئێستا بەشداری لە پێکهێنان و دروست بوونی هەموو ڕگەزە ئەدەبییەکانی تردا کردووە، وەک بەوەی (هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تر لەماڵی شیعردا گەورەبووبن).



دەمێکە لەخۆرئاوادا باس لەوەدەکرێت کەبوارە هونەری و ئەدەبییەکان و هەموو بەشەکانییەوە کراونەتە لقێکی بەبەهاکراوی بازاڕ، دیارە بەشێکی زۆری هونەری سینەما و شێوەکاری و ڕۆمان لەپلە نرخدارەکانی ئەو بازاڕەدان و شیعریش لەپلە نزمەکانی فرۆشی ئەو بازاڕەدان. ئەمەش پێوەندی بەشێوە سیستەمی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایانەوە هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە شیعر کاریگەریی خۆی تا سەرئێسقان لەئەوروپا لەدەستدابێت.

خانمێکی وەک(گودرۆن شیما) سکرتێری حیزبی چەپی سویدی لەهەڤپەیڤێکدا وتی: من پێش نووسینی هەر وتارێکی سیایی چەند شیعرێکی جوان دەخوێنمەوە ئەو کات دەنووسم. ئایا لەپشیتی ئەم وتەیەوە کەڕۆشنبیرێک و سیاسەتمەدارێکی ئەوروپی لە پشتەوەیە، قورسایی ڕاستەقینەی شیعر لەئەوروپادا هەستپێناکەیت، هەڵبەت وتەی وا هەرگیز لەدەمی سیاسەتمەدارێکی کوردەوە نابیستیت کە لە مەوقیعی ئەو پڕوپاگەندەیەشدا دەژی کەپێی وایە شیعر برەوی نەماوە. تائێستا لای ئێمە خوێندنەوە نەبۆتە کولتورێکی گشتی کۆمەڵگا، کەچی باس لەمردنی شیعر و ڕۆمان دەکەین!

بەراوردکردنی ئەم خاڵەش بەدنیای خۆمان و خۆرئاوا لەوەوەیە کە تائێستا لە دنیای ئێمەدا ئەو کاریگەرییەی کە شیعرێک دەتوانێت بیبینێت کایەیەکی هونەریی تر ڕەنگە نەتوانێت، لەبەر نەبوونی و هەژاری بوارەکانی ئەدەبی و هونەری کە سەدان ساڵە شیعر بۆتە تاکە ڕێگەی نووسینەوەی مێژوو، هەروەها

تائێستاش شیعر تەنیا مەنفەزێکی بێوەیە بۆ دەربڕینی هەموو هەستێک کەدەتوانێ بەئاسانی لەباجە کۆمەڵایەتیەکان قوتاربێت. بەلام تەعریفی ئێمە بۆ شیعر چییە؟ لێرەوە ئیدی ئێمە دەتوانین قسە لەسەر مەرجەکانی خۆمان بۆ شیعر و ئەدەب بکەین؟

بۆنموونە گەشەکردنی چنگ لەسەرشانیی سینەما لەئێستادا ئەوەندە پێوەندی بەدۆزینەوەی تەکنیکی نوێ داهێنا و پیشاندانی خەون و لایەنە ئینسانیەکانەوە هەیە، سەد ئەوەندەش پێوەندیی بەخێرایی تێپەڕبوونی زەمەن و سیستەمی ژیانی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە هەیە بۆئەوەی زۆر ترین لەزەت و بیرکردنەوە و تێرمانت بەهۆی فیلمەکەوە بەکەمترین کات پێببەخشێ، نەک خوێندنەوەی ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی لەم ئەزمەی بێکاتییەدا. ئەوەشمان لەبیرنەچێت کەئێستا سینەما بازاڕێکی فرە دەوڵەمەندە کە بەراورد بەزۆر بازاڕی تر لەماوەیەکی کەمدا زۆرترین دەسکەوتی ئابووری بەدەست دەهێنێت، هەروەها کتێبیش بەهەموو جیاوازی کایەکانییەوە یەکێکە لەبازاڕە گەورەکانی ئەوروپا. لەکاتێکدا وەک وتم لای ئێمە تائێستا خوێندنەوە نەبۆتە کولتورێکی گشتی ناو کۆمەڵگا، تەنانەت ئەو گروپ و لایەنانەش کە دەخوێننەوە زۆریان خاوەنی خەونی ئەدەبی وسیاسین نەک تەنها خوێنەرێکی ئاسایی.



**ڕامان: پێوەندی نێوان شاعیر و جەماوەری دەستەبژێر یان شیعر و جەماوەری دەستەبژێر لەچیدایە؟ ئایا شیعر خەون بەچ پەیوەندییەکەوە دەبینێت، یان ڕەوایە شیعر لەپێوەندی نێوان شاعیر و جەماوەر دابڕێت، وەک بەهایەکی جوان تەماشا بکرێت؟**

**هیوا قادر:** لەبەردەم داهێنانی شیعریدا حاڵە تێک نییە ناوی دابڕان بێت لەخوێنەر، بەڵکو ئێمە ئاستە جیاکانی خوێندنەوەمان لای خوێنەر هەیە. ئەو ڕستانەش کەچەندان ساڵ دەماوەم و بەشێوەیەکی وەرسکەر دوپات کراونەتەوە وەک(شیعری جەماوەر هونەر بۆ هونەر)، ڕستەیەکی ئایدۆلۆژیی و حیزبی بووە نەک ڕستەیەکی مەعریفی، کە دەیویست ئەدەب و شیعر بەتایبەتی بخاتە ناو کلێشەیەکی ئاسان و هوتافاتی بێ خوێنەوە. بەتایبەتیش شیعر تەعریفی گەیاندی پەیامێکی پێدرابوو تالەو ڕێگایەوە هۆشیاری ئایدۆلۆژیاکان و شیعاراتی حیزبەکان لەڕێێ نووسەرە حیزبی و بی خەیاڵەکانەوە بگەیەنێت بە خوێنەرانێکی بێ پرسیار و ڕازی. دیارە ئەو ئەدەبەش تەمەنی هێندەی تەمەنی بەیانێکی حیزبی بڕی دەکرد ونەدەکرد. من پێم وایە ئەدەب کاری گەیاندی پەیام نییە، ئەوەندەی کاری چاندنی دوودڵی وگومان و بەدرۆخستنەوەی یەقینەکانە.

دەبێت ئەوە بزانین کەهەمیشە داهێنانە خوێنەر دروست دەکات، نەک خوێنەر داهێنان دروست بکات، گەر خوێنەر مەرجی

شێوەی نووسین دابڕێژن، ئەوا شتێک نامێنێتەوە ناوی کەشف کردنی نوێ بێت لەئەدەبدا. چونکە لەکاتی پرۆسەی داهێناندا ئێمە لەبەردەم خوێنەرێکی وەهمی داین، نەک خوێنەرێکی پێشوەخت ناسراو، ئەوەی بۆ خوێنەرێکی پێشوەخت و ئامادە و ناسراو دەنووسێت جگە لەکاری کلێشەکاری شتێک بەرهەمناهێنێت ناوی ئەدەبێکی زیندووبێت. نووسەری ڕاستەقینە ئەستەمە لەدوای بەرهەمهێنانی هەر دەقێکەوە تووشی دوودڵی نەبێت لەبەردەم خوێنەرانێکدا کەناتوانێت سنوورەکانی دیاری بکات. ئەمەش پێچەوانەی ئەو نووسەرە وەعزدەر و ئایدۆلۆژیست و حیزبیانەیە کەهەم سنوور و هەم ئاستی هۆشیاری خوێنەرەکانیان دەزانن. بۆیە ئاساییە گەربیبنین خوێنەری ئەو جۆرە نووسەرانە ژمارەیان زیاترن لەخوێنەری ئەو نووسەرانەی کە باوەڕی بەهێزی ڕۆشبیری و خوێندنەوەی وردی خوێنەران هەیە. چونکە لەئاستی یەکەمدا سنووری تێگەیشتنی خوێنەرەکان تاڕادەیەکی زۆر ئاشکرایە و لەدووهەمدا خوێنەرەکان وەهمین تاکاتی قسەکردنی خوێنەران لەسەر بەرهەمەکە. لەیەکەمدا خوێنەر خاوەنی پرسیار نییە و پێش دەق دەکەوێت و لە دووهەمدا دەق پێش خوێنەر دەکەوێت و پرسیار ئامادەگی هەیە. نووسین وەک داهێنان و خلّق کردنی دنیایەکی نوێوایە کە تەنها خوێنەرە زیرەکەکان دەتوانن بیدۆزنەوە، هەروەک دۆزینەوەی ئەمریکا لەلایەن ڤیکنەکان و دواتر دۆزینەوەی یەکجارەکی بەدەستی کۆلۆمبس.



وەک ئیتالۆ کاڤیۆنۆ دەڵێت: (ئەدەب تەنیا ئەو کاتە زیندووە کەئێمە ئامانجێکی پێشوەخت لەبەردەم خۆماندا دانەنێین کەشایستەی پێوانە کردن بێت و هیوایەک لەپشتییەوە ئامادەبێت، ئەدەب هەرگیز لەسەردابین کردنی ئەرکی خۆی بەردەوام نابێت، ئەگەر شاعیران و نووسەران ئەو ئەرکانە لەئەستۆنەگرن کە کەس جورئەتی پێگەیشتن و تێڕوانینی نییە لێیان).

دیارە هەموو نووسەرانی دنیا حەزدەکەن ڕێژەی خوێنەرەکانیان ڕوو لەزیادبوون بکات، بەڵام ئەم ڕێژەیەش لەسەر دنیا بینی نووسەر و هۆشیاریی و ئاستی خوێنەر دەوەستێتەوە. هەرگیزیش زۆرینەی ژمارەی خوێنەر نابێتە مەرجی زیندوویی دەقی داهێنراو، بەڵکو ئەوە هێزی مانەوەی دەقە کەژیان تێیدا جارییە و زەمەنەکان و سنوورەکان دەبڕێت. زۆرجار هەڵدەکەوێت داهێنانێکی ئەدەبی لەسنووری جوگرافیای وڵاتێکدا هێندە خاوەنی خوێنەر نەبێت، بەڵام کەوەردەگەرێتە سەرزمانی تر خوێنەرانێکی بێ شوومار بیخوێننەوە.

من بۆ خۆم هەرگیز وێنەی خوێنەرێکی نەگۆڕم لەلا نییە تابمخوێنێتەوە، بەڵکو من ئەو خوێنەرەی ناوەوەی خۆم پێش هەر وێنەیەکی وەهمی تر لەخوێنەر لەبەردەمدایە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی چێژ و تێگەیشتنی دەگۆڕێن و تەماحەکانی ڕوولەزیاد بوونن، هەر ئەو خوێنەرەی ناوخودی خۆشمە ڕێم نادات نووسینێک بنووسم کەنایەوێت بیخوێنێتەوە.

من ئێستا هەست بەبوونی ئیلیتێک لە خوێنەران دەکەم کەبە هەموو بەرهەمێک ڕازی نییە  چونکە ئەم خوێنەرە زەوق و سەلیقەی خۆی دەوڵەمەندکردووە، بۆیە بە هەموو بەرهەمێک ڕازی نابێت. خوێنەری ئێستا چیتر ئەو مێگەلە نییە کە ساڵانێکی زۆر حیزب لەپێشییەوە دەڕۆیشت و ئەوانیش لارەمل دوای کەوتبوون. قۆناغی ئەدەبی و فیکری ئێستاش وەک قوناغەکانی پیشوو نییە کەتەنیا هێزی ئەوەی تێدابوو بەجێ پێکانی حیزب وئایدۆلۆژیادا بڕوات و خۆی هیچی نەبێت بۆ ووتن.

دەبێت ئەوەش بزانین کاتێک داهێنان کاریگەریی خۆی لەسەر ڕادەی چێژوەرگرتن و بەرزکردنەوەی پرسیارەکانی خوێنەر دادەنێت، ئیتر ئەو خوێنەرە بەهەموو بەرهەمێک ڕازی نابێت.

**ڕامان: کاتێکی دیاریکراوت بۆ نووسین هەیە، یان ئیلهام کاریگەری وای هەیە بەسەرکاتی تەرخانکراوی نووسەر زاڵبێت و جێ گۆڕکێ بەنووسەر بکات. کاتی پەیدابوونی کتوپڕی خۆی بسەپێنێ و ئیلهام کاتی نووسین دەستنیشان بکات.**

**هیوا قادر:** بەو مانا باوەی کە تائێستا لەلای ئێمە تەعریفی "ئیلهام" دەکرێت، نا، چونکە من پێموایە ئیلهام تەنیا هی ئەو شاعیرانەیە کە میوانن لەناو شیعردا و جارجارێک سەرێک دەهاوێژنە ناو دنیای شیعر و دواتر دەبنەوە بەکەسێکی ئاسایی وەک هەرکەسێکی تر، بەڵام شاعیری ڕاستەقینە کە



هەمیشە لەنێو دنیای شیعریدا بژی شتێک نییە ناوی ئیلهام بێت. بەڵام دەکرێت قسە لەسەر چۆنێتی ئەو پرۆسە ئاڵۆز و لەیەک نەچووانەی ساتەکانی نووسین بکەین نەک ئیلهام.

ئەوەی بۆ من پێویستە بۆ کاتی نووسین تەنیایی و پیاسشەکردن وئیستقرارێکی ڕۆحییە لەدەرەوەی ئاژاوە و کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەوە. تەنیایی و مۆسقا و بێدەنگی، ئەوسێ ڕەگەزە گرنگەن کەبێ ئەوان کەم جار دەتوانم بنووسم و بخوێنمەوە. دیارە کاتی بەجیا هەڵکەوتووش هەیە کەنووسین پەلامارم دەدات و منیش خۆم دەدەد بەدەستەوە. بەگشتی نووسین بۆ من ڕاکردنە لەتەنیایی و داگیرکردنی دنیایە. کەشف کردنی ئەو نهێنیانەیە کەڕایەڵێک بۆ گەیشتن بە مەحاڵی نەبینین دروست دەکەن.

خەونی گەورەم  ئەوەیە کەبتوانم وەک نووسەر بژیم و بارقورسی ژیان سەرقاڵم نەکات، تابتوانم ڕۆژانە ساعاتی نووسینی خۆم دیاری بکەم و تەنهابم، بەڵام دیارە ئەمە لە ئێستادا بۆ ژیانی من لەئەوروپادا تەنیا خەونێکی جوانە و بەس.

**ڕامان: (نووکلووە بەفر) و (سەفەرنامە) دوو کتێبی چاپکراوی ئەمساڵی تۆن، یەکەمیان وەک چیرۆکی منداڵان و دووەمیشیان شێوازێک لەگێڕنەوەی یادەوەری، دەکرێت کەمێک لەسەر ئەو دوو کتێبە نوێیەت بدوێیت؟**

**هیوا قادر:** چیرۆکی (دوو کلووە بەفر)، چیرۆکێکی منداڵانە کە لەدووتۆتێ دوو کتێبدا چاپکراوە، یەکەمیان وەرگێڕدرایە سەرزمانی سویدی، لەلایەن (دانا ڕەوف و بێل کۆرنهێل)وە، دوهەمیشیان بەزاراوەی سۆرانی بوو. تابلۆکانی کتێبەکەش لەلایەن هونەرمەند (ڕێبوار سەعید)ەوە کێشرابوون. دیارە ئەم ئەزموونە بۆ من زۆر نوێ بوو. ئەوەی جورئەتی نووسینی ئەم چیرۆکەشی خستەبەرم منالەکانم بوون. من بۆ خۆم ڕاهاتووم شەوانە بە شێوەیەکی ئیرتجالی چیرۆک بۆ منداڵەکانم بگێڕمەوە، هەڵبەتە هەموو شەوێک بەپێی فەنتازیاکانی خۆم و سیمای خەواڵوو یان چاوی زرت و زیندو و پرسیار تێزاوی منالەکانم چیرۆکەکانم دەگێڕایەوە: لە سیمایاندا هێمنی و لەخەوتنیاندا ئارامییەکی خۆشی هێنەرم دەبینی، بۆیە لەیەکێک لەو شەوانەدا هەستم کرد نووسینەوەی ئەو چیرۆکانە ڕەنگە خراپ نەبن، چەند جارێک هەر دوای خەوتنی ئەوان یەک دوو چیرۆکم لەو چیرۆکانە نووسییەوە. هەستم دەکرد کارکردن لەو چیرۆکانەدا بەدژی ئەو ستیلە وەعزدەر و باوکسالارییەی چیرۆکی منداڵانی کوردییەوەیە، بۆیە پیموابوو نووسینەیان و خستنەبەردەمی منداڵانی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا ڕەنگە کارێکی خراپ نەبێت.

ئەو چیرۆکەی کەهەڵمبژارد چاپیبکەم (چیرۆکی دوو کلووە بەفر) بوو، باگراوندی کارکردنم لەسەر ئەم چیرۆکەش دەگەڕێتەوە بۆ خاڵێکی هەرە دژوار و گرنگ، کە ئەویش کێشەی سەفەر و مەنفایە لەژیانی منداڵانی کوردا. کە دەیان



پرسیاری سەیر و عەجیب لەلای منداڵان سەبارەت بەم جێ گۆڕینە لەکوردستانەوە بۆ ئەوروپا دروست دەبێ، هەروەها تەنیایی ژیانی ئێرە و دووریان لە یارییە پڕجۆش و خرۆش و قەرەباڵغەکانی کوچە و کۆڵانەکان، مەجبوریی بیرکردنەوەیان بەزمانی یەکێک لەوڵاتانی ئەوروپا و چەندان کێشەی تر کەدەرروونی منداڵانی کورد لەسەرەتاوە زۆر ناڕەحەت دەکەن، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بیروڕا باوانەیە کە دەڵێت ئەوروپا بەهەشتی ڕاستەقینەی منداڵانی کوردە.

دوای نووسینەوەی یەکجارەکی چیرۆکەکە بۆ چەندین منداڵی کوردم خوێندەوە، زۆریان پێیان باش بوو، دوای وەرگێڕانیشی بۆ سویدی بۆ قوتابیانی چەند قوتابخانەیەکی سویدی خوێندرایەوە و جێی ڕەزامەندی هەموویان بوو. بەتایبەتیش وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کتێبەکەش زۆر چوون یەک لەگەڵ فەنتازیای چیرۆکەکەدا هاتبۆوە.

بەکورتی چیرۆکەکەش باس لە دووکلووە بەفر دەکات کە بەڕێکەوت ئێوارەیەک لەتەنیشتی یەکەوە لە ئاسمانەوە دەبارێنە سەر زەوی، یەکێک لەکلووە بەفرەکان خەمبارە و ئەوی تریشیان شاد. کلووە شادمانەکە پرسیار لە کلووە خەمبارەکە دەکات کە بۆچی واکزو خەمبارە و ئەوی تریشیان دەڵێت کەبیری کوردستان دەکات. لەوێدا لەسەر داوای کلووە بەفرە شادمانەکە کلووە بەفرە خەمبارەکە چیرۆکی بوون بە بەفری خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، دوای گێڕانەوە چیرۆکەکە، کلووە شادمانەکەش بەهەمان شێوە چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی

بۆ دەگێڕتەوە تا ئەو کاتەی بووە بە بەفر، لێرەوە گفتوگۆی ئەم دوو کلووە بەفرە لەسەرجەم گێڕانەوە و ماناکانیاندا، بەریەکەوتنی دوو کولتوور پیشان دەدات سەرباری قبوڵ کردنی یەکتری. دیارە فەنتازیای چیرۆکەکە، زیاتر نزیکە لە فەنتازیای ئەدەبی منداڵانی ئەوروپاوە. بەگشتی پێشوازییەکی چاوەڕوان نەکراو لەم چیروکە کرا کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پێج سەد دانە لەو کتێبە لەلایەن کتێبخانەی مەرکەزی سوید و قوتابخانەکانەوە کڕدرا. ئەم ئەزموونی نووسینەش بۆ من جێی خۆشحاڵی بوو.

کتێبی دووەم (سەفەرنامە)، شێوازێکی نووسینە لەجۆری دژە ڕۆمان (لاروایە)، کە لەئەدەبی ئێمەدا تا ڕادەیەک بزرە، بەتایبەتی لەسەر سەفەر، ئێمە لەوەتەی هەین لەسەفەرداین و کەچی هیچمان نییە بۆ وتن لەسەر سەفەرەکانمان، سەرتاپای کۆمەڵگەیەک سەفەردەکات، کەچی چیرۆکەکانی سەفەری خۆی ناگێڕێتەوە. لەسەفەرنامەدا باس لەسەفەری ساڵی (2000)دەکەم کە گەڕامەوە بۆ کوردستان، لەگەڵ گێڕانەوەی ڕۆژانی ڕاپەڕین و ئاوارەبوون، چیرۆکی سەفەرە قاچاخەکانی ژیانی خۆم و هەموو ئەوانەی کە وەک من لەم نیشتمانەدا ژیاون. هەروەها بەدیکۆمێنت کردنی ئەو ڕاستیانەی کە هەرگیز ڕۆژنامەنووسی کورد بەلایاندا ناچێت. دیارە ئەم کتێبە لە ستۆکۆڵم چاپم کردووە بۆ نزیکەی ساڵێک دەبێت ناردوومەتەوە بۆ کوردستان بۆ چاپکردنەوەی، بەڵام هەست دەکەم ترسێک لە پشتی چاپ نەکردنی کتێبەکەوەیە، بە تۆمەتی



ئەوەی ڕاستییەکان وەک خۆیان تۆمار کراون و من بەناوی خۆمەوە شتەکان دەگێڕمەوە. بەڕاستی ئەستەمە تۆ لەوڵاتێکدا بژیت کەچی ڕێتپێنەدرێت ڕاستگۆیانە قسە لە سەر خۆت و کۆمەڵگەکەت بکەیت. ڕێت پێنەدرێت ڕاست گۆیانە و بێ شەرمکردن باس لەجوانی و ناشیرینی قۆناغەکانی ژیانی خۆت و هەموو ئەو کەسانەی تر بکەیت کە وەکو تۆ لەم وڵاتەدا ژیاون و دەژین. هەڵبەتە من ئامادەی باج وەرگرتنی ڕاستگۆییی خۆمم هەیە، چونکە پێم وایە ڕاستگۆیی بەشێکە لەئەرکە گرنگەکانی ئەدەب، هیچ گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری بەبێ باج ئەستەمە تێپەڕێت. بەهەرحاڵێ مادام (سەفەرنامە) تائێستا لە کوردستان چاپ نەکراوە، من قسەکانم هەڵدەگرم بۆ ئەو کاتەی کە کتێبەکە چاپدەکرێت و خوێنەران دەیخوێننەوە. بەگشتی ئەم کتێبە شێوازێکە لە تێکەڵ کردنی ژانرە ئەدەبییەکانی چیرۆک و شیعر و ڕۆمان و ڕاڤەکردن و بەدیکۆمێنت کردن، لەناو چوارچێوەی سەردێکی دژە ڕۆماندا کە سەرجەم کتێبی (سەفەرنامە)ی لێ پێکدێت.

گۆڤاری ڕامان/ ژمارە 71 ساڵی 2002



**تراژیدیای کورد تەنها لەوەدانییە کە دەکوژرێت، بەڵکە تراژیدیای کورد لەوەدایە کە ئەم کوشتنە بە قەدەری خۆی دەزانیت و ناتوانیت باس لە کوشتنی خۆی بکات.**

ئامادەکردنی: حەمە کاکەڕەش
070105

حەمە کاکەڕەش: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووینەدایە و هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی ئاوابکرێت

**هەم لەلایان وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش.**

**هیوا قادر:** هەڵەیەکی گەورە دەکەین کە پرۆژەی قەتلوعامکردنی بەئەنقەستی ئەنفال تەنها بگەڕێنینەوە بۆ دەقی دینی و هەروەها بۆ ئەو کلتورە توندووتیژەی کە لەناو مێژووی ئیسلامدا هەیە. ئەگەر ئەمە بکەین بەتەنها هۆکار ئەوا ناتوانین ڕەهەندەکانی تری پشتی ئەم قەتلوعامکردنە بخوێنینەوە و تێبیگەین.

ئێمە نمونەیەکی هاوچەشنی ئەنفالمان هەیە کە ئەویش قەتلوعامکردنی جولەکەکانە، کە لە ناو جەرگەی ئەوراپادا لەنێوان ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانی بەدەستی نازیەکانی ئەڵمانیا ڕوویدا، ئۆباڵی ئەم تراژیدیایەش ناتوانیت بەتەنها بخەیتە سەر بیروباوەری ئاینی مەسیحی بەرامبەر بە جولەکە.

ئەم دوو تراژیدیایە بەدەر لە جیاوازی مێژووی ڕوودان و شوێن و هۆکارە دینی و سیاسییەکان، هەردووکیان قەتلوعامکردنێکی بە ئەنقەستی پڕ لە خوێندنەوەی بیانووداری دینی و سیاسی بوون، هەروەها مێژووی ڕوودانیشیان وەک کات و شوێنی ئەم دوو قەتلوعامە کارئاسانییەکی تربوون بۆ ئەوەی ئەم کارە بە دزییەوە یان بە ئاشکرا بکرێت و کەسیش لە کاتی خۆیدا نەتوانێت کارێکی هێندە گرنگبکات بۆ بەرگرتن لەو شاڵاوی لەناوبردنە.



ئەمە نەخشەی گشتی ئەم دوو قەتلوعامکردنەیە، کە یەکێکیان لەناو جەرگەی ئەوروپادا ڕوودەدات و ئەویتریشیان لە ئاسیا و لە کوردستاندا ڕوودەدات. هەردووکیشیان لەسات و کاتی دوو جەنگی خوێناویدا ڕوویاندا، (جیاواز لەو جەنگە هەمیشەییەی کوردیش کە بەرامبەر ڕژێمی بەعسی عێراقی دەیکرد کە بە درێژایی دەیان ساڵی پڕ لە بەرزی و نزمی بەردەوامبوو). دیارە لە زۆر ڕووەوە ئەم دوو قەتلوعامکردنە جیاوازیان هەیە و هەندێک جاریش زۆر بەراوردکردنیان دەمانخەنە ناو هەڵەی کلتورییەوە، بەڵام ئەمە وەک نەخشەیەکی گشتی دوو قەتلوعامکردنی سیاسی نەخشەبۆکێشراون، کە زۆرینەی فاکتەرە مێژووییەکانی ڕابردووش یاریدەدەربوون بۆ هەوڵدانی لەناوبردنی ئەم دوو گەلە و هەروەها ئەو بیانووانەش بۆ لەناوبردنیان کار ئاسانیان لە درووستکردنی ئەو کوێرییەدا هەیە کە کەسی کوژەر بەهەموو ئاستەکانی سیاسی و دینی و ڕۆشنبیرییەوە وەک یەک ئەم کارەیان بە ئەنجام گەیاندووە.

ئەوسا دوای بینینی ئەم نەخشە گشتییە کە دواتر من لە درێژەی پرسیارەکانی تردا ڕەنگە وورتر لەسەر وردەکارییەکانی تر قسەبکەم، ئێمە دەتوانین بێینە سەر وەڵامی بڕگەی تایبەتی پرسیارەکەت کە بێدەنگی بەرامبەر ئەم تراژیدیایە هۆی ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە لە قەبارەیەکی سیاسی وڵاتێکی بە ناو عەرەبی عێراقیدا روویداوە؟ وە ئەم وڵاتەش

نەخشە سیاسییەکەی لەناو وڵاتانی عەرەبی ئیسلامیدایەوە، هەروەها کەوتۆتە کیشوەری ئاسیاشەوە.

کە ئێمە ئەم نەخشەیە دەخەینە پێش چاو دەبێت ئاستی سیاسی و کلتووری و باری ئازادی لەم پارچەیەدا ببینین، هەروەها دەبێت هۆکارە سیاسییەکانی پشتی ئەنفالیش ببینین کە چەند قەناعەتپێکەرە لە ناوچەکەدا، سەرباری هەموو ئەمانەش ئاستی ئازادی و چوونە دەرەوەی هەواڵەکان وەک خۆیان بۆ دنیا لەم ناوچەیەشدا ببینین کە چۆن بووە. لە کۆتایشدا توانای خوێندنەوەی ئەوەمان هەبێت کە لەکاتی ڕوودانی ئەنفالدا سیاسەتی جیهانی بەتایبەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق چۆن بووە، هەروەها چۆن دەیانویست ئەم حوکومەتە دیکتاتۆرییەی عێراق بپارێزن بۆ ئەوەی هێزێکی هەمیشە ترسێنەر لەبەرامبەر هروژمی فەندەمەنتالیستی ئێرانیدا لە ناوچەکەدا هەبێت. ئەمانە هەموو فاکتەری بەئاسان تێپەڕبوونی کوشتنی کورد بوو وەک میللەتیکی بی دەسەڵاتی تاکوتەنها، کە تەنانەت هێزی ڕزگارکەریش کە حیزبە سیاسییە کوردییەکانی شاخ بوون هیچیان لەناو سنووری کوردستانی عێراقدا وەک هێزی بەرگریکەر و بەتوانا هێندە ئامادەییان نەبوو کە بتوانن بەر بە پڕۆژەی ئەنفال بگرن یان هیچ نەبیت دوایبخەن.

ئەم بێدەنگییەش بەرامبەر ئەنفال، بێدەنگییەکی سیاسی، دینیی، فەرهەنگییە کە پەیوەندی بە ناوچەکەوە هەیە. هەم لە ڕووی سیاسییەوە کە عێراق لە جەنگی ئێراندا بوو، ئەمەریکا



و هەموو وڵاتانی عەرەبیش لەپشتییەوە وەستابوون، تەنها هێزێکی بەرگریکەر و شەڕکەریش لەناو عێراقدا کە هەمیشە جێی خەتەربوو بۆ حکومەتی عێراقی ئەوانیش کوردبوون، ئەو هێزە سیاسییە پەرتبووەی کوردیش کە بەناچاری سیاسەتی بچوککردبۆوە تەنا بۆ بەرگریکرِدن و مانەوەی خۆی، ئەگەر ئەو مانەوەیە بەهۆی یاریدەدانی "شەیتان"یشەوە بوایە ئامادەبوون بیکەن، بۆیە هەمیشە وەک تەنها خەتەری ناوەکی گەورەی ناو عێراق سەیردەکران. لە ڕووی دینیشەوە ڕژێمی عێراقی ڕژێمێکی نەتەوەیی عەرەبی شۆڤێنی بوو، کە لەهەناوی خۆیدا خۆی بە میراتگری ڕاستەقینەی ئیسلام دەزانی، هەم وەک عەرەب و هەم وەک ڕژێمێکی سیاسی عەرەبیش خۆی بە هەڵگری پەیامی نیشتمانێکی عەرەبی یەکگرتوو دادەنا، وە هەڵگری ئەم پەیامەش کوردی بە میوانی سەر ئەم خاکە دادەنا و هیچ حسابیکی سیاسی بۆ نەتەوەی کورد نەدەکرد، گەر کردبێتیشی لەچەند قۆناغێکی ناو شۆڕشەکانی کوردا تەنها بۆ ئەوە کردویّتی خۆی ئامادەبکاتەوە تا جارێکی تر بتوانێت زیاتر ئەم نەتەوەیە پچوکبکاتەوە و قەوارە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی نەهێڵێت. ئەمەشی بە بەرچاوانی هەموو وڵاتانی عەرەبییەوە دەکرد و هیچ ڕژێمێکی عەرەبی هیچ کاتێک بائاشکرا، هەم لە ئاستی حکومیدا و هەم لە ئاستی جەماوەری و ڕۆشنبیریشدا دەنگێکیان لێوەنەهاتووە بۆ لایەنگری لە کورد و پرسیارە ئەبەدییەکەی کە ئەویش بەئازادی ژیانی بوو لەناو قەوارەیەکی سیاسیدا کە خۆی

داوایدەکرد. بۆیە کورد هەم وەک لایانی سیاسی هیچ دۆستێکی عەرەبی نەبوو لە وڵاتانی عەرەبیدا، (مەگەر هەندێک لایەنگری تاکو تەرانەبێت کە ئەوانیش لەسەر مەزاجی تاکەکەسی وەستابوون و نەدەتوانرا هیچ ئومیدێکی لەسەر هەڵبچنرێت)، هەم وەکو ڕۆشنبیرانی عەرەبیش هیچ لایەنگر و بەدەنگەوە هاتنێکی نەبوو. سەرباری هەموو ئەمانەش دەبێت ئەوەش بزانین کەلەناو هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا ئازادییەکی هێندە نییە تا خەڵکانی ئەو وڵاتانە خۆیان داوای مافە ڕۆژانەییەکانی خۆیان بکەن چجای بەدەنگەوەهاتنی میللەتێکی نەخوازراوی وەکو کورد، کە هیچی نەبوو جگە لەو تەرمە کوژراوەی خۆی کە هەر بەشانییەوە بوو دەیگێڕا.

ئەمانەی کە بۆت باسدەکەم هەمووی هۆکارن لەبەردەم بێدەنگبوون لەبەرامبەر ئەنفالدا. وە تائێستاش هیچ هێزێکی ئیسلامی لایەنگری ڕژێمە عەرەبییەکان یان فەندەمەنتالیستە بەرهەڵستکارەکان نەهاتوون ئەنفال وەک جینۆسایدێک باسبکەن کە بەدەستی ڕژێمێکی عەرەبی وەک ڕژێمی عێراقی پێشوو کە لە ژێر پەردەی سیاسی و دینیدا ڕوویداوە.

ئایا بۆ دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دراوسێ و دنیا نەهاتنە گۆ؟!

هۆکار زۆرن، بەشێکی بۆ بەنهێنی کردنی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەروەختەی کە عێراق بەندیخانەیەکی گەورە و ترسینەر بوو، بەشیکی تریشی ئەوەیە کە ئایا ئێمە ڕووی ئەم پرسیارە دەکەینە کێ، ئایا ڕووی ئەم پرسیارە دەکەینە وڵاتە دراوسێکانی عێراق، گەر وابکەین ئەوا ئێمە خۆمان دەخەینە



بەردەم وەهمێکی گەورەوە، چونکە ئەوانیش خاوەنی هەمان پاشخانن بۆ قەتلوعامکردنی کوردانی ئەو پارچانە، گەر ڕووی دەمیشمان بکەینە هێزە سیاسییە ئیسلامییەکانی وڵاتانی تری عەرەب کە زۆرینەیان زیاتر دەسەڵاتێکی نەیاری ناو ئەو وڵاتانەن و ئەوان عێراق و بەعس وەک نمونەیەکی پێشڕەوی خۆیان سەیردەکرد، لەبەر ئەوە چاوەڕوانکردنی دەربڕینی سۆز و بەزەیهاتنەوە بەکوردا لای ئەوانەوە دیسانەوە وەهمێکی گەورەیە، تەنانەت ئەم بەوەهمداچوونە لەبەردەم هێزو حیزبە عەرەبییە چەپەکانیشدا هەمان دووبارەکرنەوەی تاڵی ئەو وەهمەیە.

دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، هەموو وڵاتە عەرەبییەکان خۆیان لە قەیرانیکی سیاسی گەورەی وادا دەژین کە خەڵکانی ئەو وڵاتانە بە ئێستاشەوە دوای لە سێدارەدانی سەدام حسێن، هێشتا ئەو بە سمبول و ڕزگارکەرو شەهید دادەنێن. ئەمەش بەهۆی نەبوونی سمبولی سیاسییەوە دێت لەو وڵاتانەدا، کە هیچ سمبولێکی سیاسی عەرەبیان نییە ئەو خەونانەی ئینسانی عەرەبی بێنێتەدی و لەو هەموو دەسەڵاتە سەپاو و داپڵۆسێنەرانە ڕزگاریان بکات.

وەک لایەنی دینیش، ڕاستە زۆرینەی کورد ئیسلامن، بەڵام ئیسلامێکی ڕەسەن نین لەچاو عەرەبدا کە خاوەنی دەسەڵات و هیزن لە ناوچەکەدا. ئەم کائینەش کە کوردی ناوە، هەمیشە کائینێک بووە کەهیچ جار جێی متمانە نەبووە، تەنانەت لە ئاستی میللیدا زۆر چیرۆکی ناشیرین و دزێو لەسەر بێدینی

کورد و خائینی و بێمتمانەیی و دڕندەییان هەیە، کە ئەمانە هۆکاری پچووکن و خەتێکی دینی قوڵی هەیە لە بیرکردنەوەی ئینسانی عەرەبیدا، هەم لەلای عەرەبی عێراقی و هەم بە گشتی لای گشت عەرەبی ناو نیشتیمانی عەرەبی. کە ڕەنگە ئەم وێنانە بەشێکی پچوک پێکبێنن لە لاشعوری ئینسانی عەرەبیدا دژ بە کورد. کە پێموایە لەو ئاستە نزمەدا زۆر نموونەمان لەبەرچاوە کە دژایەتی کردنی عەرەب بەرامبەر بە کورد کراوە و دەکرێت، کە من نامەوێت بۆ ئەو ئاستە دابەزم و باسیان بکەم.

وەک لایەنی فەرهەنگیش، فەرهەنگی کوردیش فەرهەنگێکی تێکەڵەیە لە فەرهەنگی ئیسلامی، بەڵام تاڕادەیەک فەرهەنگێکە کەخاوەنی خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی و لە زۆر ڕووەوە جیای دەکاتەوە لەو فەرهەنگە گشتییە ئیسلامی و عەرەبییەی کە هەیە، کە ئەمەش بۆخۆی هۆکاریکی تری جیاکردنەوەی کوردە وەک خاوەن فەرهەنگێکی نەیار و نەویستە.

هەموو ئەمانەی کە لەسەرەوە باسمکردن هۆکارن بۆ ئەو بێدەنگییە لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناوچەکەدا و تەنانەت دەرەوەی ئەم ناوچانەش لەبەرامبەر ئەنفالدا. بۆیە ئەم بێدەنگییە ئەوەندەی پەیوەندی بە ئیسلام بوونی ناوچەکەوە هەیە لەو هۆکارانەدا خۆیان دەبیننەوە کە باسمکردن. هەروەها پەیوەندی بە کورد خۆشیەوە هەیە، کە خاوەنی هێزێکی سیاسی چاوقایم و باوەڕبەخۆکەرنییە، هەروەها پەیوەندی بە لاوازی ئەو فەرهەنگەوە هەیە کە کورد خۆی توانای قسەکردن



و بەپێوە وەستانی نییە تا دەنگی خۆی بگەیەنێتە دنیا. چونکە لە لاشعوری کورددا هەمیشە چاوەڕوانییەک هەیە بۆ فریادڕەسێک کە لەبری ئەو قسەکان و داواکانی بۆ بگەیەنێتە جێ، کە ئەمەش لە قوڵایی ئەو لاوازیی مێژووی و سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە کە کورد لە ئیستادا هەم جورئەت و هەم توانای ئەوەی نییە دەستیان لەسەر دابنێت و کاریان بۆ بکات بۆ بەهێزکردنیان. چونکە بێدەنگبوونی ئەنفال چەند پەیوەندی بەبێدەنگبوونی ئیسلام و دنیاوە هەیە، سەد هێندەش پەیوەندی بە بێ زمانی و کەمتوانایی کورد خۆشیەوە هەیە. چونکە تراژیدیای کورد تەنها لەوەدانییە کە دەکوژرێت، بەڵکە تراژیدیای کورد لەوەدایە کە ئەم کوشتنە بە قەدەری خۆی دەزانیت و ناتوانیت باسی کوشتنی خۆی بکات.

ئەوەی دەشتوانێت ئەوروپا بکات بە گوێڕاگر و شاهیدی ئەم تراژیدیایەی ئەنفال، فاکتەکانن، کە دەبێت بخرێنە بەردەمی ئەوروپا، ئەو دیکۆمێنتانەن کە هەموو ئەم بەسەرهاتانە پشتڕاسدەکەنەوە. تا ئێستا ئێمە پێچەوانەی بە فاکتەکردن و بەدۆکۆمێنتکردنمان هەیە لەسەر مەسەلەی ئەنفال لەبەردەم ئەوروپادا، ئەمەش جگە لە گەمەیەکی سۆزدارانە هیچی تری لێسەوزنابێت، جگە لە تۆخکردنەوەی ئەو هاوکێشەیەی من و تۆ، "ئەوروپا" من، "تۆ" کورد، کەزیاتر نیشاندانی جیاوازییەکانە، ئەو جیاوازیانەی کە بۆشایی دروستدەکات نەک نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەوروپادا، هیچ شتێکی تر

دروستناکەن. ئێمە زیاتر موجامەلە لەگەڵ ئەو ئەروپایەدا دەکەین کە لەناو دوو فاقییەکاندا یاری دەکات نەک ئەو ئەروپایەی کە پایەکانی لەسەر فاکتەکان و دیکۆمێنتەکانە.
بەڕای من ئەمە هەندێک لە هۆکارەکانی پشتی ئەو بێدەنگییە قورس و لاقرتی ئامێزەوەیە کە دەستیان هەیە لەو بێدەنگی و پەردەپۆشکردنەی کە لەبەردەم تراژیدیایەکی گەورەی وەک ئەنفالدا هەیە.

**حەمە کاکەڕەش: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسەنییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بە دەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

**هیوا قادر:** کارکردنی بەردەوام بۆ ئەنفال لە هەزاران ڕووەوە دوای چەندان ساڵی تر دەتگەیەنێت بەو هۆشیارییەی کە ئەنفال دەکاتە هۆشیارییەکی کلتووری. ئەوەی کە جێی بێزارییە نەکردنی کارە لەلای حیزبی سیاسی و دەسەڵاتداری کوردییەوە وەک دەسەڵاتێک کە بتوانێت هەموو ئەم کارانەی کە دەکرێن و کراون بۆ ئەنفال کەنالیزەیان بکات، کە ئەمەش



لە زۆر ڕووەوە دەسەڵاتی ئابووری دەستنیشانی قەبارەی ئەو کارانە دەکات. هۆکاری نەکردنی کاریش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری سیاسی و هەم بۆ نەبوونی مۆراڵ و فەرهەنگ لەلای دەسەڵاتداری کوردیی. ئەو بیرکردنەوەیەی کە دەسەڵاتداری کوردیی هەیەتی بەرامبەر مانای "قوربانی" بیرکردنەوەیەکی کرۆزێنەرەوەی هێندە لاوازە، کە توانای دروستکردنی ئەو هۆشیارییە کلتوورییەی نیە لەسەر ئەنفال.
ئەو هەمیشە لە مێژووی خۆیدا خۆی بە قوربانییەکی گوناح و غەدرلێکراو زانیوە و ئەمەش وەک قەدەرێکی نەگۆڕ سەیریدەکات، بۆیە هەمیشە قوربانی بوونی خۆی لێبۆتە شوناسیکی نەگۆڕی بەردەوام. دەبێت ئەم مانای قوربانیبوون و شووناسە گۆڕانی بەسەردابێت تا قوربانی بوونی خۆی وەک قەدەر نەبینێت. بەڵکە هۆکارەکانی ئەو لاوازبوون و گرێی هەست بەکەمزانینەی لەناو مێژووی خۆیدا بدۆزێتەوە و دەستکاری هەموو ئەو مانایانە بکات کە لەناو ئەو شووناسە دوودڵ و ڕاڕایەی خۆیدا هەیەتی.
هۆیەکی ئاشکرای تریش ئەوەیە کە هەمیشە لە دنیای کوردیدا عەقڵ لە هەرکوێ بووبێت کیسە لەوێ نەبووە. بۆیە زۆر لەو کارانەی کە بە پارە دەکرێت، خوێندنەوەی عەقڵی تێیدا ئامادە نییە، وە بە پێچەوانەشەوە.
چیتر ئەنفال پێویستی بەقەتیسکردن نییە لەناو ئەو هەموو سۆز و گریان و تەنهاییەدا، چونکە تازە فرمێسکەکانی چاوەڕوانکردن بۆ ئەنفالەکان وشکبوونەوە و ئیتر ئەوان

ناگەڕێنەوە. ئەنفال پێویستی بەپلانی عەقڵانیانە و کاری کردە هەیە، کە ئەمەش زۆرینەی بە پارە دەکرێت. پارەیەک کە توانای تۆمارکردن و بە ئەرشیفکرنی هەموو شتێکی هەبێت لە ئێستادا بەبێ هیچ لایەنگیریی و بە حیزبی کردنێک.

ئەوەی وای لە میللەتێکی وەک جولەکە کرد، کە قەتلوعامکردنی جولەکەکان بە دنیا بناسێنێت و بیکاتە هۆشیارییەکی کلتووری تەنها هەست بە گوناهکردنی ئەوروپا و هێزە براوەکانی جەنگی جیهانی دووهەم نەبوو لەبەرامبەریاندا، بەڵکە ئەوە ئەو هۆشیارییە کلتوورییەی جولەکەش خۆی بوو کە قەتلوعامکردنی جولەکاکانی لە قەتلوعامکردنێکی سیاسیی و دینییەوە گواستەوە بۆ ناو مانا قوڵ و فەرهەنگی و کلتوورییەکانی مرۆڤایەتی، کە دواتر ئەو فەرهەنگە مانایەکی فەرهەنگی دنیایی وای وەرگرت، کە هەموو مرۆڤایەتی خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بۆ ئەوەی جارێکی تر نەهێڵێت هۆلۆکۆست دووبارە بێتەوە.

ئەوەی لە ئێستادا دەکرێت پەلەی لێبکرێت و کاری بۆ بکرێت، بەئەرشیفکردنی هەموو بەسەرهاتێکی پچووک و گەورەی لەدەموەرگیراوی ئەو خەڵکانەن کە ڕزگاریان بووە، یان ئەوانەی شاهیدی جۆری ڕووداوەکانن. تەنانەت پێدانی پاداشتی گەورە بەو خەڵکە عەرەبە خێرخواو تەنانەت نەیارانەشی کە لە نزیک یان لە دوور ئاگاداری بەئەنجامگەیاندنی ئەم قەتلوعامەنابوون لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا، بۆ ئەوەی هەموو ئەو بەسەرهاتانەیان لە دەم



وەربگیرێت و تۆماربکرێن و لە ئەرشیفی تایبەتیدا بپارێزرێن. چونکە سیفەتی کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی تر لەبەرامبەر ئەم شێوە ڕووداوە نهێنی و تراژیدیانەدا ئەوەیە گەر فریانەکەویت ڕاستییەکان وەک خۆیان لەنێوانێکی کاتی کەمدا تۆماربکەیت و بپارێزیت، دواتر دەکەونە ناو کۆمەڵێ حەکایەت وچیرۆکی ئەفسانەیی ترەوە کە زەحمەتە دواتر هیچ فاکتەیەکی واقیعییانەی لێدروستبکرێت. دیارە ئەم ڕووداوە گەورانە ئەوەندەی پێویستی بە ووردی تۆمارکردنی واقیعیانە هەیە هێندە پێویستی بەشاردنەوە و غەرقکردنی نییە لەناو پەخشانهۆنینەوە و بە ئەفسانەکردنیاندا.

کاتی خۆی جولەکەکان بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەسەرهاتانە، بانگەوازی ئەوەیان بە هەموو دنیادا ڕاگەیاند کە ئەوەی هەر چیرۆک و بەسەرهاتێک یان بابەتیک بیستراوی لایە لەسەر ئەو ڕووداوانە لە قەباڵەی پارەیەکدا بیگێڕێتەوە تا تۆماربکرێن و بپارێزرێن. تەنانەت تا ئەم ساڵانەی کۆتایش گروپێکی تایبەت بەس تەنها کاریان دۆزینەوەی ئەو کەسانە بوو جیاواز لەهەر پلەیەکی سیاسی و سەربازی و مەدەنی کە دەستیان لە ڕووداوەکانی قەتلوعامکردنی جولەکەکاندا هەبووە یاخود بەچەشنێک لە چەشنەکان ئاگاداریبوون. ئەمە و سەدان نمونەی تر کە دەکرێت، سوودمەندبن بۆ چاولێکردن و بەجدی کارکردن بۆ ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی گەورە لە دنیای کوردیدا.

تا ئێستاش بەردەوام هەموو لایەنە هونەری و کلتورییە موعتەبەر و گرنگەکانی دنیا، قەتلوعامی جولەکەکان وەک تراژیدیایەکی مەزنی ناو مێژووی مرۆڤایەتی باسدەکەن، هیچ قوتابخانە و زانکۆیەکی ئەوروپا و هیچ کتێبخانەیەکی نییە سەدان و هەزاران کتێب و بەڵگەنامە و فلمی دیکۆمینتاری تێدانەبێت لەسەر ئەم ڕووداوە. ساڵانە ملیۆنان قوتابی ئەوروپا لە هەموو وڵاتەکانەوە لەلایەن قوتابخانەکانیانەوە دەبرێن بۆ سەیرکردنی ئەو گێتۆیانەی کە جێگای کوشتنوبڕینی جولەکەکان بووە وەک "چێلمنتۆ و هادەمار و ماجدەنێک و ئەوشەویز" لە پۆڵۆنیا، بۆ ئەوەی وەچەی نوێ ئاگاداری ئەو مێژووەبن و هەڵگری ئەو مۆراڵەبن کە نەهێڵن جاریکی تر ئەم کارەساتە دووبارەبێتەوە.

بەڵام لەبەرامبەردا ئەم ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەی ناو ئەوروپادا لەسەر قەتلوعمی جولەکەکان تۆ لەناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەو ناوچەیەدا هیچ ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندت نییە، بۆ نمونە دەکرێت درۆیەکی سیاسی گەورەی وەک ئەوەی "ئەحمەدی نەژاد" کە دەڵێت قەتلوعامکردنی جولەکەکان درۆیە و تراژیدیای وا ڕووی نەداوە، لە لایەن ملیۆنان گەنجی ئێرانی و مسوڵمانانی ئەو ناوچەیەوە بە ڕاست وەربگیرێت. دیارە چەندەها قەناعەت و هێزی سیاسی ڕێگرن لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاستیانە لەو وڵاتە ئیسلامیانەدا سەبارەت بە هۆلۆکۆست. ئەویش تەنها لەبەر بەدوژمن سەیرکردنی جولەکە وەک هێزێکی داگیرکەر لە فەلەستیندا سەیردەکرێت و هەمیشەش



وەک هەڵگرانی دینێکی نەیار بە ئیسلام دەبینرێن. ئەم خاڵە نمونەیەکی ترە لەو بێدەنگییە بەرامبەر هۆلۆکۆوس لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا هەیە، دیارە هەمان بێدەنگی دەستەئەنقەستیش هەیە لەبەرامبەر ئەنفال دا. چونکە هەموو بێدەنگییەک زادەی زانینێکی دەستەئەنقەستە یاخود بیدەنگییەکە لە نەزانینەوەیە، کە دیارە بە ڕێژەیەک هەردوو جۆری ئەو نەزانینە لەبەرامبەر بێدەنگی ئەنفالدا هەیە، بەڵام بێدەنگی دەستەئەنقەست بۆ ئەنفال ڕاستترە.

ئەوەی ئەنفال لە هوتافاتی حیزبی و سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ هۆشیارییەکی کلتووری، پێش هەرشت ئینتیمای ئینسانی کوردە بۆ خۆی و بۆ ژیان، بۆ ئەو هوشیارییە سیاسییەی کە توانای خوێندنەوەی دوێنێ و ئەمڕۆو سبەینێی هەیە، بەڵام ئایا ڕێژەی ئەم هوشیارییە لە کۆمەڵگای کوردیدا لە چ ئاستێکدایە، هەروەها عەقڵی حیزبی کوردی تا چەند خۆی بە بەرپرس دەزانێت لەبەرزڕاگرتن و کارکردن بۆ ئەم تراژیدیایە؟!

پێویستە لە ئێستادا هەموو شتێک بە دوور یان نزیک پەیوەندی بە ئەنفالەوە هەبێت دۆکۆمێنت بکرێت و هەڵگیرێت، تا دواتر دەرفەتەکان زۆرتر و زۆرتردەبن بۆ کاری هەمەلایەنە لەسەر ئەم تراژیدییایە.

**حەمە کاکەڕەش: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە**

**خاوەنی هێزیکی ڕۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بە هێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی کوردی لیی بەرپرسیارە و چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پیشاندانی؟**

**هیوا قادر:** ئەم ترسەی تۆ دەتەوێت باسی بکەیت، ترسی میللەتێکە لە تەنهایی خۆی و ئەو هەموو بەسەرهات و تراژیدیایانەی کە لە درێژایی مێژووی کۆن و نوێدا بەسەریهاتوون و لە لاشعوریدا جێگەیەکی زۆری داگیرکردووە. شەڕ و بینینی دەرئەنجامەکانی شەڕ لای ئینسانی کوردی، هێندە ئامادەیی هەیە، کە هەروا ئاسان کۆتایی نایەت.

هەمیشە دوای شەڕ جۆرێک لە ئاشبوونەوە لەلایەن ئینسانەکانەوە دروستدەبێت لەگەڵ ژیاندا. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئیدی جەنگ و برسێتی کاری خۆیان نەکردبێت و هەروا ئاسان لەخەیاڵ و ئەندێشە و کردەوەی کەسێکدا دەرچێت کە لە جەنگەوە گەڕاوەتەوە.

زۆجار ئەو ئاشتبوونەوەیەی دوای جەنگ لەگەڵ ژاینادا ژیان ناخاتەوە ناو دۆخی پێش دروستبوونی شەڕ. هەندێک جار ئەو ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ ژیاندا هێندە چاوچنۆکانەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە دوژمنایەتی لەگەڵ ژیان و ئینسانەکانی تردا، کە دەشێ بە کەشی ناسروشتی دوای جەنگ ناویبەرین.



ئێمە ئێستا لەو کەش و هەوایەی دوای جەنگدا دەژین، کە ژیانیکی سروشتی ناژین، کۆمەڵگەی کوردی دوای سی ساڵ کوشتن و بڕین و ڕاونانی لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقییەوە، دواتریش شەڕی نێوان حیزبی کودی و لە دواتریشدا مانەوەی لەناو درۆیەکی سیاسی گەورەدا کە ناوی عێراقە، عێراقێکی بێ ئاینده و پڕ لە فیتنە، ئەمانە هەموویان ترسن و ڕێگرن لەبەردەم باوەشکردنی ئینسانی کورد بە ژیاندا بەشێوەیەکی ژیاندۆستانە بەبێ ترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفال و کارەساتەکانی تری لەو جۆرە. ئەم ترس و هەستکردن بە تەنهاییە هێندەی تر ئینسانی کوردی شێواندووە، سەرباری هەستنەکردن بە ئەمانەتێکی ڕاستەقینە لەپاڵ حیزبی کوردی و حوکمەتی کوردیدا، لە هیچ قۆناغێکدا هێندەی ئێستا ئینسانی کوردی بێبڕوا و تەنها و خەمبار نەکردووە وەک ئێستا کە هەیە، ئەم ترسە دووبارە ئینسانی کوردی خستۆتەوە ناو شەڕێکی تر هەم لەگەڵ خۆی و هەم لەگەڵ ئەو ئەگەری شەڕانەی تر کە زۆر نزیکە بەچەشنێکی تر سبەینێیەک زور خوێناویانە ڕوودەن. ئەم ترسەی ئێستاش کە هەیە بەراورد بە ترسەکانی ڕابردوو سەرقاڵبوونی کۆمەڵگەی کوردی بە جەنگەکانی پێشووەوە زۆر تۆقێنەرترە، بۆیە ئەمە ئینسانی کوردی تووشی حاڵەتێکی عوسابی سەیرکردووە، چونکە ئێستا نە خاوەنی باوەڕە، نەخاوەنی مانا پیرۆزەکانی کوردبوون و خۆڕاگرییە، نە خاوەنی خەونە سەوز و سوورەکانی پێشووشیەتی. ئەم حاڵەتە عوسابییە

وایلێکردووە هەموو ئەو بەهایانەی پێشوو بگۆڕێتەوە بەکۆمەڵێ بەهای مادی کە پێیوایە یارمەتیدەدات بۆ باوەشکردنەوەی بە ژیاندا، دیارە حیزبی کوردی و عەقڵی دەسەڵاتداری کوردیش لەو باوەڕەدایە کە ئەمە تاکە ڕێگایە کە بتوانێت لە ڕێیەوە هەم خۆی بپارێزێت و هەم ئینسانی کوردیش، کە ئەمەش هەڵەی گەورەی ئەم قۆناغەی ئێستای ناو کۆمەڵگەی کوردییە. کە پێموایە دروستکردنەوە و گۆڕانی شووناسی کوردی لەم ڕووەوە شکستهێنەرە، بەبێ دروستکردن و تازەکردنەوەی ئەو مانا مۆڕاڵییانەی کە ئینسان دەتوانێت شانازی بە ئینسان بوونی خۆیی و کورد بوونی خۆیەوە بکات. هەر بۆیەشە ئەم قەیرانە باشترین قۆناغە کە هێزە فەندەمەنتالیستە دینییەکان تێدا هەڵتۆقن و ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو هەڵدێرێکی تر بەرن.

لێرەوە تۆ چاوەڕوانی چی لە کۆمەڵگەیەکی ئاوا خەمناک و ماندوو بێ ئینتیما دەکەیت، چاوەڕوانی چی لەو عەڵییەتە دەکەیت کە خاوەنی ئەنفالکردنی کوردە و ئێستاش هەر لە دوورەوە دەستی هەڕەشەکردن لەئاستی کوردا بەرزدەکاتەوە و بە دووژمنی خودا و نیشتیمانی عەرەبی دادەنێت. چاوەڕوانی چیش لە ئینسانی کوردی دەکەیت بەم هەموو مەئیوسییەت و نەبوونی ئینتیما و لاموبالاتی و تووڕەبوونەیەوە لە حزبی کوردی و لە دنیا، تا هێزی تۆڵەکردنەوە بگۆڕێتەوە بە هێزی لێبووردن. ئەوەی هێزی تۆڵەکردنەوەی لەلایەن جولەکە و ڕووس و ئەمەریکا و وڵاتانی ترەوە بەرامبەر بە ئەڵمانیا



گۆڕی لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە، هیزی باوەڕکردن بوو بە ئینسان خۆی، حورمەتبەخشینەوەی مانای ئینسان بوو بە ئینسان لە کاتی زەلیلیدا، دیارە ئەو پاشخانە گەورەیەی فکر و ڕۆشنگەریی و ماناکانی لێبووردن لە مێژووی کۆن و نوێی عەقڵی ئەوروپادا یاریدەدەریکی گەورەبوون بۆ ئەم ئاشبوونەوە و پێکەوە ژیانە. ئەم ئاشتبوونەوەیەش لە ڕێگەی کارکردنەوەبوو لەناو ئەو یادوەرییەدا کە دەبوو سەر لە نوێ کار لەناو ماناکانی پێکەوەژیان و حورمەتگرتنی جیاوازییەکاندا بکرێت. .

ئینسانی کوردی خاوەنی یادوەرییەکی وا نییە کە بتوانێت لەسەر هەڵەکانی دوێنێ ئەمڕۆ چاکبکاتەوە. دیارە ئەمە بۆ سیاسییەکی دەسەڵاتداری دەرەجە یەک ڕاستە تا کارکەنارترین ئینسانی کورد. دیارە هۆکاری زوو تێپەڕبوونی ڕووداوەکان و لەیەکچوونیانن، نەبوونی ساتەوەختی ئارام و هەستکردن بە بوونی خۆی وەک ئینسان، لاوازی خوێندنەوەی سیاسی و گیرۆدەبوون بەدەست کۆمەڵێک مانای کۆنەوە هۆگەلێکن بۆ دروستنەبوونی ئەو هێزی خوێندنەوەیە لەسەر یادەوەرییەکان.

سیاسی کوردی لە ئێستادا لەتوانایدا نییە ئەم ترسەی ئینسانی کورد بگۆڕێت بە دڵنیایی و هێزێکی وا کە بتوانێت وا لە ئینسانی کورد بکات دوای ئەم جەنگانە ژیان دۆستانە باوەش بە ژیاندا بکاتەوە، بەچەشنێک ژیانی خۆشبووێت کە بتوانێت وەک ئینسان حورمەتی ئینسانبوون بۆ خۆی

بگەڕێنێتەوە. کاتێک کە سیاسەت وەک ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دڵخۆشکردنی ئینسانەکانی توانی ئەمە بکات، ئەوسا ئێمە دەتوانین قسە لەسەر گۆڕینی هێزی تۆڵەکردنەوە بکەین بۆ هێزی لێبودن بۆ کەسی بەرامبەر. بەڵام سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا تا ئێستا بەو ئاڕاستەیە کارناکات.

لە دەروونی هەموو ئینسانیکی کوردا، ئینسانێکی غەمگین و تەنها دانیشتووە، ئەوەی پەلی ئەم ئینسانە ڕادەکێشێتەوە بۆ ناو ژیانێکی ڕاستەقینە کە پڕبێت لە حورمەتگرتنی ژیان، تەنها کارکردنی جدییە لەناو ئەو فەرهەنگە کلتوورییە هەژارەی کە هەمانە. گۆڕینی زۆرینەی ئەو مانایانەی کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگای کوردیدا کاریپێدەکرێت، هەر لە ماناکانی حیزبی بوون و ئازایەتی و دادپەروەری و یەکسانی و ئینتیما و هەزارەها مانای تر. حیزی کوردی ناتوانێت ئەم ترسەی ناو ئینسانی کورد بقۆزێتەوە و کاری تێدابکات و بیگۆڕێت، ئەو ئەم ترسە بە جۆرێک بەکاردەهێنێت بۆ سودی خۆی کە ئەگەری مانەوەی خۆیی تێدا زیاتر بکات، ئەوەش ئەوەیە کە وایکردووە هەمیشە کۆمەڵگە چاوی لە دەستی حیزب و گرفانی ئەو بێت. دەسەڵاتداری کوردی ئەم ترسەی ناو دەروونی ئینسانی کوردی ناگۆڕێت بۆ هێزێکی وا کە ئینسانی کوردی لەمەودووا توانای بە پێوە وەستانی هەبێت لەبەردەم هەموو هەڕەشەکاندا، بەڵکە دەیگۆڕێت بەترسێکی تر کە ترسی بەجێمان و دەوڵەمەند نەبوونییەتی بە زووترین کات لە ڕێگەی



حیزبەوە، بەڵام دەوڵەمەندبوونێکی چاوچنۆکانە و بەتاڵ لە هەموو ماناکانی ئینسان بوون.

هیچ کاتێک ئازادی بەبێ ئارامی ناتوانێت سەرکەوتووبێت، دیارە ئارامیش بەبێ ئازادی هیچ مانایەکی نییە. تۆ چی لە ئازادی شانزەساڵی دوای ڕاپەڕین دەکەیت بەبێ ئارامی، تۆ چی لە پاشماوەی ئەنفال، هەر لە منداڵ و بێوەژنە ڕەشپۆشەکان و پیرەپیاوەکانی دەکەیت بەبێ هەستکردن بە ئارامی؟!

وەک دیارە پایەی شانازی هەموو میللەتێکی زیندوو سەردەستە لە دنیادا، لە شانازییە کلتوورییەکانیانەوە دێت، ئەوەی کۆمەڵگەی تۆو بەشێکی گەورەی ونبوونی ئاسەواری ئەنفال و هەموو تراژیدیاکانی ناو ئینسانی کورد بەرە و ئەگەری خۆشبوونەوە بیات و وا لە ئینسانی کورد بکات لەگەڵ ژیاندا ئاشبێتەوە، تەنها دەوڵەمەندکردنییەتی لە ئاستی کلتووریدا. ئەوەی بە ڕێژەی یەکەمیش دەبێت ئەم کارە بکات، وەزارەتی ڕۆشنبیرییە. بەڵام کارەساتی گەورەی کۆمەڵگەی کوردیی، ئەوەیە هەمیشە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەزارەتی خەڵکانی بیرۆکراتی و نەکردە و پاشکۆ خوازی حیزبی بوون، هەمیشە کلتوری وەک پاشکۆیەکی حیزب و چەند بەیتێکی فۆلکلۆریی و چەند یادیکی بێتام بینیوە. گەر تۆ کلتوور وەک پایەیەکی شانازییەکانی میللەتی خۆت سەیر نەکەیت و وەزارەتی ڕۆشنبیریش وەزارەتێکی زۆر دەوڵەمەند

نەبێت و خەڵکانی کاراو ئیشکەر کاری تێدانەکەن، تۆ ناتوانیت کلتوور بکەیتە ئەو پایەی شانازییە.

کوان ئەو هەموو پاداشت و ڕێزگرتن و دنەدانەی سەدان خوێندکاری کورد بۆ توێژینەوە لەسەر ئەنفال، کە دەبوو پێش وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە پشتی ئەو کارانەوە بوەستایە. کوا کردنی ئەنفال وەک وانەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەکاندا، کوان ئەو هەموو دادگایکردنانەی کە ماناکانی کلتووریی و دینیی و سیاسی لە پشتییەوە وەستاوە لە بێدەنگ تێپەڕبوونی کارەساتی ئەنفالدا. کوا ئەو بەشە تایبەتەی ناو زانکۆی کوردی کە جێی دەیان توێکاری و هەڵگری هەزاران هەزار بەڵگە و دیکۆمێنت و خوێندنەوەی جیاوازە بۆ ئەنفال. کوان و کوان و هەزاران شتی تر.

کێشەکەت ئەوەیە نەخوێندەوارترین توێژاڵی ناو کۆمەڵگەی کوردی سیاسییە کوردەکانن، جگە لەچەند بابەتێکی دەستە دەی ئایدۆلۆژی و هەندێک هوتافات و نەڕەنەڕکردن و پەخشانهۆنینەوە شتێکی تریان نییە کە بخرێتە سەر زەخیرەی خوێندنەوەیان، ڕەنگە لە دوای ڕۆمانی "دایک"ی سی ساڵ لەوەوبەری بە کوردی کراوی مەکسیم گۆرکی هیچیان یەک ڕۆمانی دنیایی و کوردیان لەسەردەمی شاخەوە نەخوێندبێتەوە، کەسیشیان توانای هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ کتێبێک و فلمێک و کارێکی هونەری نییە، وەک بەوەی سیاسەت پشت بە پایە کلتوورییەکان نەبەستێت.



ئایا دەبێت ڕۆشنبیری جدی چەند بەرپرسیاربێت لە بێدەنگبوونی لەبەرامبەر ئەنفالدا، چەند بەرپرسیاربێت لەگۆڕینی هێزی تۆڵەکردنەوە بۆ هێزێکی تۆلێرانس.

دیارە ڕۆشنبیری کوردیش بەدەر نییە لەو بەرپرسیارییەتە، بەڵام ئایا کێ لە کۆمەڵگای کوردی دا وەک ڕۆشنیر سەیردەکرێت لای دەسەڵاتداری کوردی و گوێ لە ڕەخنە و پێشنیارەکانی دەگیرێت. کێن ئەوانەی ڕەخنەی جدی دەگرن وحیزبی کوردی وەک دوژمن سەیریان دەکات و ڕاپێچی دادگاکانیان دەکات و بەو یاسایانە حوکمیان دەدات کە بەعس دایڕشتوون، ئەمانە هەمووی کێشەی گەورەن. بەڵام ئایا چەند دەسەڵاتداری کوردی لە ڕەخنەی ڕۆشنبیری کوردی دەترسێت و دەسڵەمێتەوە، تا ئێستا چەند وەزیر و گزیر و ئەندام پەرلەمان، وازی هێنا و دەستیکێشایەوە لەبەر ئەو هەموو نەکردەیی و فەزیحانەی کە دەردەکەون. کێن ئەو ڕۆشنبیرە حیزبیانەی کە پردی نیفاق و درۆن لە نێوان حیزب و دەسەڵات و جەماوەردا؟

لە وڵاتیکی پێشکەوتوودا دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسێک یەکسانە بەدەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانێک، چونکە ڕۆژنامەنووسێک دەتوانێت وا لە سەرۆک وەزیرانێک بکات وازبینێت، یاخود حوکمەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، تۆ کوا خاوەنی کلتورێکی وایت، کوا ئەو ئاستی تێگەیشتن و حورمەتگرتنە لە دنیای کوردیدا هەیە. چ دەسەڵاتدارێکی کوردی لە سومعەی سیاسی خۆی دەترسێت، کام دەسەڵاتداری سیاسی تۆ لە ڕێگەی

سندوقی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە بەهۆی ئەو هەموو مژدە و کارانەوە هاتۆتە سەر حوکم کە سۆزی داوە بە ئینسانی کوردی تا بۆی بهێنێتەدی، کوا تۆ خاوەنی کلتورێکی سیاسی وایت، تا هەموو ئینسانیک هەقی قسەکردنی هەبێت وهەمووانیش یەکسانبن لەبەردەم یاسادا.

**حەمە کاکەڕەش: ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟**

**هیوا قادر:** ئەدەب بەرپرسیار نییە لەبەردەم باسنەکردنی ئەنفالدا، بەڵکە ئەوە نەبوونی داهێنانە لە ناو ئەدەبی کوردیدا کە نەیتوانیوە خاوەنی چەندان بەرهەمی داهێنەرانەبێت لەسەر ئەنفال.

ئەگەر ئێمە وەزیفەی نووسەری کورد سنووربەندبکەین تەنها بۆ بەزۆر نووسین و پێویستی نووسین لەسەر ئەنفال، لەبەر شوناسی کوردبوونی خۆی. هەڵەیەکی گەورەدەکەین، وابزانم هەر ئەم تێڕوانینەش بۆ ئەدەب بۆتە هۆی ئەوەی کە چەند نووسینی کاڵ و کرچ و ناشیرین ببینین لەسەر ئەنفال و تراژیدیاکانی تری دنیای کوردی. نووسەربوون چیتر پێشمەرگایەتی نییە، یاخود سەربازیکردن نییە لەناو لەشکری دەوڵەتیکی دیاریکراودا، کە بە فەرمان کاربکات یاخود وەک هەڵوێستکی نیشتیمانی دەبێت بە نووسینەکانی نیشتیمانیی



بوونی خۆی پیشانبدات. نووسەربوون ئازادی هەڵبژاردن و خەیاڵی نووسینە، چیتر سەردەمی ئەو درۆیانە نەماوەو کەسیش باوەڕیان پێناکات کە بەناوی ئیلتیزامەوە لەناو ئایدۆلۆژیای حیزبەوە گواسترابوونەوە بۆ ناو ئەدەب، چونکە نووسەربوون زۆر کاری گەورەتر و دنیایی ترە وەک لەوەی بەدەست ئەو مانا لۆکاڵیانەوە گیربخوات کە بەناوی هەڵوێستەوە ئەدەب گرگر بخاتەوە ناو ماڵی حیزبەوە.
دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە نووسەری کورد نابێت بۆ ئەنفال و تراژیدیاکانی بنووسێت، وە مەبەستی ئەوەشم نییە کەس لە هەرچ ئاستێکدابیت گوزارشت لە ئەنفال و تراژیدیاکانی کوردی نەکات، دیارە هەموو کەس ئازادە چۆن دەنووسێت و چۆن گوزارشت لەم حاڵەتانە دەکات. نا، بەڵکە پێوەری نووسینی سەرکەوتوو لای من لەسەر ئەنفال، پێوەرێکە لەسەر داهێنان وەستاوە، تۆ نووسەرێکی داهێنەر نەبیت و نەتوانیت بەرهەمێکی زیندوو داهێنەرانە بخولقێنێت، چ پێویست دەکات لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە بنووسیت. تۆ کە لەسەر ئەنفالت نەنووسی ئیتر نیشانەی ئەوە نییە تۆ نووسەرێکی خراپیت و کوردێکی باش نیت، بەڵکە کاتێک کە تۆ لەسەر ئەنفال و تراژیدیاکانی تری کورد دەنووسیت تەنها کوردبوونی تۆ بەس نییە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی مەزن بنووسیت، بەڵکە گەر تۆ داهێنەرنەبیت ناتوانیت نووسینێک بهێنیتەبەرهەم کە شایستەی تراژیدیایەی ئاوا گەورەبێت. ئاشکراشە ئێمە لەچەند دانە بەرهەمێکی کەمی داهێنەرانە هیچی ترمان نییە

لەسەر ئەنفال کە هیچ نەبێت تا دەیان ساڵی تر بەکەڵکی خوێندنەوەبێن.
ئەم تراژیدیا گەورانەی کە بەسەر میللەتاندا دێن وەک نموونەی ئەنفال، تراژیدیای هەموو نەوەکانی دواتریشە، نەک تەنها ئەو نەوانەی کە تیایدا ژیاون بەڵکە ئەوانەی کە سبەینێیەک یەک لە دوای یەک دێن و بە چاوی جیاواز و مانای جیاوازەوە دەیخوێننەوە و قسەی لەسەر دەکەن، وەک چۆن تا ئێستا هۆلۆکۆست کەرەستەیەکی هەمیشەیی کاری هونەری و ئەدەبییە، نەک تەنها بۆ خەڵکی جولەکە بەڵکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. بێگومان ئەنفالیش دەبێت هەر وابێت، بەڵام دەبێت ئەو جیاوازییە لەنێوان ئەم دوو کارەساتەدا بکەین، هۆلکۆست دوای ئەوەی بوو بە هۆشیارییەکی کلتووری و دنیایی ئەوسا بوو بە خاوەنی زیندووییەک بۆ بەرهەمهێنانی هەموو ئەو کارە سەرکەوتووانە. تەنانەت تا ئەوڕادەیە کە لە فلمێکی وەک "ژیان جوانە"ی "ڕۆبێرتۆ بێنینی"دا دەبینین ئەم کارەساتە بە شێوەیەکی کۆمیدی گوزارشتی لێدەکات و دەیگێڕێتەوە.
من پێموایە گرنگترین کار لەسەر ئەم وەچەیەی ئێستا لەسەر ئەنفال بەتایبەتی توێژی ڕۆشنبیرانی، کۆکردنەوە و بەدیکۆمێنتکردنی هەموو ئەو شتانەن کە پەیوەندی بەو ئینسانانەوەبووە کە ئەنفالکراون. کە ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ کردنی ئەنفال بۆ هۆشیارییەکی کلتووری و سیاسی.



بۆ نموونە کەسیکی وەک "ئەدۆرنۆ" سەبارەت بە هۆلۆکۆست دەڵێت: "پێویست ناکات هیچ شیعرێک دوای هۆلۆکۆست بنووسرێت". ئەم ووتەیەی ئەدۆرنۆ لەو گۆشەنیگایەوە دێت کە ئیتر شیعر بەفریای باسکردن و گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە ناکەوێت و ئەم تراژیدیایە خۆی لە شیعر مەزنترە. کەچی "ئیمری کیرتز"ی جولەکە کە خەڵاتی نۆبڵی 2002ی وەرگرت، دەڵێت: " من هەرچی بنووسم هەر باسی هۆلۆکۆست دەکەم و فریاش ناکەوم لە ژیانمدا هەموو شتێکی لەسەر بڵێم".
لەبەر ئەوە ڕای زۆر جیاواز هەیە لەسەر ئەو تراژیدیا گەورانەی کە بەسەر میللەتاندا دێن، ئەنفالیش بەدەر نییە لەو سەرنجە جیاوازانە لە ناو ئەدەبدا، کە هەمیشە کەرەستەیەکە دەکرێت لە زۆر ڕووی جیاواز و لە زۆر سەردەمی جیاوازی تردا قسەی لەسەربکرێت.
بەڵام گلەییکردنی ئێمە لەسەر کەمنووسین لەسەر ئەنفال بە زمانی کوردی لە ئەدەبدا، گلەییەکی تا ڕادەیەک ڕۆمانسیانەیە، چونکە دەبێت بزانیت ئێمە خاوەنی چەند قەڵەمی داهێنەرانەی کوردین تا ئەم داوایە ڕووبەڕووی نووسەرانی کورد بکەینەوە.
بەڵام بۆ ئەوەی لە ئێستادا خۆمان لە گلەیی کوشندەی نووسەرانی وەچەکانی داهاتوو ڕزگاربکەین، کۆکردنەوەی هەموو دۆکۆمێنتەکانە لەسەر ئەنفال. کێ دەڵێت وەک چۆن "تۆڵستۆی" ڕۆمانی جەنگ و ئاشتی لەسەر دۆکۆمێنتەکانی ڕابردووی ناو ڕووسیا نووسی، ئاواش سبەینێیەک چەندەها

نووسەر و هونەرمەندی داهێنەری کورد کار لەسەر ئەو دۆکمێنتانە ناکەن کە دەبێت لە ئێستادا کۆبکرێنەوە.
بیرکردنەوە لە ئەنفال، تەنها لەڕێی بیرکردنەوەی ئەدەبیی و هونەرییەوە ناکرێت، بەڵکە ئەمە بیرکردنەوەیەکی ویژدانیانەی ناو هەناوی کۆمەڵگەیەکە کە دەبێت زۆرینە بەشداربن تێیدا، واتا دروستکردنی ئەم بیرکردنەوەیە زۆر هەمەلایەنە، واتا دروستکردنی هۆشیارییەکی گشتی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، کە سیاسەت بەدەرەجەی یەکەم کاری نەخشەکێشانی هەیە بۆ دروستکردنی ئەم هۆشیارییە، هەر لە بەشداریکردنی ئەنفال لە بەرنامەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و دینیەوە تا دەگاتە هەموو ئەو بۆنانەی کە بۆ یادهێنانەوەی ئەم تراژیدیایە پێویستن، ئەوکات دەکرێت ئەدەبیش وەک کایەیەکی ڕۆشنبیریی ناو کۆمەڵگا بەشێک بێت لەو هوشیارییە نەک هەمووی.



## هیچ کەسێک هێندەی خوداو شاعیر لەیەکتری نزیک نین، چونکە ماڵی هەردووکیان لەناو زماندایە

**ئامادەکردنی: هەردی مەهدی**
**070120**

**هەردی: ئێستا پاش بڕینی ئەو قۆناغە شیعرییانەی کە بەڕێزت تێیدا تێپەڕیوی، چۆن ئەڕوانیتە یەکەمین هەنگاوەکانی سەرەتای شیعرنووسین و یەکەمین بەرهەمی شیعریت لە ساڵی 1991کە ناوی "چاوەزەردەکان" بوو؟**

**هیوا قادر:** لە دوای ڕۆژە سەرەتاییەکانی ڕاپەڕینی 1991 ـەوە من بە چەند هەفتەیەک دەستمکرد بە نووسینەوەی ئەو دیوانە، بەهۆی هاوڕێیەکمەوە تابیعەیەکی فارسیم دەستکەوتبوو خۆم لە ماڵەوە ئەو دیوانەم نووسیەوە، دواتر دووسەد نووسخەم لێ کۆپیکرد و هەندێک هاوڕێی هونەرمەندیشم لەهەریەک لەو دووسەد نووسخەیە وێنەی بەرگی جیاوازیان تێدا کێشاو بڵاومکردەوە. ئەو سەروەختە سەرەتای بە حیزبی کردنی هەموو کۆمەڵگەی کوردی بوو، هەموو جوانییەکان دەبوو بەناو هوتافات و شیعارە نیشتمانییەکاندا تێبپەڕن، دەنا بە ئەدەب دانەدەنرا. بەڵام ئەو شیعرانەی من جیاواز لەو هەراو زەنایە کۆمەڵێک شیعری غەرقبووبوون لەناو ڕۆمانسییەتدا، ئەو دیوانە شیعرییەی من هەڵبژاردەی بەرهەمی شیعری زیاد لە پێنچ شەش ساڵی پێشووی من بوو.
من ئەو کاتە کوڕێکی ناو کتێبەکان بووم و هێندە هاوسەنگی نێوان ژیان و کتێبم نەدەزانی و هێندە شاعیرانە دەمڕوانی دەمویست هەموو شتەکان پێرفێکت و جوانبن. شیعر جوانترین بوو لەناو هونەرەکاندا لای من و هەمووشتەکانی تر لاوەکی، تا ئەو کاتە من ڕێگایەکم نەدۆزیبۆوە کە لە کتێبەکانەوە بمگەڕێنێتەوە بۆ ناو ژیان. دیارە هۆکارەکانیش زۆربوون، یەکێک لەو هۆکارە ئاشکرایانە ئەو هەموو ترس و مەرگ و تۆقینەی ئەو ڕۆژگاری جەنگانەبوون کە هەموو شتێکی دەسووتاند، ئەو شێوازی بیرکردنەوە و نووسینانەی منیش



جۆرێک بوو لە بەرگریکردنێکی ڕۆشنبیری تاکخوازیانەی ئەو سەروەختەی خۆم. لەو قۆناغە شیعرییەدا منداڵی هەمیشە بەبەرائەتی خۆیی و بە فەنتازیاکانییەوە ئامادەگییەکی وای هەبوو کە هەم لە کەسایەتی خۆم و هەم لەو شیعرە سەرەتاییانەمدا وایکردبوو کە لە هەموو هاوڕێکانم جیامبکاتەوە. بۆیە زۆرجار هەم دەکەوتمە بەر پلاری ئەو شاعیرە دەمهەراشانەی کە ژیانیان کورتکردبۆوە بۆ چەند شیعار و هوتافاتێک، هەم دەکەوتمە بەر پلاری ئەو مەرجە کۆمەڵایەتیانەی کە ناسکبوونی شیعریی منیان پێ لەنگ بوو.

**هەردی: "تەنها منداڵییە لە ڕۆخ جەهەنمە بەدیهێنراوەکانی ئینساندا توانای خەوبینینی هەیە" لە دیوانی "کیشوەرێک لە خەوندا" تۆ وادەڵێیت، جۆرێک لە جۆرەکان بێزاریت لە "دەستەڵاتی ئایدۆلۆژی" و "جەهەنمەکانی ئینسان" و هەمووشیان دەخەیتە ئەستۆی "ئاوەزی گەورەبوون" یان "گەورەکان". لە شیعرەکانی هیوا قادر دا ڕەخنەگرتن لە ئایدۆلۆژیا و ڕاستییەکانی گەورەبوون تا چەند ڕەنگیداوەتەوە؟ شیعری تۆ دەربڕی ئەو واقیعەبووە یان هەڵهاتن و خۆلادان بووە لە ڕێگەی هەناسە شیعرییەکانتەوە بۆ دابران لە دنیای گەورەبوون و گەڕانەوە بۆ پاکبوونەوە لە ڕێگای شیعرەوە؟**

**هیوا قادر:** ئەم چەند دێڕەی کە تۆ هێناوتەتەوە چەند دێڕێکی زۆر شیعرین، واتا گوزارشتکردنێکی زۆر شیعرییانەن لە دنیا،

هیوادارم هەم تۆ و هەم زۆر هاورێی تر کە بەهەڵە پێشتر ئەم چەند دێڕەیان لێکداوەتەوە بەو شێوەیە لێکینەدەنەوە کە گوایە من داوای ئەوە دەکەم کە کەس گەورەنەبێت و هەموان بە منداڵی بمێنینەوە، من هەرگیز ئەمە ناڵێم. بەڵکە دەڵێم منداڵی بەشێکی هەرە ئەکتیڤی بەفەنتازیاکردنی دنیایە لەلای ئینسان، هاویاری نێوان شاعیر و منداڵیش هاویاری نێوان ئەو یادوەریەیە کە بەسەر سووڕمان و پرسیارکردن دەستپێدەکات. واتا منداڵ کاتێک لە دایک دەبێت خاوەنی هیچ یادوەرییەکی پێشینە نییە، ئەو یەکەم بەریەکەوتنەی خەیاڵی منداڵی لەگەڵ ژیاندا بەریەکەوتنێکە کە دواتر هەموو فەنتازیاکان و یادوەرییەکانی لەسەر هەڵدەچنرێت. ئەم سەرەتای سەرسامییەی منداڵ بە دنیا و نەخشبوونی یادوەرییەکانی دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەند بۆ تێڕوانینی شاعیرانە. هەروەها ئەو زمانەی کە منداڵ قسەی پێدەکات زمانیکە کە دەیەوێت بەو زەخیرە زمانەوانییە کەمەیەوە دنیا داگیربکات، شاعیریش بەو هەموو توانای زمانەوانییەوەی کە هەیەتی دەیەوێت دنیا داگیربکات، وەستانی منداڵێک و شاعیرێک لەبەرامبەر دنیادا وەستانێکی دۆنکیشۆتیانەیە لەبەرامبەر هەموو ئەو دژانەدا کە دەکرێت خەتەرێکبن بۆ سەر جوانی، بەشێک لەو جوانیانەش ئەو جوانیانەن کە هەموو دیین و ئایدلۆژیاکانی مرۆڤایەتیش بۆخۆیان دەیانەوێت بیکەنە مژدەیەک بۆ گەیاندنی ئینسان بە خۆشبەختی. بەڵام



جوانیەکان لای شاعیران هەرگیز ناگەنە حاڵەتێکی موتڵەقی وا کە حسابی دواهەمین وەڵامیان بۆ بکرێت.

ڕقی منیش لە ئایدۆلۆژیا لە دنیای کوردیدا، دەهری بوونی منە لە مێژووی گەورەبوونێک کە پێیوایە بەئایدۆلۆژیایەک دەتوانێت دنیایەک داگیربکات و سەرلەبەری کۆمەڵگایەک بەهەموو جیاوازییەکانییەوە ئاسوودەبکات. سەیری دەرەنجامی ئەو شێوە کارکردنە ناسیاسییەی ئایدۆلۆژیا بکە لە کوردستاندا کە چ موسیبەتیکی گەورەی خولقاندووە. دیارە هەموو مرۆڤێک هەقی خۆیەتی لە ڕێگای بیروڕاکانی خۆیەوە بەدوای خۆشبەختیدا بگەڕێت، دیارە هەمووشمان هەر وادەکەین بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ئایا چ خۆشبەختییەک تاسەر دەتوانێت ئینسان ئاسودەبکات، بەداخەوە هیچ خۆشبەختییەکی وا لە ئارادانییە، تەنها مەگەر ئەم حاڵەتە لای کەسانی فەندەمەنتالستی ئایدۆلۆژی و دینی ببینیتەوە کە خۆیان دەکەن بە چەقی دنیاو چەقی خۆشبەختی. من بە شبەحاڵی خۆم هەمیشە گومانم هەیە لە هەموو ئەو جۆرە خۆشبەختیانەی کە پێیانوایە تەواوی ژیان و دنیای ئینسان لەناو ئەواندا چڕدەکاتەوە و تەنها مژدەبەخشی خۆشبەختی هەر ئەوانن.

شتێک نییە ناوی خۆشبەختی هەتاهەتای بێت، ئایدۆلۆژیایەک و بیرێک نییە هێندە جورئەتی زانینی هەبێت و بڵێت من وەڵامی هەموو پرسیارێکی مرۆڤ دەدەمەوە، ئەو کەسەو ئەو ئایدۆلۆژیایە و ئەو دینەی کە ئیدعای ئەمەی کرد گومانیلێبکە.

من وەک شاعیرێک وایدەبینم کە هەموو شتێک جێی گومانە، هیچ بیرو ئایدۆلۆژیا و دینێک هێندە گەورە و پیرۆز نییە کە جێی پرسیارو گومانلێکردن نەبێت. هیچ شتێکیش هێندە ئەبەدی نییە کە مرۆڤ تاسەر پشتی پێببەستێت. چونکە هەموو ئەمانە بەرهەمی ترسی ئینسان خۆیەتی لەبەرامبەر گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا، وەک "زیگمۆن باومان" دەڵێت چەندە ئینسان گۆڕانی بەسەردابێت و زیاتر بزانێت هێندە چارەسەرکردنی کێشەکانیشی قورستردەبن".
تۆ سەیری دنیا بکە، پێشوەخت سەیری کوردستانەکەی خۆمان، هەم سەیری مێژووی هێزی داگیرکەر و مێژووی هێزی ڕزگارکەر و حوکمڕانبکە لە کوردستاندا، سەیری دراوسێ "گورگ" و نابراکان بکە کە لە چواردەورمانن. ببینە ئەم هەموو شەڕو پێکدادان و قاتوقڕیانە کە لە دنیادا ڕوودەدەن، ئایا ئەمانە بەرهەمی گەورەیەک نییە کە توانای بە فەنتازیکردن و جوانکردنی دنیای نەماوە لە ڕێگەی شەڕەوە نەبێت. من پێموایە ئەوەی ئەم دنیایە ڕزگاردەکات تەنها "جوانییە"، واتا هەم بەرهەمهێنانی جوانی و هەم لێتێگەیشتنی و هەم حورمەتگرتنی. شیعریش یەکێکە لەو جوانیانە کە دەکرێت بەقەدەر خۆی توانای ڕزگارکردنی دنیای هەبێت لەناو بیرکردنەوەی ئینساندا. مەبەستم ئەوە نییە جاریکی تر وەک ئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان کردیان پەیام ببەخشمەوە بە شیعر، نا بەڵکە نووسین دەتوانێت ڕووناکییەک بێت لەناو ئەو تاریکییە قوڵ و مێژووییەی ڕۆحی ئینسان خۆیدا بۆ



دۆزینەوەی خۆی و حورمەتگرتنی خۆی وەک ئینسان. پێموایە یەکەم کاری ئەدەبیش هەر ئەوەیە کە حورمەتبەخشێتەوە بە ئینسان خۆی.

**هەردی: "یادوەری" تاچەند لەناو شیعرەکانتا ئامادەیی هەیە، ئەوسا دەشپرسین "یادوەری" لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

**هیوا قادر:** ئەوەی خاوەنی یادوەری نەبێت واتا خاوەنی دوێنێ نییە، ئەوەی دوێنێشی نەبێت ئەمڕۆی نابێت، ئەوەی کە ئەمڕۆشی بینی ڕەنگە بتوانێت سبەینێ هی ئەوبێت.
مرۆڤ بێ یادوەری ئەستەمە بژی، یادوەری بریتییە لە کۆی ئەزموونی تۆ لە ژیاندا، لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیریشەوە ئێستای من بریتییە لە درێژبوونەوەی یادوەرییەکی ڕۆشنبیری دوێنێ. بەڵام یادوەری و ژیان دوو حاڵەتی ترن، ژیان واتا ئێستا واتا تەسلیمنەبوون و خۆمۆڵەقنەکردن لە بەردەم ماناکان و شانازییەکانی دوێنێدا، یادوەریش واتا پێش نووسینی ئەم دێڕەو هەموو ڕابردوو.
یادوەری شاعیرێک و یادوەری دەسەڵاتدارێک یەک یادوەری نین، یادوەری شاعیرێک یادوەرییەکی ڕۆشنبیرییە کە هەمیشە ڕوو لەگۆڕان و گەورەبوونە، بەڵام یادوەری دەسەڵاتدارێک یادوەرییەکە کە خاوەنی شکۆی هێشتنەوەی دوێنێیەتی، هیچ ڕۆشنبیرییەکی ڕاستەقینە ناتوانێت هێندە سەرمەستبێت بەخۆی کە خاوەنی هەموو جوانییەکان بێت و جوانییەکانی دوای خۆی

نەبینێت و پێشبینی ئەو جوانیانەی داهاتووشی نەکات کە بەڕیوەن، بەڵام یادوەری دەستەڵات بۆ مانەوەی خۆی پیویستی بەخەوتنە لەناو شکۆکانی دوێنێیدا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەمڕۆش هی ئەوبێت.
دیارە گەر یادوەری وەک رابردوویەک سەیربیکەین، هیچ شاعیرێک ناتوانێت خۆیی لێ قوتاربکات، هەموومان ڕابردوویەکمان هەیە کە وەک یادوەری لەناوماندا دەژی.
هەروەها لە ڕووی زمانیشەوە تۆ ناتوانیت یادوەری فەرامۆشبکەیت، چونکە زمان خۆی هەڵگری جۆرێک لە یادوەری و بیرکردنەوەیە. تۆ چۆن دەتوانی جوانی فەرامۆشبکەیت کە لە بوونەوە هەیە، کە ڕەگی جوانی ئەم ڕەگە درێژەی هەبێت چۆن دەتوانیت ڕابردوو فەرامۆش بکەیت، بەڵام دەبێت تۆ باوەڕت بە گۆڕانی ماناکانی جوانی هەبێت، بۆ ئەوەی سێبەری خەستی ڕابردوو هەموو بەرچاوت نەگرێت.
بۆ نموونە ئەوەی وای لە من کرد کە کتێبی "سەفەرنامە" بنووسم، ویستی من بوو بۆ کارکردن لەناو یادوەرییەکانی خۆمدا، هەم بەیارکردنەوەی ئەو یادوەریانەی ڕۆژانی پێشووبوون و هەم ڕەخنەگرتنبوو لەو یادوەریانەی کە تائێستاش لەمندا دەژین. ئەوەی ئەم کتێبەشی خۆشەویستکرد لای خوێنەری کورد هۆی ئەوەبوو کە ئەو یادوەریانە تەنها یادوەری من نەبوو، بەڵکە یادوەری چەند وەچەیەک بوو بەیەکەوە. کەواتە دەکرێت یادوەری هێندەی یارمەتیدەربێت بۆ



ڕەخنەگرتن و خوێندنەوە ڕابردوو هێندە جێی شکۆو تەسلیمبوون نەبێت لەبەردەمیدا.

**هەردی: "خودایە خودای من**
**ڕێمبدە بتبینم ڕوتوقووت**
**ڕێمبدە هێندە عەشقی گەورەیت نەبم و پچوکیتم خۆشبووێت**
**دوور لە ترس گەورەیی تۆ بپەرستم..."**
**گەر لەم شیعرەتەوە وابتخوێنمەوە کە "عیرفان" ژانرێکی سەرەکییە لە شیعرەکانتدا، تاچەند هاوڕای ئێمەیت لەم بۆچوونەدا، عیرفان چ کاریگەرییەکی لەسەر شیعرت هەیە و چۆن عیرفان لە دیدی خۆتەوە پێ ئەناسێنی؟**

**هیوا قادر:** عیرفان بۆ من سەرسامبوونە بەو پرسیارکردن و سەرچڵینەی کە لەناو مەرج و مانا باوەکانی دییندا هەیەتی، نەک شەیدابوونێکی هەتا هەتای بە دیین.
سەرەتا عەشقی سۆفییەکان و عارفەکان منیان زۆر سەرسامکرد، ئەو دڵکولانەی ئەوان بەرامبەر عەشقی خودا و پرسیارەکانیان لە بوون تا ئاستی موچرکە پێداهێنان موچرکەیان پێدا دەهێنام.
تۆ ئەگەر سەیری مێژووی دروستبوونی تەسەوفیش بکەیت دەبینیت کە تەسەوف یاخیبوونێک بووە لەبەردەم گەندەڵی دەسەڵاتی ئیسلامیدا، هەر ئەم زەبری یاخیبوونەشە وا لە دەستەڵاتی ئیسلامی دەکات کە زۆر توندووتیژانە بەرپەرچی

تەسەوف بداتەوە و هەندێک لە متەسەوفەکانی وەک حەلاج بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بکوژێت.
لەبەر ئەوە عیرفان و تەسەوف چەندە لە ناو یەقینی دینیدا کار دەکات هێندەش لەناو گومان و پرسیارکردندا کاردەکات کە قسەی دڵی سۆفییەک دەکاتە قسە و چاوی خودا.
بەدیوێکی تریشدا خوێندنەوەی من بۆ عیرفان و هاویاریم لەگەڵیدا، هەوڵدانە بۆ قسەکردن و بینینی شتە بچووکەکان، کە پێموایە لە ڕێی دۆزینەوەی ئەو شتە بچووکاناوە دەتوانین نزیکتربین لە ژیان خۆیەوە، نزیکبین لە ئینسانەوە. لەڕێی دۆزینەوەی جوانییەوە لەناو ئەو شتە پچووکانەدا دەتوانین چیتر ڕازینەبین بەو فاکتەرانەی کە ئینسان ناشیرین دەکەن و ئەو ئەگەرانەشی کە حورمەتی ئینسان بوون لە ئینسان دەسێننەوە. دۆزینەوەی ئەو شتە بچووکانە واتا باوەشکردن بە ژیانداو لەزەتبردن لە ئێستایەک کە توانای ئەوەمان هەیە بیرکردنەوە تێیدا.
من پێموایە هیچ کەس هێندەی خودا و شاعیر لەیەکتری نزیک نین، چونکە ماڵی هەردووکیان لەناو زماندایە، زمان واتا بیرکردنەوەو خەیاڵ. نزیکبوونەوەی سۆفییەک و خودا نزیکبوونەوەی هەردووکیانە لەو جەوهەری خەیاڵەی کە لەناو زماندایە. لە هەرشوێنێک زمان و خەیاڵ هەبێت خودا و شیعر و جوانی هەیە.



**هەردی: هەندێک شاعیر باس لەوە دەکەن زمان لەئاست هەستی شیعریاندا نییە، بۆ تۆ "زمان" تاچەند توانیوویەتی تەریب بێت لەگەڵ ئەو هەستە شیعرییەدا کە لەناختدا هەیە؟ بە واتایەکی تر ئەوەی لەناوەوەتدا هەیە توانیوتە بەو زمانە پێی دەنووسیت دەریببڕیت؟ لای تۆ ووشە و زمان بۆ شیعر چی دەگەیەنێت؟**

**هیوا قادر:** من یەکێکم لەو شاعیرانەی کە هەمیشە هەستدەکەم ئەو گەنجینە زمانەوانییەی کە هەمە زۆر کەمترە لەو بینینە شیعریی و هەیەجانی خەیاڵاتانەی کە لەلام دروستدەبێت. پێشموایە هیچ شاعیرێکی ڕاستەقینە نییە ڕازیبێت لەئاست زمانی شیعری خۆیدا و هەوڵی گەورەکردنی سنوورەکانی زمان نەدات. هەر ئەمەشە ئەو شەڕە بەردەوامەی کە شاعیران دەیکەن لەئاست نووسین و ئەزموونی یەک لەدوای یەکی خۆیاندا. تۆ کە باس لە شیعر دەکەیت واتا باس لە جەوهەری خەیاڵی زمان دەکەیت، ئەم چڕبوونەوەیە تەنها لە شیعردا هەیە، بۆ ئەوەی تا تواناهەیە مەودای زیاتر و زیاتر ببەخشیت بە هەمەرەنگی خوێندنەوەی شیعرێک.
چۆن ڕەهابوون بۆ سۆفییەک تەنها گەیشتنە بە خودا، ئاواش نووسینی شیعرێک بۆ شاعیرێک تەنها گەیشتنە بە جوانی و ڕەهابوونی لە ناو زماندا. ئەم پرۆسەی گەڕانەش بۆ گەیشتن بە جەوهەر پێویستی بەبەردەوامی و گەڕانە، چۆن حەلاج خودا بە چاوی دڵ دەبینێ، ئاواش شاعیر شیعر بە چاوی زمان دەبینێت. بەڵام هەمیشەش خەیاڵی زمان ناتوانێت لە زماندا

وەک خۆی چۆنە جێگیربێت. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە هەمیشە شاعیران هەست بە دڵکەوتن و بێدەسەڵاتی دەکەن لەبەرامبەریدا. خەیاڵی شیعری هەمیشە وەک گێڕانەوەی خەونێک وایە بە زمانی بێداری کە هەرگیز ناتوانێت وەک خۆی چۆنە ئاوا باسیبکەیت و بیگێڕیتەوە. بۆیە من دوای هەموو شیعرێک تووشی دڵکەوتن دەبم و هەستدەکەم ئەمە ئەوە نییە کە من خوازیاریبووم بیڵێم.
شتێک نییە ناوی شیعربێت لەدەرەوەی زمان، بۆیە ئەم گەڕانە بەناو زماندا گەڕانە بەدوای شیعردا، ئەمەش وای لە نزیکی کاری شیعر و دین کردووە کە هەردووکیان بەدوای جەوهەردا بگەڕێن، بەڵام دوو جەوهەری جیاواز یەکیکیان کە شیعرە جەوهەرێکی ڕاڕاو فرە مانایە ئەویتریشیان کە دینە جەوهەری خۆی لەناو یەقیندا دەدۆزێتەوە. خۆ ڕەنگە سەرەتای دوژمنایەتی پێغەمبەری ئیسلام لەبەرامبەر شاعیراندا لەم ڕووەوەبێت.
تکایە وا تێمەگە من شیعر هێندە پیرۆزڕادەگرم کە هیچ شتێکی تر لەو پیرۆزترنەبێت، نا، تەنها مەبەستم گەیاندنی وەڵامەکەی خۆمە بۆ پرسیارەکەی تۆ. هیوادارم توانیبێتم بۆت ڕوونبکەمەوە.

**هەردی: مەنفا بۆ تۆ چ مانایەک و پێناسەیەکی هەڵگرتووە؟**

**هیوا قادر:**



مەنفا ڕاکردنە بەپێی خۆت بۆسەر خاچ
بۆ ئەوەی لەسەر هیچ زەوییەک نەمریت
کە تازە نیشتمان جارێکی تر هی تۆ نییە.
من لە نێوان نیشتمان و مەنفادا
ماڵی ووشە هەڵئەبژێرم بۆ مردن،
بۆ ئەوەی هەمیشە قەبرێکم هەبێت لە کتێبێکدا لێینووسرابێت:
ئەی مانگ
من کوڕی تۆم
من کوڕی بەتەنها جێماوی تۆم
لەسەر زەوی.

**هەردی: ئەتوانین بڵێین باڵێکی سەرەکی شیعرەکانت شیعری خۆشەویستین و تەڕی و ناسکی و نیانیان ڕەنگە پێناسەنەکرێ، بە زمانی خۆت نەبێ. چی لە پشتی ئەم ئیحساسە گەورانەوە هەیە کە لە شیعرەکانتدا ئەیبینین، کە لە دنیایەکدا ململانێ و ئاژاوە و جەنگ و ڕق تەنیوویەتی، چیتداوە لەم نەرمی و ناسکییەی خۆشەویستی؟ یان چۆن ئەتپەرژێتە سەر ئەم کایە ناسکە؟ بۆ ئێستا مرۆڤی کورد خۆشەویستی و نیانی تاچەندێک دەبێتە پێویستی؟**

**هیوا قادر:** لە پشتی هەموو ئەو شتانەی کە تۆ باسیاندەکەیت من هەم، من و خەونەکانم و تەمەناکانم. دەزانم من هەمیشە دۆڕاوم، بەڵام من لە ڕێگای دۆڕاندنی خۆمەوە وەک عاشقێک و

شاعیرێک زیاتر هەست بەو بەهاو ئینسان بوونەی خۆم دەکەم.
ڕاستە ژیان ناشیرینە، جەنگ و ماڵویرانی زۆرن، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا من جگە لە عەشق شتی تر شک نابەم، من هەمیشە هەستدەکەم عاشقم، کە جامۆڵکەیەک ئاو دەنێم بەسەرمەوە هەستدەکەم هەموو شینای ئاسمانیشی لەگەڵدا دەخۆمەوە، من لە راستیدا تینووی ژیانم. تەنها بەرگری منیش لەبەردەمی ئەم هەموو هێرشە ناشیرینانەدا تەنها عەشقە. دەزانم عەشقی من بۆ چڵی گیا دنیا ڕزگار ناکات، بەڵام خۆ وێرانیشی ناکات. من سۆپرمان نیم، من شاعیرێکی عاشقم.
دەستۆیفسکی دەڵێت: ئەوەی ئەم دنیایە ڕزگاردەکات جوانییە. پێموانییە عاشقبوون بەشێکی گەورەنەبێت لە جوانی. بۆیە بەقەدەر قەبارەی خۆم دەستم لە جوانکردن و ڕزگارکردنی دنیادا هەیە.
هاورێم من بۆیە هاوارناکەم، چونکە عاشقم، لەبەرئەوەی عەشق پێویستی بە هاوار کردن نییە. ناشیرینترین و دڕندەترین بوونەوەری سەر ئەم ئەستێرەیە ئینسانە گەر عاشقنەبێت و توانای بینینی جوانی نەبێت.
من و تۆ کۆمەڵگەیەکمان هەیە هەمیشە دژی ناسکی و جوانییە، چونکە لەو کۆمەڵگەیەدا عەشق دژی ماناکانی ئازایەتی و پیاوەتی دەوەستێتەوە. کارکردن بەو مانایانەی پیاوەتی و ئازایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆژانە دەستیان هەیە لە هەلاهەلاکردن و کوشتنی جوانیدا، هەمیشە پیاوکوژێک و



پیاوێکی زەبروەشێنی بیرنەکەرەوە لە کۆمەڵگەکەی من و تۆدا قەدری لە ڕۆشنبیرێک و شاعیرێک زیاترە. ئەم هەموو گوێنەدان و لاموبالاتی و هەست بەبەرپرسیارێتی نەکردنە کە ڕۆژانە دەیبینین هۆکاری چییە؟! جگە لە نەبوونی عەشق و لێبووردن و کوێریی چی ترە!. کۆمەڵگەیەک نەتوانێت حورمەتی عاشقێک زیاتر بگرێت لە جەلادێک، کۆمەڵگەیەکە جگە لەیەکترازاندن و فەوتاندن شتێکی تر چاوەڕوانی ناکات.
هاورێم دەزانم، موسیبەتی عاشق لەوەدایە کە بێ دەسەلاترین کەس دەتوانێت بیشکێنێت. بۆیە هەمیشە کەسی عاشق کەسێکی دۆڕاوە. بەڵام کەسێکە هەمیشە زیاد لە هەموو کەسێکی تر مومارەسەی ئینسان بوونی خۆی دەکات.
موسیبەتی گەورەش لەوەدایە کە تۆ عەشق تەنها پچووکبکەیتەوە بۆ کەسێک، دەکرێت ئەوە سەرەتایەک بێت بۆ فێربوونی عەشق، بەڵام عاشقبوون دنیایەکی زۆر فراوانترە، کارکردنە لەناو ڕۆحی خۆتدا، خۆدەوڵەمەندکردن بە ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنە کە بەرەو شەفافییەتت بەرێت ئەوە عەشقە، دەوڵەمەندکردنی هەستی خۆت بۆ تێگەیشتن و ناسینەوەی جوانی و لێبووردن، ئەمانە هەموویان عەشقن، گوێگرتن لە مۆسیقا عەشقە، پیاسەکردن عەشقە، نزیکبوونت لە سروشت عەشقە، بەگشتی حورمەتگرتنی ژیان بۆ خۆی عەشقە.

**هەردی: سەحەری ڕەسایی بۆ تۆ چ مانایەک دەگەیەنێت؟ "ئەو کەسەی لە مەریوان خۆشتدەوێت ڕەسایییە"؟ ئەتوانی لەسەر**

**دوابەرهەمتان لەگەڵ سەحەری ڕەسایدا "بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت" کەمێک بدوێیت؟**

**هیوا قادر:** بەڵێ، ئەو کەسەی لە مەریوان خۆشمدەوێت، سەحەری رەسایيە. "رۆژێک دێت کچێکم لەم شارە خۆشدەوێت" ئەم شیعرەم بۆ سەحەری رەسایی نووسیوە. سەحەر هەم هاوسەرمەوە و هەم هاورێ، هەم ڕەخنەگرێکی بێ چەندووجوونی نووسینەکانم.

"بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت"، ناوی ئەو کتێبە هاوبەشەی من و سەحەرە، ئەم کتێبە وەک کایەی ئەدەبی بە ئەدەبی نامە ناوزەددەکرێت. دیارە ئەم کایەیە لە ئەدەبی کوردیدا هەر زۆر هەژارە تا ئاستی نەبوون، هۆکارەکەشی زۆر بە سادەیی پەیوەندی بە داخراوی کۆمەڵگەی کوردی و هەڵنەکەوتووی ئیندڤیدەوە هەیە، واتا تاکێک کە بتوانێت لە دەرەوەی بازنەی کۆ ژیان باس لە عەشقی خۆی و بیرکردنەوەکانی خۆی بکات لەبەرامبەر دنیادا، بەبێ گرنگیدان بە مەرجە قورسەکانی کۆمەڵگە. لە هەموو کۆمەڵگە کراوەکانی دنیادا ئەدەبی نامە کایەیەکی دەوڵەمەند و بەهەیبەتی وایە کە خوێنەرانێکی بێشوماری لەخۆی کۆکردۆتەوە.

ئەوەی وای لە من و سەحەر کرد وەک دوو نووسەر ئەم نامانەی خۆمان لە کتێبێکدا چاپبکەین، هەم شەوقی ئێمەبوو بۆ ئەم کایە ئەدەبییە و هەمیش وەک چیرۆکنووسێک و شاعیرێک لەو ڕێگایەوە باسمان لە ئەزموونی ژیان و تێڕوانینی خۆمان کردووە لەبەرامبەر عەشق و چاوەڕوانی و ئەدەب و فیکرو شتە



ووردەکانی تری ناو ژیان. لەم سەردانەشمدا بۆ کوردستان، زیاتر لە نزیکەوە هەستمکرد کە ئەم کتێبە خوێنەرێکی زۆری هەیە، دیارە ئەوەش بۆ من و سەحەر جێی خۆشحاڵییە.

**گۆڤاری لڤین ژمارە 52ی 2007دا**

**وەک چۆن هیچ دینێک ناتوانێت بێ خودا بژی،**
**ئاواش هیچ ئەدەبێک ناتوانێت بێ ئینسان بژی.**

ئامادەکردنی: زمناکۆ بورهان قانع
080401

**زمناکۆ بورهان قانع: گەر سەرەتای دیدارەکەمان بە چوونە ناوە دنیای شیعری تۆ دەستپێبکەین، واهەستدەکەم کە خوێنەری جدی کاتێک کە قەسیدەکانی تۆ دەخوێنێتەوە ڕاستەوخۆ پەلکێشدەکرێتە نێو جیهانێکی پڕ لە تەسەوف و لێوان لێو لە حاڵەتی عیرفانی، تۆ ئاشنای دەکەیت بە کۆمەڵێک**

**موفرەدەی سەرنج ڕاکێش کە پێشتر شاعیرانی دی بەکاریان نەهێناوە یاخود نەیانتوانیوە وەک تۆ ئیش لەسەر تەسەوف و موناجات و عیرفان بکەن).. ئەم هەموو گرنگیدانەی تۆ بۆ ئەو جۆرە قوڵبوونەوەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ دەکرێت پێمانبڵێیت هیوا قادر بەردەوام لەنێو تێکستەکانیدا وجودی هەیە وەک کارەکتەر؟ یان تەنها ڕۆڵی حیکایەتخوانێک دەبینێت؟**

**هیوا قادر:** شیعری من، دنیای خۆم و خەون و تەمەناکانی خۆمە، بۆ من گرنگ نییە لەدەرەوەی خۆم تۆ چۆن تەعریفی من دەکەیت، چونکە من تۆی خوێنەر لەگەڵ خۆمدا دەخەمە ناو بەشیعریکردنی دنیاوە، تۆ یا قبوڵم دەکەیت یان نا، ئیدی ئەوە تۆیت دواتر تەعریف بۆ من دادەنێیت لەڕێی تێگەیشتنی خۆت و خوێندنەوەی خۆتەوە بۆ شیعرەکانم، نەک من، چونکە کاری من ڕاکردنە لە هەموو چوارچێوە ڕامکراو و تەعریفکراوەکان، کاری من پێشاندانی جوانی و ناشیرینی نییە بۆ تۆی خوێنەر، کاری من ڕاکردنە وەک ئینسانێک لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیانەوێت ئینسان بوونی من لە کۆتاییدا لە چوارچیوەیەکدا بەندبکەن و سنوور بۆ ئازادیی و تێڕوانینی من دابنێن، کاری من وەک شاعیرێک هەمیشە ڕەنجکێشانە لەناو هەمەدیووی زماندا، چونکە ئەو دیوەی کە من خۆمی تێدادەبیم و لەزەتی لێدەبینم لە شیعرێکدا، ڕەنگە هەمان ئەو دیوە نەبێت کە تۆ وەک خوێنەرێک خۆت و دنیای خۆتی تێدا دەبینیتەوە، شیعر وەک چوونە ناو ژوورێکی سیحریی وایە کە پڕە لە ئاوێنە، تۆ



تاچەند پەی بە خەیاڵی زمان بەریت هێندە زیاتر دەتوانیت بێ ژمارە ڕووبەری جیاوازی ئاوێنەکان ببینیت.

من پێموایە خەیاڵی ئینسان پڕە لە ئاوێنە، شیعریش مەملەکەتی ئاوێنەکانە، مەملەکەتی ئەو خەیاڵ و تەمەنا و پرسیارانەیە کە ئینسان لەتاو تەنهایی و شەیدایی خۆی لەڕێی ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکات و بیری پێدەکاتەوە بەدوای ئەو نهێنیانەدا دەگەڕێت کە لەپشتی ئینسان بوونی خۆیەوەیەتی.

ئاشنابوونی من بە دنیای عیرفان و تەسەوف لە باوەڕبوونمەوە نییە بە تەنها حەقیقەتێک، بەڵکە زیاتر لەم قۆناغە شیعریەی کە ئێستا پێی دەنووسم و پێشدەچێت ئیدی وەک ئەزموونێک لە دوای خۆمەوە وورده وورده بەجێبیهێڵم و شێوازێکی نوێتر بدۆزمەوە بۆ نووسین، تەنها بۆ ئەوەبووە لەوێوە خۆم جارێکی تر بە دنیا بناسێنمەوە و بەدوای خۆمدا بگەڕێم. من پێموانییە لە توانای هیچ کەسێکدا هەبێت خەیاڵ و بیرکردنەوەی شاعیرێک پێناسەبکات، گەربیشیکات ئەوا پێناسەیەکی هەمیشەیی و کامڵ نابێت. چونکە شیعر بۆخۆی کاری پێناسەکردنی دنیا و شتەکان نییە، بەڵکە کاری هەڵوەشاندنەوە و تیکشکانی پێناسەکانە، هەر ئەمەشە کە وا لە شیعر دەکات وەک جەوهەرێکی زمان هەمیشە زیندووبێت. لای من پێناسەی ژیان و بوون لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر دەگۆڕێت، بۆیە ناشکرێت تۆ من لەناو تەنها بۆچونێکدا قەتیسبکەیت، چۆن ژیان پڕە لە قۆناغی هەمەجۆر و لەیەکنەچوو، هەر ئاواش قۆناغی شیعری زۆرینەی شاعیران پڕە لەو هەمەڕەنگییە،

چونکە تۆ ناتوانیت تەنها لە دیوێکەوە ئینسان و ژیان بناسیت و ئەزموونی بکەیت، بۆ ئەوەی زۆرترین دیوە نادیار و سەیرەکانی ئینسان و ژیان بناسیت دەبێت بێ ژمارە ئەزمونی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاواز و دیدگای جیاواز تاقیبکەیتەوە، چونکە ژیان ڕۆیشتن نییە بەتەنها ڕێگایەکدا، بەڵکە ڕۆیشتن و تاقیکردنەوەی سەدان و هەزاران ڕێگای لەیەکنەچووی ترە، ئەوەی بە تەنها ڕێگایەکدا دەڕوات و ڕازییە، کەسێکە دەستبەرداربووە لە بەشێکی زۆری ئازادی خۆی، چونکە ئەستەمە تۆ لە دیوێکەوە هەموو دنیا و هەموو ژیان و ئینسانەکان بخوێنیتەوە و کەچی هەست بە تەواوی ئازادیش بکەیت. دۆزینەوەی ئازادی شاعیر دۆزینەوەی هەمەجۆری و لەیەکنەچوویی ماناکان و تێڕوانینەکانە بۆ ژیان.
من پێموایە کە شاعیران دەبێ سیفەتی ئاویان هەبێت، خۆیان بگۆڕنە سەر بوونیک کە بتوانن بەشداری لە هەموو بوونەکانی تردا بکەن بۆ ئەوەی فریای ئەوە بکەون لەم سەفەرە کورتەی ژیاندا زۆرترین تێگەیشتن و زۆرترین سەرسوڕمان بژین، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا هەست بکەن تا سنووری تواناکانی خۆیان توانیویانە لە ڕێگەی زمانەوە سەرلەنوێ دنیایان بەچەشنی جیاواز شیعراندۆتەوە، کە زەبرەکانی ژیانی ئاسای نەیتوانیوە وردووهاژیان بکات و ئەوانیش تەسلیم بکات بەو مەرجانەی کە ئازادییەکان لە ئینسان زەوتدەکات.
من پێموایە ئەو کاتەی کە شاعیرێک تەسلیم بە حەقیقەتێک دەبێت، لەو کاتەوە ئیتر پرۆسەی بەکۆیلەکردنی خەیاڵی



شیعریی خۆی دادەڕێژێت و حەقیقەتەکانی تری دەرەوەی خۆی دەخاتە ناو خانەی دژەوە. چونکە شاعیر تەنها کاتێک دەتوانێت لەسەر حەقیقەتێک ئیشبکات کە هەمیشە گومانی لەو حەقیقەتە هەبێت و پرسیاری لیبکات، من پێموایە شاعیر بۆیە شیعر دەنووسێت بۆ ئەوەی بڵێت من دەتوانم ئینسانێکی ئازادبم، هەر ئەم بیرکردنەوە قوڵەیە لە ئازادیی کە شاعیر و شیعریش دروستدەکات، ناکرێت منی شاعیر هەمیشە بەو پێناسە شیعرییەی کە تۆی خوێنەر بۆ منی دەکەیت ڕازیبم، کەگوایە من شاعیرێکم تەنها سەر بە دنیای عیرفان و تەسەوفم. ڕاستە من قۆناغێکی شیعریم کارکردنە لەو دنیایەدا، بەڵام بە دیدی تایبەت بە خۆم و بەخەیاڵی دنیای شیعریی خۆمەوە، بەدەر لە یاسا و ڕێسا دینییەکانی تەسەوف خۆی.
من هەمیشە شاعیری خۆمم، لەشیعریشدا هەمیشە باسی خۆم دەکەم، باسی ئەو ئینسانە دەکەم کە خۆمم، هەرگیز من نەمتوانیوە لە شیعرێکدا لە دەرەوەی خۆم باسی شتی تر بکەم، چونکە هەستدەکەم من تا ئەو کاتە هەم کە لە ژیاندام و دەتوانم بیربکەمەوە و خەیاڵم هەبێت، دوای خۆم وەک جەستە ئیتر شیعرەکانم هەن، کە ئەوانیش ئەو دیوانەن کە تۆ وەک خوێنەرێک دەتەوێت سەیری منیان لێوە بکەیت، کە ڕەنگیشە من خۆم زۆر لەو دیوانەم نەبینیبێت یان درکم پێنەکردبن. دواتر ئیتر ئەوە خوێنەرە کە شاعیر چەندان جاری تر لە ڕێی خوێندنەوە جیاوازەکانی خۆیەوە بۆ شیعرەکانی وێنادەکاتەوە.

شیعر لەناو کایە جیاوازەکانی تری ئەدەبدا کایەیەکە بەرێژەیەکی زۆر زیاتر لەوانی تر نزیکترە لە شاعیر خۆیەوە. بۆیە گەر "من" وەک ڕاناو و وەک مانا و بیرکردنەوە و جەوهەر لەشیعری مندا دەربهێنیت هەموو پایەکانی بەسەریەکدا دەڕوخێن.
ئەو ڕۆژەشی کە بێزاربووم لەباسکردنی خۆم، هەوڵدەدەم لەکایەیەکی تری ئەدەبیدا بنووسم تا بتوانم باسی تۆ بکەم و لێتەوە نزیکبمەوە. دیارە من مەبەستم ئەوەنییە کە بڵێم منی شیعری نابێت بە تۆی ڕاڤەکەر و خوێنەر، نەخێر قسەی من لێرەدا ئاستی پیشاندانی دوور و نزیکی شاعیرە لە خۆیەوە کە زیاتر لە شیعردا بەرجەستەدەبێت بەراورد بە کایەکانی تری ئەدەبی.
هەمیشە شیعر بۆ من ئەو ئاگرە سیحرییەیە کە لەژێر بەخۆڵەمێشبوونی خۆمەوە نووستووە، هەرچ کاتێکیش ئاگرم تێبەربۆوە ئیدی دەستدەکەمەوە بە باسکردنی خۆم و دنیا و شیعر دەنووسم. پێشموایە گەر من ئەم نهێنیەم لە ڕێگەی شیعرنووسینەوە نەدۆزیایەتەوە ڕەنگبوو هەرگیز نەمتوانیایە ببم بە شاعیر و ڕەنگیش بوو نەمتوانیایە دواتر لەکایە جیاوازەکانی تری ئەدەبدا بنووسم.

**زمناکۆ بورهان قانع: ئەمە تەنها قسەی من نییە و نووسەران و خوێنەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە تۆ زیاتر وەک شاعیرێک ناسراویت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی من ئاگادارم**



**پێموایە لەچەند کایەیەکی تردا بەهەمان ئەو عەشقەی کە بۆ شیعر هەتبووە لەنێو ئەو کایە جیاوازانەشدا هەر کەسیکی ئەکتیڤ بوویت.. ئیتر لە بواری ڕۆمانووسینەوە بیگرە تادەگات بە نووسینی سەفەرنامە و هونەری فۆتۆگراف و ئەدەبی نامە (لەگەڵ سەحەر ڕەسایی هاوڕێ و هاوسەرتا...). پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایە پێتوایە کە هەموو نووسەرێک دەبێت لە دەرگای چەند کایەیەکی نووسین بدات و ئیش لە کۆمەڵێک کایەی ئەدەبیدا بکات؟ یان تەنها ئەوە ئیشی نووسەرە جدییەکانە؟ بیرمان نەچێت بەختیار عەلی کۆدێتایەکی جوانی کردووە بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیدا.. لێرەوە تۆش دەکرێت لەسەر ئەزموونەکەی خۆت بدوێیت..**

**هیوا قادر:** من ناتوانم نەخش بۆ هیچ شاعیر و نووسەرێکی تر دابنێم، ناشتوانم بڵێم ئەوەی لەچەند کایەیەکدا توانی کاربکات و بنووسێت، ئیدی نووسەرێکی جدییە، هەرگیز ئەوە قسەی من نییە.
خۆت دەزانیت نووسین کارێکی زۆر خۆییە، من پێموایە هیچ کارێک بەبێ خەون و تەمەنا ناتوانێت بەردەوام بێت، ئەم فرە کارکردنەش پەیوەندی بە سنوورەکانی خەونی نووسەرەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە کەنالیزەکردنی ئەو هەموو ئاڵۆزیانەی ئینسانیشەوە هەیە کە نووسەر دواتر دەیانگوێزیتەوە بۆ ناو پرۆسەی نووسین، هەموو ئەم فرە

کارییەش بۆ ئەوەیە نووسەر بتوانێت سەفەری جۆراوجۆری خۆی لەناو ژیان و زماندا درێژەپێبدات.

ئەم هەمەکارییە پەیوەندی بە تەماح و هەوڵدان و داگیرکردنی نووسەرەوە هەیە بۆ دنیا، هەورەها پەیوەندی بەو کونبینی و گوزارشتکردنە جیاوازانەشەوە هەیە کە نووسەر لە کایە لەیەکنەچوو جیاوازەکانی ئەدەبدا دەیانکات، چونکە هەر کایەیەکی ئەدەبی بۆ من چێژێکی جیاواز و تایبەتی خۆی هەیە کە هیچیان لەوی تریان ناچن، کارە ئەدەبییەکانیش وەک جیاوازی هاورێکان و دۆستەکان و خۆشەویستەکان وان، بەڵام بە کۆ دەبنە ئەزموونی نووسەر لە نووسین و ژیانیدا.

ڕاستە من بە شیعر دەستمپێکرد و ئێشتاش لەپاڵ هەوڵدانم بۆ نووسین لە کایەکانی تردا هەر شیعر دەنووسم، من هەمیشە پێش هەرشت شاعیرم، وەک شاعیرێک ئەدەبی نامە و ڕۆمان و چیرۆکی منداڵان وتار دەنووسم، وەک شاعیریکیش کاری فۆتۆگراف و وەرگێڕان دەکەم. وەک شاعیرێکی هەمیشە شەیداش ڕۆژانە چەند سەعاتیک گوێ لە مۆسیقا دەگرم، پیاسەدەکەم، سەمادەکەم، دەگریم، سەیری فلم دەکەم، توڕەدەبم و دەقیژێنم و تاریک دەبم و خەم داگیرمدەکات. ئەمانە هەموویان منن. ئینسان کە هەوڵیدا دیوە جیاوازەکانی خۆی بناسێت ئەوکاتیش هەوڵدەدات لەچەند ڕوویەکی جیاوازیشەوە گوزارشت لە خۆی بکات، ڕەنگە ئەمە هۆکارێکبێت بۆ ویستی من بۆئەوەی لەچەند کایەیەکدا کاربکەم، هەموو ئەم شەڕانەی من و هەوڵدانەکانم ڕەنگە ترسێکی گەورەشبن لە ونبوون و



دیارنەمانم، من زۆر لە مردن دەترسم، هەموو ساتیک بیری لێدەکەمەوە، بیرکردنەوە لە مردن وەڕسی کردووم، دیارە دەزانم دەبێت بمرم، بەڵام بۆ؟ من ناتوانم بە هیچ لۆژیک و وەڵامێک ڕازیبم لەبەردەم مردنی خۆمدا. من هەرگیز مردن بەهەق نازانم، ڕەنگە هۆی ئەوەشبێت کە دەمەوێت هەمیشە عاشقبم، چونکە هەستدەکەم ئینسانی تەنیا تەنها بە عەشق دەتوانێ لە مردن بباتەوە.

من شاعیرم، بۆیە ناتوانم هەمیشە قایلبم بەو لۆژیکە عەقڵی و دینی و زانستیانەی کە بۆ مەرگی ئینسان دەکرێت. هەروەها دەزانم کە هیچ شتێک ئەبەدی نییە، شوێن هیچ کات وەک خۆی نامینێتەوە، تەنها یادوەرییە کە بۆ ماوەیەکی زەمەنی شوێن و ئینسانەکان لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت و دواتر ئەویش کۆتای پێدێت.

لێرەوە ترسی من لە مەرگ ترسی فەوتانی یادوەرییە، ئەو کاتەی یادوەری نەما ئەوکات مەرگ بە تەواوەتی بەسەر ئینساندا سەرکەوتوو دەبێت، من لە ڕێگەی شیعرەوە هەستدەکەم بەپێی قەبارەی خۆم ئەو یادوەرییە دژ بە مەرگ دروستدەکەم کە باس لە ژیان و ئینسان دەکات، دەبینیت هەموو هونەرەکان و کایەکانی ئەدەب لەشەڕێکدان دژ بە مەرگ، شەڕێک کە تا ئینسان بمێنێت بەردەوام دەبێت.

بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبینیت دیین ئەم شەڕە ناکات چونکە دیین مەرگی ئینسان بە هەقێکی خودایی دەزانێت لەبەرئەوەی هەڵگری مژدەی دوای مەرگی بۆ ئینسان.

من پێموایە بوونی مەرگ لەپشتی دروستبوونی هەموو دینەکانەوەیە، چونکە گەر ترسی مەرگ نەبوایە ڕەنگە دینەکانیش نەبوونایە، لێرەوە دین دەیەوێت وەک یادوەرییەکی هەمیشەیی و دیفاعکەرێکی گەورە لە مەرگی ئینسان لە نێوان خۆی و خودادا بمێنێتەوە و هەڵگری ئەو مژدانەبێت کە ترسی مەرگ لای ئینسانەکان کەم دەکاتەوە یاخود هەر نایهێڵێت.

بەڵام هونەرە جوانەکانی ئینسان خاوەنی ئەم مژدانە نین، بەڵکە خاوەنی لەزەتی تێگەیشتن و گەیشتنن بە نهێنی جوانی، نەک مژدەیەکی هەتاهەتایی. خاوەنی ئەو پرسیارە ئەزەلیانەن کە هێزی ئینسان لەتەیکردنی گەڕان بەدوای جوانی و خۆشبەختیدا پیشان دەدەن.

ڕەنگە هۆی ئەم هەموو پەلکیشانی خەیاڵاتانەی خۆم بێت لە بوون و لە ئینسان کە وایان لێکردبم هەوڵبدەم لە زۆر کایەی ئەدەبیدا بنووسم، هەوڵبدەم زۆرترین یادوەری لە ڕێگەی نووسینەکانمەوە دروستبکەم بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر ببینم و زیاتریش دژ بە مەرگ بجەنگم، ڕەنگە واش نەبێت نازانم! زەحمەتە بۆ من پەی بەم ئاڵۆزیانە بەرم و وەڵامێکی کۆنکرێتی تۆ بدەمەوە. ئاخر خۆ هەر ئەم پرسیار و سەرسوڕمانانەشە واملێدەکات کە بەردەوام لە فکری نووسینی جۆربەجۆردابم بۆ ئەوەی بتوانم پەی بەزۆرترین ئەو نهێنیانە بەرم و لەڕێی دروستکردنی ئەو یادوەرییانەوە لەگەڵ مەرگی خۆمدا بجەنگم.



**زمناکۆ بورهان قانع: ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە شاعیرێک یان ڕۆمانووسێک یاخود ڕۆشنبیرێکی کورد ئیفلیج دەکات لە خەونی بوون بە نووسەرێکی جیهانی؟ پێدەچێت هەندێک لەو فاکتەرانە زمان و جوگرافیابن.. ئەگەرچی گومان لەوەدانییە کە نوسەرانی کورد بۆ خۆیان دیوارێکی کۆنکرێتی ئەستوور لە چوارچێوەی خۆیان دروستدەکەن و بەشدارن لەو دۆخە کەمخوێنییە مەعریفییەدا کە تێوەی گلاون..**

**هیوا قادر:** من پێموایە ڕێگر زۆرن لەبەردەم نەتوانینی ئەدەبی کوردیی و نووسەری کورد دا بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبێکی جیهانی.

با سەرەتا بێینە سەر فاکتەرە ئاشکرا و دیارەکان. پێش هەرشت زمانی کوردی لە ڕووی سیاسی و جوگرافیاوە زمانێکی ئازاد نییە، واتا زمانێکی کراوە نییە لەبەردەم دنیادا، بەڵکە زمانێکە کە تائێستاش دەسەڵاتێکی سیاسی گەورەی نەبووە کە توانیبێتی لە زۆر ڕووەوە ئەم زمانە بە دنیا بناسێنێت، بۆ نموونە ئەم زمانە خاوەنی دەستەواژەی بازاڕ و تەکنەلۆژیا و فکر نییە، هەروەها زمانیک نییە هەڵگری قورساییەکی کلتووریی و مەعریفی وابێت کە وەک مەرجەع بۆی بگەڕێیتەوە. یاخود زمانێک بێت بێ گوناە و حەرامکردن لەبەردەم هەموو وتراوێکدا ئازا و جەسوربێت. هەروەها تا ئێستاش ئەم زمانە خاوەنی زمانیکی ستانداردی یەکگرتوو نییە و بە هەردوو پیتی عەرەبی و لاتینی دەنووسرێت.

زمانێکە میللەتێکی ژێر دەستە قسەی پێدەکات و بیری پێدەکاتەوە کە زۆرینەی قسەکردنێکی زارەکییە نەک قسەکردن و بیرکردنەوەیەکی نووسراو واتا تێکست، زمانێک نییە خاوەنی دینێکی جیهانی بێت وەک زمانی عەرەبی کە دینی ئیسلامی پێ نووسراوەتەوە، هەروەها زمانێک نییە کە خاوەنی دەیان و سەدان ناونیشانی نووسراوی کۆنبێت، ئەمانە و دەیان نموونەی تر کە من لێرەدا فریای باسکردنیان ناکەوم.

ئەم زمانەی کە نووسەری کورد پێی دەنووسێت، شانسی گەیشتنی بە دنیا لە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی زۆر کەمترە، دیارە ئەمەش ئەوەندەی تر دەیخاتە پشتی ئەو ئەگەری دەرکەوتنەوەی کە ڕەنگبێت بۆ ئەو سێ زمانەی تر ئاسانتربێت کە بتوانن لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی و کلتورییانەوە خۆیان بخەنە ناو ئەو کێبەرکێ گەورەیەی بازاڕی کتێبی جیهانییەوە.

دیارە دەسەڵاتدارەکانی ناو بازاڕی کتێبی جیهانی ئەو ڕەخنەگر و دەزگا کلتوری و چاپخانە و میدیایانەن کە لەڕێی ئەوانەوە بەرهەمەکانی نووسەرانی دنیا دەناسرێن و بڵاودەبنەوە. تۆ لە دنیای کوردیدا نە خاوەنی دەزگای کلتوری وایت، نە خاوەنی میدیایەکی کلتورناس و عاقڵیت، نەخاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسیت کە ئەدەبیات و کلتوور بە هەرە گرنگترین پلەی شانازییەکانی شوناسی خۆی بزانێت، هەروەها بوونی زمان وەک بوونی نەتەوە دابنێت، ئەمانە و دەیان هۆکاری خەمهێنەری تر.



ئەمە نیشانەی ئەوەش نییە گەر هاتوو ئێمە ئەم هۆکارانەمان نەهێشت ئیتر خێرا ئەدەبیاتی کوردی بتوانێت بچێتە ناو ئەو بازاڕەی دنیاوە، نەخێر ئەمە تەنها بەشێکی ڕوواڵەتیانەی کیشەکەیە و پێموایە پێویستی بە پرۆسەیەکی دوورودرێژ و کارکردنێکی زۆر هەیە، دواتر تۆ کێشەیەکی گەورەترت هەیە ئەویش کەمی و نەبوونی بەرهەمی داهێنەرانەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا. بەرهەمێک کە هەڵگری قورساییەکی کلتوریی موتربەکراو بە فکری دنیا بێت، بۆ ئەوەی خوێنەرێک لەدەرەوەی دنیای کوردییەوە بە ئاسانی بتوانێت تیبگات و چێژ لە خوێندنەوەی ببینێت. سەرباری هەموو ئەمانەش تا ئێستا ئێمە هیچ پڕۆژەیەکی جدی و خۆڕاگرمان نییە بۆ وەرگێڕانی بەشێک لەو بەرهەمانە، کە ئەمانە هەمووی کێشەی گەورەن، گەر ئەم کارانە کرا ئەو کات ئەو کەسانەشی کە دەڵێن ئەدەبی کوردی هیچی کەم نییە لە ئەدەبی دنیا وەڵامی ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرنەوە و لە ڕاستی و دروستی ئەو بۆچوونانەیان دەگەن. کە تۆ دەڵێ ئەدەبی کوردی هیچی کەم نییە لە ئەدەبی دنیا، مەبەستت لە ئەدەبی چ میللەتێکە؟ گەر مەبەستت ئەدەبی ئەوروپابێت، ئەوا ئەمەیان ڕاست نییە، گەر مەبەستت لە ئەدەبی میللەتانی وەک تورک و فارس و عەرەببێت ئەمەشیان تاڕادەیەک هەر ڕاست نییە، چونکە هەرکام لەو سێ میللەتە لە ئەوروپادا بە ملیۆنان دۆلار ساڵانە لەڕێگای دەزگای بڵاوکردنەوەی تایبەتەوە سەرفدەکەن بۆ ئەوەی شانسی ئەوەیان هەبێت ئەدەبی خۆیان بخەنە ناو بازاڕی ئەدەبیاتی

ئەورووپاوە و ببنە لایەنێک لەبەردەم ئەو کێبەرکێ گەورەیەی کە لە بازاڕی کتێبدا هەیە. وە نووسەرانی سەر بەو سێ زمانە سالآنە دەیان ڕۆمان و نووسراوی داهێنەرانەیان وەردەگێڕێتە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا، کەچی هێشتاش بەتەواوەتی ناتوانن بچنە ناو ئەو کیبەرکێیەوەی کە ناوی بازاڕی کتێب و ئەدەبی جیهانییە، ئیتر تۆیەک کە هیچ کام لەو هەولآنەت نییە چۆن وا دەڵێیت.

هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی پێش هەرشت وێنەیەک بەرایی ئەدەبی دنیات لەبەردەمدا دروستبێت تۆ دەبێت لە وڵاتدا خاوەنی هەزاران ناونیشانی کتێبی وەرگێراوی باوەڕپێکراوبیت لە زمانی عەسڵی ئەو میللەتانەوەی کە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە بەرهەمی ئەدەبی و فکری مرۆڤایەتی دادەنرێن. بۆ ئەوەی بزانیت لە دەرەوەی دنیای کوردییەوە چی هەیە، چونکە بەڕاستی وەرگیڕانی ئەدەبیاتی دنیا بۆ زمانی کوردی یەکێکە لەهەرە هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ناساندنی ئەدەبی دنیا و بەراوردکردنی بە ئەدەبی کوردیی.

یەکێک لە هەرە فاکتەرە جدی و گرنگەکانی تر کە بۆتە ڕێگر لەبەردەم ناساندنی ئەدەبی کوردی بە دنیا ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکە ئینسانی تێدا نییە، لە کاتێکدا ئەدەب بەرهەمێکی ئینسانییە و تەنهاش هەر بۆ ئینسان دەنووسرێت.

زۆرینەی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی پابەندە بە مەرجی مێژووی و سیاسی تایبەتەوە و پڕە لە پرسیاری هەنووکەیی ئەو سەروەختانە، ئەو سەروەختانەی کە ئەدەب ئینسانی



داتاشیوە بۆ ئینسانێکی خاوەن پەیامی شیعارپەروەر و ئایدۆلۆژیست، ئەدەبێک کە جگە لە پەخشانهۆنینەوە و هەندێک پەیامی سیاسی هەژارانە شتێکی تری بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا بەجێنەهێشتووە.

ئەوەی شیعری نالی و مەحوی و هەندێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی تا ئێستا هێشتۆتەوە باسکردنی ئینسان و پرسیارە وجودییەکانە لای ئەو شاعیرانە، کە خوێندنەوەیان لەدەرەوەی زەمەنی بە سیاسی کراوەوەیە، گەر تۆ بتەوێت خوێنەرێک لە کیشوەریکی تر و لەناو میللەتیکی دوورەدەستی تردا بتخوێنێتەوە، دەبێت بەچەشنێک باسی ئینسان بکەیت کە ئەو خۆیی تێدا ببینێتەوە، دەنا تۆ ناتوانیت ئەو خوێنەرە ببەیتەوە، بەداخەوە هەرە بەشی زۆری ئەدەبی کوردی لە ئینسان بەدەرە بۆیە ناتوانیت بە دنیای بناسێنیت، وەک چۆن هیچ دینێک ناتوانێت بەبێ خودا بژی، ئاواش هیچ ئەدەبێک ناتوانێت بەبێ ئینسان بژی. ئەدەبی داهێنەرانە ئەو ئەدەبەیە کە ئینسان تێیدا لە چەقدا وەستاوە، پرسیارە وجودییەکانی هەمان پرسیاری ئینسانەکانی ترە لە هەرچ کوێیەکی دنیادا بژی. نەبوونی ئینسان لە ئەدەبی کوردیدا گەورەترین کێشەیە کە ناتوانێت لە بەردەم ئەدەبیاتی دنیادا خۆی بناسێنێت. بۆ ئەوەی تۆ لە ئەدەبدا باس لە ئینسان بکەیت، دەبێت لەهەوڵی ناسینی ئینساندا بیت، ئەمەش بە هۆشیارییەکی گەورە و ڕۆشنبیرییەکی فراوانەوە دەکرێت، تۆ تا چەندە ئاستی هۆشیاریت بەرزتربێت هێندە زیاتر دەتوانیت لە ئینسان

نزیکتربیتەوە، وە پێچەوانەکەشی دیارە کە دوورکەوتنەوەیە لە ئینسان.

بۆ نموونە ئەوەی ئەدەبی شێرزاد حەسەنی لەناو ئەو قیژە قیژ و پەیامانەی ئەدەبیاتی هەفتاکان و هەشتاکاندا بەزیندوێتی هێشتەوە باسکردنی شێرزاد بوو لە بەهای ئینسانی کورد وەک ئینسان، دیارە لە ئەدەبی ئەو نووسەرانەی تریشدا ئێمە هەبووین، بەڵام ئینسان نەبووین، بەڵکە وێنەی کەسێکی ئایدۆلۆژیست و گەشبین و پاڵەوان بووین، کە لەڕاستیدا وانەبووین، چونکە ئێمە ئەو سەروەختە هەمووگیانمان شکست و نەهامەتی بوو.

من نمونەیەکی ترت بۆ دێنمەوە، بۆ نمونە لەو نووسەرە کوردانەی کە زۆرینەی بەرهەمی شیعریی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەوروپی، ڕەنگە شێرکۆ بێکەس بێت، شێرکۆ بێکەس یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی ئێمە، کاتێک خوێنەرێکی ئەوروپی شێرکۆ بێکەس دەخوێنێتەوە وەک خوێنەرێکی کورد لەزەتی لێنابینێت، ئەو خوێنەرە تەنها ئەو شیعرانەی دەخوێنێتەوە کە پرسیاری ئینسانی تێدایە، واتا ئینسانی تێدایە، کە ڕەنگە لای زۆرینەی خوێنەری کورد بە پێجەوانەوەبێت، ئەمەش جیاوازی هۆکاری تێڕوانینی نووسەر و خوێنەرە بۆ ئەدەب، دیارە هەر ئەم تێڕوانینە جیاوازەش ئاستی جیاوازی و دوور و نزیکی ئێمە دەستنیشاندەکات بۆ بەهای ئینسانبوون لە ئەدەبدا.



پرسیار لەوەدایە کە تۆ چۆن باسی ئینسان دەکەیت لە ئەدەبدا؟ ئەمە ئەو پرسیارە جەوهەرییە کە ئەدەبی زیندوو لە ئەدەبی بازاڕی و ڕۆژانە جیادەکاتەوە.

هەروەها کیشەیەکی گەورەی تر هەیە لەلای ئێمە کە پێویستە باسبکرێت ئەویش بەهای پیرۆزیدانە بە دەقی نووسراو، واتا دەبێت تێکستی نووسراو شیاوبێت و لە ڕووی ئەخلاقییەوە تێکدەرنەبێت دەنا نابێت بخوێنرێتەوە، ئەمەش تەنها لەبەر ترسی باسنەکردنی ئەو هەموو تابۆ و حەرامانەیە لە ناو ئەدەبێکی بە تێکستکرا و نووسراودا، ئەم زمانە کە خاوەنی ئەم هەموو حەرامکردنەبێت چۆن دەتوانێت ئەدەبێکی پیبنووسرێتەوە کە خوێنەرانی دنیا بەبێ هەستکردن بە چەپاندن و پچوککردنەوەی ئینسان بتوانن بیخوێننەوە، ئەم زمانە داخراوە کە زمانی کوردییە، دەبێت وەک ژیان کراوەبێت، دەنا ناتوانرێت وەک ئینسانیکی کراوە بیری پیبکەیتەوە و پێی بنووسیت. زمان وەک ئینسان وایە پیویستی بە هەمان ئازادیی هەیە بۆ ئەوەی بژی و گوزارشتبکات لە هەموو شتێکی نەوتراو پێش شتە وتراوەکان. چونکە لەبەردەمی ئەدەب و پرسیارە وجودییەکانیدا هیچ شتێک هێندە پیرۆزنییە کە شایستەی ڕەخنەلێگرتن و قسەلەسەرکردن نەبیت.

دیارە من لێرەدا ناتوانم دەستبخەمە سەر هەموو ئەو شکست و هۆکارانەی کە وادەکەن ئەدەبی کوردی نەتوانێت وەک ئەدەبێکی جیهانی خۆی بە خوێنەرانی دنیا بناسێنێت، ئەم فاکتەرانەی کە منیش لێرەدا باسمکردن هەندێک فاکتەری

ئاشکراو دیارن، کە لەپشتی هەموو ئەمانەشەوە دەیان خوێندنەوە و بیروڕای جیاوازی تر هەن.

**زمناکۆ بورهان قانع: ئاشکرایە کە هەر شاعیرێک لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک کارەسات و ڕووداودا شیعر دەنووسێت و بەردەوام خودی شیعریش بەشدارە لە وەزیفەی ئارەمبەخشین بە هزری شاعیر، لەپاڵ هەموو ئەمەنەدا شیعر تا ئێستا سەدان تەعریفی لە خۆگرتووە و هەر شاعیرێک بەپێی ئەزموونی خۆی ئەو ڕووداوانەی نێو ژیانی کە دەبنە هۆی نووسینی شیعرەکە پێناسەی شیعرەکە دەکەن، لێرەدا دەمەوێت بزانم کە لەژێر کاریگەری چ شتێکدا بیرۆکەی قەسیدەیەک لای تۆ لەدایک دەبێت و پێناسەی شیعر لای تۆ چییە؟ ئایا لە ڕێی شیعرەکانتەوە بەدەر لەو دونیا پڕ لەتەسەوف و حاڵەتە عیرفانییە دەتەوێت چ خیتابێک بگەیەنیت بە موتەلەقی؟**

**هیوا قادر:** پرسیارەکەی تۆ وایلێکردم بیر لەیەکەم نووسینی شیعری خۆم بکەمەوە، من منداڵێکی تا بڵێی موتەحەیربووم لەبەردەم هەموو شتێکدا. ئاسایی بوو من ڕۆژێکی دوور و درێژ دوای مێروولەیەک بکەوم بۆ ئەوەی تێبیگەم بزانم چیدەکات، سەرسامبوونی بە هەموو شتتەکانی دەوروبەرم لە قۆناغێکی منداڵیمدا تا ئەو ئاستە گەیشت کە دەتووت بەدەم خەوەوە دەڕۆم کاتێک خۆم دەدایە دەست خەیاڵاتەکانی خۆم و بۆ دوورترین شوێن دەڕۆیشتم، من زۆر لەزەتم لەخەیاڵکردن و



بەفەنتازیاکردنی دنیا دەبینی، دنیام سەرلەنوێ لە خەیاڵی بێگەرد و بێ گوناهی خۆمدا دروستدەکردەوە، لەدڵی خۆمدا بۆ ئەو گەورانە دەگریام کە توڕەدەبوون و لەگەڵ یەکتریدا شەڕیان دەکرد، وەک پێغەمبەرێکی پچکۆلە کە دەسەڵاتی هیچی نییە خەیاڵی خۆی نەبێت دەمویست هەموو دنیا جوان بکەم، دەمویست هەمووشتێک هێمن و ڕێک و ئارامبێت، لە دڵی خۆمدا گەورەکانم لەگەڵ یەکتریدا ئاشتدەکردەوە، منداڵە وڕکگرتووەکانم دەخستەوە پیکەنین و یاریکردن. لەپی دەستی منداڵە دەم بەهەنسک و گرینۆکەکانم پڕدەکرد لە پارەی ووردە، گوڵم دەدایەوە لە یەخەی ژیان، دەمی مامۆستا جنێوفرۆشەکانم پڕدەکرد لە پێکەنین... بەڵام من لە ڕاستیدا نەمدەتوانی ئەو کارانەبکەم بەڵکە هەموو ئەوانە خەیاڵی خۆم بوون، لەودەمەوە ئیتر دڵ یەشانی من لە ژیان دەستی پێکرد، خۆشم منداڵێک بووم بێ ئەندازە دڵم ناسک بوو، بێ ئەندازە هەستمدەکرد پێویستم بە خۆشەویستی هەمووانە.
لەو سەروەختەدا زۆر حەزم لە وێنەکێشان بوو، هەستمدەکرد تەنها وێنەکێشان لەزەتێکم دەداتێ کە لە هەموو یارییەکانی تر خۆشتربێت، زۆر سەرسامبووم بە ڕەنگەکان و تێکەڵکردنیان بە یەکتری، ئەم حەزکردنەم بە ڕەنگ وایلێکردم حەز لە گۆڤاری منداڵان بکەم، رۆژانەکەم پانزە فلس بوو دەمدا بە گۆڤارێکی منداڵان کە بە زمانی عەرەبی بوو ناوی (المجلتی) بوو، من عەرەبیم نەدەزانی، بەڵام خەیاڵم هاوکاریدەکردم تا لەڕێی وێنەکانەوە چیرۆکەکان سەرلەنوێ دروستبکەمەوە و تێیانبگەم.

یەکەم نەخشی خۆشەویستیم بۆ کتێب و خوێندنەوە لێرەوە دەستپێیکرد، دواتر دەستمکرد بە لەبەرکردنی شیعری زۆرینەی شاعیرە کلاسیکییەکان، ڕەنگە سەدان دێڕم لە دڵی خۆمدا لەبەرکردبێت، ئەگەرچی لە زۆرینەشیان نەدەگەیشتم، بەڵام هەستمدەکرد مۆسیقایەکی تێدایە کە پڕە لە ڕەزمێکی دڵخۆشکەر. ئەم لەبەرکردنی شیعرانە وایانلێکردم منیش بیر لە نووسینی شیعر بکەمەوە. بەخۆم دەووت منیش بۆ وەک ئەوان شیعر نەنووسم ؟! ئەمە یەکەم پرسیاری من بوو لەئاست موتەحەیربوونمدا بەرامبەر بە شاعیرانی کلاسیکی، دواتر بە دزی و شەرمەوە چەندان دێڕم نووسی بەڵام وەک شیعرەکانی ئەوان جوان نەبوون، بۆیە شاردمنەوە و هەرگیز نەمهێشت کەس بیان بینێت. ناچار کەوتمە خوێندنەوەی شیعرەکانی ڕوانگە، شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و لەتەیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێوم دەخوێندەوە، ڕۆژێکیان لەگەڵ هەستکردن بە گوناهێکی زۆر کەوتمە هەڵبژاردنی چەندان دێڕ لە شیعری جوانی ئەو شاعیرانە. دواتر نیودێڕی شیعرەکانیانم بەیەکەوە نووساند و لە هەموو ئەو دێڕە جیاوازانە شیعرێکم دروستکرد، زۆر دڵم پێیخۆش بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەستم بە گوناهێکی گەورە دەکرد کە ئەو شیعرەی من دروستمکردبوو هی ئەوان بوو نەک هی من. خولیای حەزکردن بە نووسینی شیعرێک و بوون بە خاوەنی شیعرێک وازی لێ نەدەهێنام، چەندان جار تێکەڵکردنی ئەو دێڕ و وێنەی شیعریانەم دەهێنا و شیعرێکی ترم لێ دروستدەکردن، بەڵام هیچ کاتیک جورئەتی



ئەوەم نەبوو پیشانی هیچ کەسێکی بدەم وپێی بڵێم کە شیعرێکم نووسییوە. تا ڕۆژێکیان هەواڵی شەهیدبوونی کوڕە مامێکم گەیشت و من بۆ یەکەمجار شیعرێکم نووسی کە هیچ دێڕێکی هی هیچ شاعیرێکی تر نەبوو، بۆ یەکەمجار بە کوڵ بۆ شیعرێکی خۆم گریام کە نوسیبووم. لەوێوە زیاد لە ماوەی سێ ساڵ من هەر بە دزییەوە دەمنووسی و پیشانی کەسم نەدەدا، تا ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجار عاشقبووم و جورئەتی عەشق وای لێکردم شیعرەکانم پیشانی هاورێکانم بدەم. ئەمە سەرەتای نووسینی شیعری من بوو.

من ناتوانم هیچ تەعریفێک بۆ ئەم سەرەتایە دابنێم، بڵێم بۆچی شیعرم نووسی و دەستم لە وێنەکێشان و وەرزش و سیاسەت هەڵگرت و ئەدەب بوو بە جدیترین کاری من لە ژیاندا، بەداخەوە من وەڵامی ئەم پرسیارەم لەلانییە. ئەم نهێنییە زۆر لەو یادوەریانەش کۆنتر و پڕ تەلیسمترە کە ئێستا من لەبیرمن و بۆ تۆیان دەگێڕمەوە، ئەمانە هەمووی ئەو نهێنیانەن کە لە پشتی نووسینەوەن و ئینسان ناتوانێت دەست بخاتە سەر هەرە هۆکارە راستەقینەکانیان. ڕەنگیشە بۆ ئەوە شیعرم نووسیبێت بۆ ئەوەی دنیا بەجوانی و بێگەردی ڕابگرم، نازانم...

لەڕاستیشدا ناتوانم کۆنکرێت پێتبڵێم لەژێر کاریگەری چ حاڵەتێکدا قەسیدەیەک لەلای من دروستدەبێت، جاری واهەیە شاعیر چەندان قەسیدە دەنووسێت بۆ ئەوەی بگات بە نووسینی قەسیدەیەکی کامڵ و تەواو، من لەم ڕۆژانەدا دوای

چەند جار گوێگرتن لە قەسیدەی "ئەو ڕۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدات" بۆم دەرکەوت کە یەکەم هەوڵی من بۆ نووسینی ئەم قەسیدەیە لە ڕۆژەکانی ڕاپەڕیندا بوو، بەڵام ئەو کاتە نەمتوانی ئاوا کامڵ بینووسم، بەڵکە تەنها شیعرێکم نووسی کە باسی ئەوەم دەکرد "گەر بکوژرامایە چی ڕوویدەدا". بەڵام دواتر دوای دوانزە ساڵ من ئەو شیعرەم بەکاملی نووسییەوە، بۆیە هەندێک جار بیرۆکەی نووسینی شیعرێک لەگەڵ عومردا درێژدەبێتەوە تا کاتی نووسینی، هەروەها هەندێک جاریش بیرۆکەی خێراڕەوت و تیژپەڕدێت و دەبێتە هۆی نووسینی قەسیدە. هەندێ جاریش شاعیر خۆی دادەنیشێت و شیعرێک دەنووسێت کە دەیەوێت، ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بە باری ڕۆشنبیری و دەروونی شاعیرەکەوە هەیە.

بەڵام من لە ئەزموونی خۆمەوە فێری ئەوەبووم کە تا ئەزموونی شاعیر دەوڵەمەندتر و کامڵتربێت، زیاتر لەو ساتە خێراتێپەڕ و کورتخایەنانە دوردەکەوێتەوە و پرۆسەی نووسین دەگۆڕێتە سەر پرۆسەیەکی مەعریفی، من هەرگیز لەو جۆرە شاعیرانە نیم کە خێرا ڕووداوێک دەیان هەژێنێت و دەنووسن، هەر بۆیەشە بەرهەمی شیعری من لەچاو تەمەنی نووسینمدا بەژمارە کەمن. موستەحیلە بهێڵم تۆ وەک خوێنەر شیعرێکی من ببینیت ئەگەر خۆم سەد دەر سەد لێی ڕازینەبم.

من هەمیشە ئەو کاتانەی کە دەنووسم دڵم زۆر تەنگە، وەک ئەوەی نهێنییەکانی هەموو دنیا تۆڕێکی تەنک داپۆشیبێت و



من بتوانم دیوی ئەو دیوی ئەو تۆڕە تەنکە ببینم، تا ئەو ڕادەیەی کە هەستدەکەم توانای گرتن و بینینی نادیار و مەحاڵم هەیە، ئەوکاتانە کاتی نووسینی شیعری منن، ئەوکاتانەشی کە دەنووسم هەستدەکەم من لە هەموو مرۆڤاکانی سەر ئەم گۆی زەوی جیاوازترم، بۆیە هەست بەتەنیاییەکی غەریب و ترسناک دەکەم، من پێشوەخت دەزانم کە دەبێ بنووسم، بۆیە لەم ساتانەدا پێویستم بە تەنهایی و بێدەنگی و مۆسیقا هەیە، هەرگیز نامەوێت لە ساتی نووسیندا کەس بمبینێت، وەک "ئامۆس ئۆز" دەڵێت: نووسین لەلای من وەک مومارەسەکردنی سێکس وایە کە پیویستی بە فەنتازیایەک هەیە کە تەنها هی ئەو ساتەیە. دیارە قۆناغەکانی نووسین لای هەر نووسەرێک جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە، وە هەر قۆناغێکیش هەڵگری کۆمەڵێک مانا و پێناسەی جیایە بۆ ئەدەب و دنیا و ئینسان.

خۆشەویستی من بۆ ئینسان، وای لە شیعری من کردووە کە زیاتر لە شیعری تەسەوفەوە نزیکبێت، من "متەسەوفیکی بێ خودام" گەر بکرێت وابڵێم، چونکە خودای من ئینسانە. من زۆر گرنگییەکی تایبەت بە شتە ووردەکان دەدەم، چونکە هەستدەکەم گرنگیدان بە شتە وورد و نادیارەکان لە ئەدەبدا زیاتر ئەدەب دەبەنەوە باوەشی ژیان، بۆیە هەمیشە من دەمەوێت باوەش بە ژیاندا بکەمەوە. تەسەوف لای من پردێک نییە بۆ گەیشتن بە خودا، بەڵکە پردێکە بۆ گەیشتن بە

ئینسان، بەو هەموو شتە ووردانەی کە لەدەوروبەری ئینسانن و بەهای جوانی بە ژیانی ئینسان دەدەن.

من خاوەنی هیچ پەیامێک نیم، نووسین لای من پەیام نییە، چونکە کردنی نووسین بە پەیام واتا بەپیرۆزکردنی نووسین، واتا دەستنیشانکردنی جوانی و ناشیرینی، واتا بە ئایدۆلۆژیکردنی ئەدەب، کە دواتر لەڕێگەی ئەم بە پەیامکردنەوە ئەو ئینسانانەی تری پێ زەلیلدەکرێت کە باوەڕیان بەو پەیامە نییە.

ئەدەب هەمیشە سەرسوڕمانی ئینسانە لە بوون، پرسیاری تەنهایی خۆیەتی لە ژیاندا، گەڕانە بەدوای ئەو پرسیارانەدا کە بوونی ئینسان لە ژیاندا دەستنیشاندەکەن، سەرهەڵبڕینی ئینسانە لەبەرامبەر هەموو ئەو نهێنیانەی وجودا بۆ ئەوەی لەوێوە ئینسان بچێتەوە ناو چەقی ئەو پیرۆزیانەی کە ئینسانی تێدا دەرکراوە، چونکە هیچ شتێک لە ئینسان پیرۆزترنییە لە ژیاندا، پیرۆزی ئینسان لەسەروو پیرۆزی هەموو پیرۆزییەکانی ترەوەیە.



**ئەدەب و هونەر ژمارە 591/590ی 2008**

**هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە بوترێت نابێت ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵاتدا کاربکات، بەڵام هەڵەیەکی زۆر لەوە گەورەترە گەر بێت و داوا لە ڕۆشنبیری کورد بکەیت لەگەڵ دەستەڵاتی کوردیدا کاربکات.**

ئامادەکردنی: ژاوێن شاڵی
080617

.

**ژاوێن شاڵی: جەنابت بەوە ناسراویت کە هەمیشە لە شیعرەکانتا سروشت بونێکی فراوانی هەیە، وە هەمیشە ڕۆحیەتێکی جوان بە شیعرەکانتەوە دەبینرێت هەر ئەمەشە وایکردووە کە شیعری تۆ زیاتر بەرەو ناسکی بڕوات، ئەم تێکەڵاوییە زۆرەی سروشت لە شیعرەکانی "هیوا قادر"دا بۆچی ئەگەڕێتەوە؟**

**هیوا قادر:** من بۆ خۆم ڕەنگە نەتوانم بەتەواوەتی دەستبخەمە سەر هۆکارەکانی گەڕانەوەی بەردەوامم بۆ سروشت، ڕەنگە بەشێکی لەنادیارییەکدا بێت کە خۆشم نەتوانم پەیی پێبەرم. بەڵام من هەمیشە هەستێکی بەرایم هەیە بەرامبەر بە سروشت، هەستێک وەک وەرگرتنی هێزێک وایە بۆ بیرکردنەوەی بەردەوام و تێڕامان، بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ژیان لە ڕێگەی شتە بچووکەکانەوە، من بۆ خۆم پێموایە ئینسان لە ڕیگەی شتە بچووکەکانەوە دەتوانێ سەرلەنوێ بێتەوە ناو ژیان و ئاشتبێتەوە لەگەڵیدا. سروشت بۆ من ئەو شوێنە جیاوازەیە کە دەتوانم تێیدا باشتر بیربکەمەوە.
کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە کە هەمیشە لەڕێێ مانا گەورەکانەوە ئینسان ئامادە دەکات بۆ ژیان، مانا بچووکەکان فەرامۆش دەکات، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوەبێت کە هەمیشە کۆمەڵگەی ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی فەوتاندن و نەماندا وەستابێت، لەبەرئەوە پێویستی بەکۆمەڵێک مانای گەورە و چارەنووس ساز بووە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، هەر بۆیە ڕێی بە



مانا بچووک و ناسک و ئینسانییەکانی تر نەداوە بێنەپێشێ بۆ ئەوەی نەبادا ببنە هۆی بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە بیرکردنەوەی باو و ئینسان بەرەو هەستکردن بەلاوازی بەرن. ئینسانی ئێمە لەوەتەی هەیە لە ڕێی دین و ئایدۆلۆژیاکانەوە ئامادەدەکرێت تەنها بۆ ئەوەی هەر هێندە بیربکاتەوە کە بەشی درککردن بەو مانایانە بکات کە مانای خۆبەختکردنن لە پێناوی وڵات و حزب و دین و ئایدۆلۆژیادا، نەک لە پێناویی خۆشەویستنی ژیان و خودی ئینسان خۆیدا.
نزیکی من لە شتە بچووکەکان لە ڕێگەی سروشتەوە ڕەنگە بەشێکی پەرچەکرداری ئەم جۆرە تێڕوانینەبووبێت کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە.

**ژاوێن شاڵی: واتە تۆ دەتەوێت لە ڕێی سروشتەوە بۆ بەشە ونبووەکەی خۆت بگەڕێیت، وە لەگەڵ ئەو بەشە ون بووەدا ئاشت بیتەوە؟**

**هیوا قادر:** ئەدەب هەوڵدان نییە بۆ گەیشتن بە کەماڵ و حەقیقەتێکی بێ چەندوچوون، ئەمە ئەو خاڵەیە کە ئەدەب لە دیین جیادەکاتەوە، من لە ڕێێ سروشتەوە دەتوانم بەشێکی ئەو دیوە نادیارانەی خۆم بناسم، دەتوانم هەندێک جار خۆم لەگەڵ خۆم ئاشتبکەمەوە، ئاشتکردنەوەی خۆم لەگەڵ خۆم، دەستلێدانی منە لە ژیان، لە جوانی، هەروەها ئامادەبوونی منە

لەبەردەم ئەو پرسیارانەدا کە واملێدەکات هەمیشە هەستبکەم کە بوونی من بە بوونی پرسیارەکان و بیرکردنەوەکانمەوە بەندە.

**ژاوێن شاڵی: ئەدەبی نامە یەکیکە لە بوارەکانی ئەدەب، بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە زۆر کەم لە ئەدیبانی ئێمە ئەو رێچکەیەیان گرتووە، تۆ یەکێکیت لەوانەی کە لەم بوارە جێدەستی خۆت نیشان کردووە، تۆ لەرێی ئەو نامانەوە دەتەوێت رێچکەیەکی جیاواز بۆ خۆت هەڵبژێریت؟ یاخود جیاوازی ئەدەبی نامە چییە لە لقەکانی تری ئەدەب؟**

**هیوا قادر:** جیاوازی ئەدەبی نامە لەگەڵ کایەکانی تری ئەدەبدا ئەوەیە کە "خود" هەمیشە ئامادەیە بەبێ خۆشاردنەوە لە ناو بیرکردنەوەی زماندا. برەوپێدانی ئەدەبی نامەش لەناو ئەدەبیاتی هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندیی بە کراوەیی و خەونی نووسەرەکانیەوە هەیە، چونکە تۆ لە رێێ نامەوە کەسی بەرامبەر دەدوێنیت، دواندنی کەسی بەرامبەر لەو خاڵەوە دەستپیدەکات کە تۆ ترس و شەرمت نەبێت لە باسکردن و گوزارشتکردن لە خۆت لە بەردەم کەسی بەرامبەردا.
هەروەها دروستبوونی تاک "ئیندڤید" وەک بیرکەرەوەیەک بەبێ خۆبەستنەوەی بە تێگەیشتنە باو و گشتییەکانەوە، یارمەتیدەرێکە بۆ دروستبوونی ئەو تێگەیشتنەی کە بتوانێت سەیری هونەری ئەدەبی نامە بکات وەک کایەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆی.



**ژاوێن شاڵی: جیا لەم هەوڵەی تۆ (بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت)، تا ئێستا نوسەری ئێمە بە ئەدەبی نامە ئاشنا نییە، بۆچی تا ئێستا ئەدەبی نامە لای ئێمە نەبۆتە نەریتێک، یاخود نەبۆتە بەشێک لە نوسین؟**

**هیوا قادر:** بەشێکی پەیوەندی بە ترسەوە هەیە لە ئازادی، بەشێکیشی پەیوەندی بەو تێگەیشتنە باوەی کۆمەڵگاوە هەیە کە دەبێت خوێنەرانی ئێمە شتە تایبەتی و نهێنییەکانی نووسەران تەنها دوای مردنیان بخوێننەوە. ئەم تێڕوانینەش ترسێکی تایبەتی لای نووسەران دروستکردووە کە جورئەتی باسکردنی خۆیان نەبێت وەک ئەوەی کە هەن، نەبا بکەونە بەر زەبری مەرجە کۆمەڵایەتییەکان.
ژیانی من لە ئەوروپا و ئاشنابوونم بەم کایە ئەدەبییەی دنیا، هۆکاربوون بۆ ئەم دەستپێشکەرییەی من، من دەزانم دنیایەک نامەی جوان و تایبەت هەن لە نێوان نووسەرانی کوردا کە نایانەوێت وەک کایەیەکی ئەدەبی بڵاویانبکەنەوە، ئەمەش بەشێکی هۆکاری ئەو ترسەیە کە باسمکرد. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت نامەکانیش وەک هەر کایەیەکی ئەدەبی تایبەتن بە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی نووسەران خۆیانەوە، تۆ نابێت تا مردن ئەو نووسەرانە قەرزاربارباربکەیت بەو پەیوەندیانە و بەو جۆرە خۆڕووتکردنەوانەی کە لەنامەکاندا باسیان کردووە.

نامە پیش هەرشت هەڵگری ڕاستییە پەتی و سادەکانی نووسەرەکانیانن لەسات و کاتی دیاریکراودا، دواتر هەڵگری بەشێک لەو حەقیقەتانەن کە باسکراون و پەیوەندیاشیان تەنها بەو زەمەنانەوە هەیە کە نامەکانیان تێدا نووسراوە.
خولقییەتی من لەگەڵ نووسینی نامەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی هەرزەکاریم کاتیک کە من و هاوڕێم "ئیسماعیل حەمە ئەمین" لە سلێمانی دەژیاین، هەفتانە چەندان نامەمان بۆ یەکتری دەنووسی و لەو ڕێیەوە باسمان لە خەمە ئەدەبی و ئینسانییەکانی خۆمان بۆ یەکتری دەکرد،  ئەگەرچی ڕۆژانەش یەکتریمان دەبینی. بۆیە ئەدەبی نامە بۆ من لە زۆر زووەوە کایەیەکی تایبەت بووە بۆ گوزارشتکردن لە زەمەن و لە شوێن و لە خۆم وەک ئینسانێکی بیرکەرەوە.

**ژاوێن شاڵی: پێتوانیە کە خوێنەری ئێمە زۆری ماوە بگاتە ئەوەی لە نامەیەکی ئەدەبی تێبگات، بۆ نموونە لە (بۆنی شەراب)دا لەوانەیە ئاسای کەسێک بیخوێنێتەوە بە نامەیەکی عاشقانە تێی بگات، بەڵام لەوانەیە لە پشت ئەم نامانەوە، لە ناواخنی ئەم نامانەوە کۆمەڵێک مەرامی تر هەبێت؟**

**هیوا قادر:** خوێنەران ئازادن چۆن تێدەگەن، ناکرێت ئێمە چاوەڕێی خوێنەران بکەین تا بزانین چۆن لێماندەگەن. ئاستی خوێندنەوەکان جیاوازن، بەڵام هەموو نووسەرێکیش لە ئاستی خۆیدا خوێنەرانێک بۆ خۆی دروستدەکات کە دواتر زەحمەتە



ئەو خوێنەرانە بەهیچ بەرهەمێکی ئەدەبی نووسەرانی تر ڕازیین کە لەخوار ئەو ئاستەوەبن. کەواتە ئاستی خوێنەرانیش پێ بە پێێ ئاستی مەعریفی نووسەران و هێزی داهێنانیان دەگۆڕێن.
ڕاستە ئێمە کۆمەڵێک نامەی سادە و عاشقانەشمان هەیە کە لەسەر شۆستەی شەقامەکانی شار دەفرۆشرێن، ئەمانەش خوێنەری سادەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەمانە هیچ کات هێزی مانەوەیان نییە و قورسایی ئەدەبیشیان نییە، وە هیچ کات ئەمانە ناتوانن ئەو کایە ئەدەبییە دروستبکەن کە ناوی کایەی ئەدەبی نامەیە.

**ژاوین شاڵی: تۆ یەکێک بویت لە نوسەرانی ڕەهەند، ڕەهەندییەکانیش کۆمەڵە نوسەرێک بوون کە هەمیشە قورسایی خۆیان لەناو خوێنەراندا هەبووە، وە کاریگەرییەکی زۆری مەعریفیان جێهێشت بە تایبەت لای چینی گەنج، نەمانی تۆ لە ڕەهەند بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**هیوا قادر:** من هیچ کات وازم لە ڕەهەند نەهێناوە، بەڵام دیارنەبوونی من لە ڕەهەندا لەو ژمارانەی دواییەوە هۆی ئەوەبوو، کە چاپکردنی گۆڤاری ڕەهەند و بەڕێوبردنی کارەکانی درایە دەست کاک "ئاراس فەتاح" لە ئەڵمانیا. لە ژمارە دووی ڕەهەندەوە هەموو کارە ئیدارییەکان و چاپکردنی و زۆرینەی جار نووسینەوەشی لە ئەستۆی مندا بووەو لە

ستۆکهۆڵم چاپمکردوون. بەڵام لەو کاتەوەی کە چووە لای کاک ئاراس، بەهۆی سەرقاڵی ژیان و کاری خۆیەوە، هەروەها بە هۆی نەبوونی کۆ بەرهەمێکی وا کە لەئاستی گۆڤارەکەدا بێت، ڕەهەند ووردە ووردە ئەو گڕوگەرمییەی جارانی نەما و بەردەوام نەبوو لە بڵاوکردنەوەی.
بەڵام من پێموایە ڕەهەند وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی کاری خۆی کرد و ئەگەر وەک گۆڤارێکیش چیتر دەرنەچێت، کێشەیەک نییە، بەتایبەت کە دەبینیت نووسەرانی ڕەهەند لە دنیای کوردیدا کەسە هەرە چالاک و دیارەکانی ناو ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردین.

**ژاوێن ساڵی: ڕەهەند کاری خۆی کرد و نوسەرانی ڕەهەندیش بە بەرهەمەکانیان ئەوە دەسەلمێنن، ئەمە وەک ڕەهەند، نوسەرانی دوای ڕاپەڕین چۆن دەبینیت؟ ئومێدی ئەوە دەکەیت کۆمەڵێک دروست بێتەوە وەک ڕەهەند بتوانێت جارێکی تر تازەگەری بخاتە کۆمەڵگاوە؟**

**هیوا قادر:** وەک ڕەهەند نازانم، بەڵام بێگومان، تا ئینسان هەبێت خەون و داهێنانیش دەمێنێت، چونکە هەرگیز ناکرێت تۆ هەموو سەرمایەی داهێنانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بدەیت بە گروپێک و هەموو ئەوانی تری لێبێبەری بکەیت. دەکرێت ئەم خانەبەندییە پەیوەست بکەیت بە قۆناغ و شێوازی کارکردن و



ئەو پرسیارە تایبەتیانەی کە هەر کەس و گروپێک دەیخاتەڕوو.

**ژاوێن شاڵی: بەڵام زۆرێک لە نوسەران هیچ ئومێدێکیان بەم نەوەیە نییە، تروسکاییەک لە گەنج نابینن لە هیچ یەکێ لە بوارەکانیا، وە گەنج ناوزەد دەکرێت بە کەسێکی خاڵی لە مەعریفە، تۆ پێتوایە هەموو گەنجێکی ئەم سەردەمە خاڵییە لە مەعریفە؟ ئایا هەموو ئەوانەی دەنوسن بەهەمان شێوە خاڵین لە مەعریفە؟**

**هیوا قادر:** ئەوە کێیە کە هێندە جورئەتی ئەوەی هەیە ئەم سەرنجە بەسەر هەموو گەنجاندا دەسەپێنێت؟! کەس ناتوانێت وابڵێت. بۆ من زۆر زەحمەتە سەرنجێکی ئاوا بەسەر گروپێکی ناو کۆمەڵگەیەکدا بسەپێنم. من کەسێکم هەمیشە خۆم بە دوور دەگرم لە سەرنجی دەستە جەمعیانە بەتایبەت کە ئەو سەرنجە پەیوەندی بە ئینسانەوە هەبێت.
بەلایەنی کەمەوە تۆ زیاتر لە نیو ملیۆن گەنجت لە کوردستاندا هەیە، چۆن ئەم هەموو ئینسانە لەناو تەعریفێکدا کۆدەکەیتەوە!
تۆ جارێ هیچ هەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیت بەم گروپە نەداوە تا ئەوان خۆیان پیشان بدەن و گوێمان لە دەنگیان بێت، گوێمان لە داواکارییەکان و خەونەکانیان بێت بۆ دواڕۆژ.
تەنانەت لە ئەدەبی کوردیشدا تۆ کایەیەکت نییە تایبەت بێت بە

کایەی ئەدەبی گەنجان و مێردمنداڵان. ئیتر تۆ چۆن دەتوانیت هەموویان لە بۆتەی ناولێنانێکدا قەتیسبکەیت.
تا ئێستا تووڕەبوونی گەنج، کە یەکێکە لە سیفاتە سەرەکییەکانی خۆی، نەبۆتە پڕۆژەیەک بۆ سودوەرگرتن لە گۆڕانی کۆمەڵگە، تا ئێستا گەنج خاوەنی سیمای تایبەتی خۆیی نییە، سیمایەکی زۆر سەرابی و نادیاری هەیە، هەندێک جار وەک دەنگێکی تورە دەردەکەوێت، هەندێک جار یاخی لە هەموو شت، هەندێک جار ڕازی بە هەموو شت، هەندێک جار توانای بینینی جوانی نییە، هەندێک جار پڕە لە جوانی و کەچی کەس نایبینێت.
ئەو ناونانەش لە گەنجان کە گوایە گەنجان خاڵین لە زانین، ناولێنانێکی سیاسیانەیە، ئەو کەس و عەقڵییەتەی کە ئەم ناولێنانەی داڕشتووە پێش هەرشت داوایەکی سیاسیانەی لە گەنجان هەیە و دەیەوێت گەنجان هەڵگری ئەو پەیامە سیاسیە بن کە ئەو دەیەوێت.
تا ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا سیمای گەنج و شوناسی گەنج دیارنییە، ئەوەی یارمەتی سیمای گەنج و شوناسی هەمیشە ڕوو لە گۆڕانی گەنج دەدات کە دەرکەوێت، ئازادییە، نەبوونی ئازادی، نەبوونی دروستکردنی کەناڵی جیاواز لە لای دەسەڵاتی کوردییەوە بەبێ چاوەڕوانکردنی دەسکەوتی حیزبی و سیاسی لەلایەن گەنجەوە بۆ خۆی، بۆتە هۆی ئەوەی ئێمە توێژی گەنجان نەناسین، ئێمە تورەبونێک دەناسین کە قوڵپە قوڵپ دەکوڵێ و لەسەر شەقامەکانە، ئەم تورەبوونەش گەنجانن،



گەنجانێک لەبەر نەبوونی هەلی ئازادی، فرسەتی کار، خەون بەو شوێن و خاکانەی ترەوە دەبینن کە ئازادیان تێدایە، کە ئەویش چوونە دەرەوەیە لە کوردستان و گەیشتنە بە ئەوروپا.
لە ئاستی نووسینیشدا، هەمیشە گەنجێک هەیە بە دیقەتەوە دەڕوانێت و سەیردەکات تا ئەو کاتەی نۆبەی قسەکردنی دێت، بێگومان ئێمە چۆن ڕۆگارێک گەنج بووین و ئێستا قسەکانی خۆمان دەکەین، ئەوانیش دێن و قسەکانی خۆیان دەکەن.

**ژاوێن شاڵی: پێتوایە ئەدەبێک هەبێت بە ناوی ئەدەبی ژنان؟ یاخود لە ئەدەبدا نابێت جیاکاری هەبێت، (ئەوەی کە دەڵێن ئەدەبی ژنانە و ئەدەبی پیاوانە)؟**

**هیوا قادر:** تکایە با تا دەتوانین خۆمان ببوێرین لەم ناونانە "فیوداڵییە" بۆ ئەدەب، شتێک نییە ناوی ئەدەبی ژنان و پیاوانبێت، ئەدەبێک هەیە هی هەموو مرۆڤایەتییە، ئەو ئەدەبەش ژنان و پیاوان و هۆمۆسێکسوێلەکان و... ئەوانی تر دەینووسن و تەنها پێوەرێک بۆ ئەم ئەدەبەش پیوەری داهێنانە و هیچی تر. بەڵام ئێمە دەتوانین باس لە شێواز و جیاوازی زمان بکەین بۆ نمونە لەو بەرهەمانەی کە پیاو یان ئافرەت دەیاننووسن، یاخود باس لە جیاوازیی بەکارهینانی زمان بکەین کە لە ناو ئەدەبی منداڵان و مێردمنداڵان و گەورەکاندا هەیە.

**ژاوێن شاڵی: بەڵام هەمیشە لە کۆمەڵی ئێمەدا ئەو جیاوازیە دەکرێت، هەمیشە دەگوترێ ئەدەبی ژنان و ئەدەبی پیاوان؟**

**هیوا قادر:** پێموانییە کە ئەمە خانەبەندیکردن و پێوەرێک بێت بۆ پیشاندانی ئاستی داهێنان، ئەمە جیاکارییەکە بۆ چاوپۆشین لە لاوازی ئەدەبی ژنان، کە پیش هەر شت دەبێت ژنان ئەم ناولێنانە قبوڵنەکەن.

**ژاوێن شاڵی: هەولەکانی ژنان چۆن دەبینیتەوە لە کوردستان، بۆ تۆ کە لە ئەوروپا دەژی، نوسینەکانیان لە چ ئاستیکا دەبینی؟**

**هیوا قادر:** من ناتوانم بە کۆ قسە بکەم، بێگومان گەلێک دەنگی ژنانە هەیە و ئازایانە دەنووسن، بۆ ئەوەی قسە لەو بەرهەمانەش بکەین کە نووسەرانی ژن دەینووسن، دەبێت هەڵوێستە لەسەر هەر یەک لەوانە بکەین. کە رەنگە ئێستا دەرفەتی ئەوەمان نەبێت.

**ژاوێن شاڵی: ئەتوانم بزانم کێن ئەو ئافرەتە نووسەرانەی تۆ وەک قەڵەمێکی ئازا دەیانبینی؟**

**هیوا قادر:** لە ناو ژناندا لە کوردستان کەژاڵ ئەحمەد و لە ئەوروپا لازۆ.



**ژاوێن شاڵی: جیاوازی لازۆ چییە لە ئەدیبە ژنەکانی تر؟**

**هیوا قادر:** ئەو فرسەتی ژیانەی کە بۆ لازۆ هەڵکەوتووە لە ئەوروپادا کە لەبەردەم فەرهەنگێکی ئازاد و ئازادی گوزارشتکردندایە جیاوازە لەو نووسەرە ئافرەتەی کە لە کوردستاندا دەژی، بەڵام بەداخەوە ئەزموونی پێشووتر ئەوەی بۆ سەلماندووین کە هەرگیز ئێمە نەتوانین گرینگتی لەسەر نووسەرێکی ئافرەت بدەین کە تاسەر بەردەوام بێت، ئەمەش هۆکاری زۆرە و بەشێکی پەیوەندی بە کوردبوونەوە هەیە.

گەر بێت و ئەو ئازادییەی بۆ نووسەرێکی کچی کورد هەیە و لە ئەوروپا دەژی، بۆ تۆش فەراهەمبێت و ئامادەبیت گۆڕان لە شوناسی خۆتدا بکەیت، بێگومانم کاریگەری ئەو ئازادییە لە نووسینی تۆشدا دەردەکەوێت. دەستگەیشتنی تۆ بە ئەدەبی دنیا و خوێندنەوەی بە زمانی عەسڵی هۆکارێکی باشن بۆ دەرچوون لە هەموو ئەو بەربەستە ڕۆشنبیرییە لۆکاڵیانەی کە نووسەران لە کوردستاندا عاسیدەکەن.

هەروەها دەستگەیشتنی نووسەرانی ئافرەت بەو ئەدەبەی کە بە ئەدەبی فێمنستی لە ئەوروپا نادەبرێت ڕزگاریان دەکات لەو باوەخولییەی کە پرە لە شیعارات و بەناوی فێمەنستی کوردییەوە لە کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت.

**ژاوێن شاڵی: پەیوەندی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات هەمیشە پەیوەندییەکی لێکپچڕاوە واتە پەیوەندییەکە بە یەکتر ناگاتەوەو**

**رای زۆرێک لەو رۆشنبیران وایە کە رۆشنبیر نابێت پاڵ بە دەسەڵاتەوە بدات، بوونی ئەم ململانێیە لەنێوان رۆشنبیر و دەسەڵاتدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**هیوا قادر:** هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە بوترێت نابێت ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵاتدا کاربکات، بەڵام هەڵەیەکی زۆر لەوە گەورەتریشە گەر بێت و داوا لە ڕۆشنبیری کورد بکەیت لەگەڵ دەستەڵاتی کوردیدا کاربکات، چونکە دەسەڵاتی کوردی کایەی ڕۆشنبیری بە کایەیەکی بیرکردنەوە و گۆران نازانێت، بەڵکە ڕۆشنبیریی لای ئەو کایەیەکە بۆ زۆرکردنی تەماحی خۆی لە پاوانکردنی دەسەڵاتدا، واتا دەسەڵات تا ئەو کاتە حورمەتی ئازادی تۆ و قسەی تۆ دەگرێت تا لەگەڵیدا نەکەویتە ناکۆکییەوە، کاری ڕۆشنبیر پیاهەڵدان نییە بەسەر دەسەڵاتدا، دەسەڵات ئەرکی خۆیەتی و دەبێت بیکات و منەت بەسەر کەسدا نەکات، گەر خراپی کرد و نەیزانی دەبێت ڕەخنەی لیبگیرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە پێستی دەسەڵاتی کوردی زۆر ئەستوورە و هیچ باکیشی بە سومعەی خۆی نییە. کە ئەم خاڵەیان هەرە مەترسیدارترین کێشەیە کە لە دوارۆژێکی نزیکدا کۆمەڵگەی کوردی دەبێت باجی زۆر گەورەی بۆ بدات.

تۆ دەبینیت تا ئێستا هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا پاداشتێک نادات بە نووسەرێک گەربێت و تەماحی سیاسی و زۆرکردنی رەمزی ئەدەبی لە پشتەوە نەبێت بۆ خۆی. هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا یەک یارمەتی مادی



نادات بە تۆ لەپاداشتی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی تۆدا گەر بێت و پیشانی نەدەیت تۆ تا مردن چاولەژێری ئەوانیت. ڕێکەوتووە لە پاداشتی پیاهەڵدان و نووسینێکی تا سەر ئێسقان سەخیف بە حیزبدا پلەیەکی ئیداری گەورە وەربگیرێت، تۆ کە ئەمە پاداشتی حیزب و تێڕوانینی حیزب بێت بۆ بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەتەوێت ڕۆشنبیری جدی کورد چی بەدەسەلات بڵێت.

من تا ئێستا چوار جار یەکێتی نووسەرانی سوید یارمەتی مادی داوم بۆ ئەوەی بتوانم ڕێژەیەک لە کارەکەم کەم بکەمەوە بۆ ئەوەی زیاتر فریای نووسین و خوێندنەوە بکەوم، بە مەرجێک من بە باش یان بە خراپ ناتوانم کاریگەریم لەسەر ئەدەبی سویدیی هەبێت و بچمە ناو ئەو کێبەرکێیەوە کە هەیە، بەتایبەتی چونکە من بە کوردی دەنووسم، بەڵام بە باش بە خراپ دەتوانم کاریگەریم لەسەر ئەدەبی کوردی هەبێت. گەر بێت و یەکێتی نووسەرانی سوید دەزگایەکی کوردی بوایە رەنگبوو دەیان داوای لە من بکردایە، یاخود دەبوو هەمیشە من بترسامایە نەبا سەرۆکی ئەو دەزگایە بە نووسینەکانم قەڵسبێت و بۆم لە جاڕبدات و بڵێ ئەوەتا یارمەتی هیوا قادرمان داوە. ئەمە ئەتەکێتی ئەو سەرۆک دەزگا و بەرپرسانەن کە تەمسیلی ڕۆشنبیری کوردی دەکەن لە دنیای کوردیدا، تۆ ئیدی چۆن وەک ڕۆشنبیرێک بێدەنگ دەبیت لەم هەموو ناشیرینیانە.

**ژاوێن شاڵی: بەڵام لێرە هەمیشە ڕۆشنبیر ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت؟**

**هیوا قادر:** لەبەر ئەوەی ئێمە دەستەڵاتێکی ناشیرینمان هەیە و کە پێشی دەڵێیت ناشیرینیت ئەو باوەڕناکات و تۆ بە ئاژاوەگێڕ و نانیشتیمانی دەزانێت و پێی وایە ئەتەکێتی بوون بە ڕۆشنبیر وایە لە وڵاتەکەی ئەودا، "بۆ ئەوەی بە ڕۆشنبیرت دابنێن دەبێت ڕەخنە لە دەسەڵات بگریت".  تا مانای ناشیرینی بڕکات دەسەڵاتی کوردیی ناشیرینە، تا نەزانین بڕکات و بەخۆی نەزانێت دەسەڵاتی کوردی نەزان و کوێرە. نەخوێنەوارترین گروپی کوردیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئێستا گروپی سیاسی کوردییە، کە ئێستا خاوەنی دەستەڵاتە و هێشتا ئەو بە ڕۆشنبیری کورد دەڵێت کە گوایە ڕەخنەکانی بێ ئینسافانەیە.
با من لە سادەترین شتە ڕۆژانەییەکانەوە دەستپێبکەم، من لەم هاتنەوەمدا بۆ سلێمانی ڕۆژێک بۆ ئەو هەموو درەختە پیرە گریام کە لە شەقامی مەولەوی بەبێ هیچ هۆیەک بڕیویانەتەوە، ئەو درەختانەی بەلایەنی کەمەوە تەمەنیان پەنجا شەست ساڵ دەبوون، دەبوو پارێزگای سلێمانی و بەڕیوبەری شارەوانی سلێمانی شەرم بیانگرێت کە چەندە بێ زەوق بوون و ڕازیبوون لەژێر هەرچ بیانوویەکدا بێت بهێڵن ئەم کارە بکرێت. تۆ ئەم هەموو ناشیرینی و ناهونەرمەندییە لەناو دەسەڵاتدا دەبینیت، دەبێت هیچ نەڵێیت! ئەمە نموونەیەکی بچکۆلەیە کە



باسی دەکەم، من چۆن بتوانم لەگەڵ دەستەڵاتێکدا ئاشتبمەوە کە ئەوەندە بێ زەوقە، من کە هەست بە ماندووبوون دەکەم لە ئەوروپادا وەک خەڵکە هیندییە لە سروشت نزیکەکانی کۆن، دەچمە دارستانێک و باوەش بە درەختێکدا دەکەم و دەمەوێت هێز و جوانی لەو درەختە وەربگرم کە ژیانی ڕۆژانە و کارکردن لێمزەوت دەکات، بەڵام دەبینم، هەموو درەختەکانی یادوەری منداڵی من دەبڕێتەوە بەناوی جوانکردنی شەقامێکەوە کە دواتر نەک جوانی ناکەن بەڵکە هێندە ناشیرینی دەکەن نایناسیتەوە، ئەمە جگە لە ناشیرینکردن و تێکدانی جوانییەکی مێژووی ئەو شەقامە و لوشدانی پارەیەکی زۆری بێ بەرنامە هیچی تر نییە. وە من "ژاوێن" تۆ دڵنیا دەکەمەوە ئەو بەرپسەی کە دەستی لەم کارەدا هەیە و کاتێک ئەم قسانەی من دەخوێنێتەوە کە ئێستا لەگەڵ تۆدا دەیکەم ڕەنگە قاقا بەهەردووکمان پێبکەنێت، یان قسەکەمان وەک نوکتەیەک لە مەجلیسێکی قوربان قوربانی خۆیاندا بە پێکەنینەوە بگێڕێتەوە، نەک شەرم بیگرێت.
تۆ ئیتر دەتەوێت ڕۆشنبیری کوردی لە کوردستاندا چی بکات، کە ڕۆژانە بەرەوڕووی دەیان کاری وا ناشیرین دەبێتەوە، دەبێت دەسەڵاتی کوردی لەوە تێبگات کە ئەوە کاری ڕۆشنبیری کوردیی نییە بەشان و باهووی دەسەڵاتدا هەڵبدات، ئەوەتا حیزبی کوردی چەندان لەشکری بەناو ڕۆشنبیری حیزبیان دروستکردووە و لەدوای هەر خوتبەیەکی سەرۆک حیزبەکەیانەوە ئەوانیش ڕۆژی دواتر دەکەونە گمەگمکردن و

جۆرە نووسینێک دەنووسن کە جگە لە دەنگدانەوە هیچ شتێکی تر نییە. دەسەڵاتی کوردی دەبوو لەبری دروستکردنی ئەو لەشکرانە خۆی لە خەڵکی و ڕۆشنبیرانێک نزیکبکاتەوە کە ئاگایان لەو قوڵپەقوڵپی تورەبوون و بێزارییەیە کە لەسەر شەقامەکان و ناو ماڵەکاندان. نەک لەشکرێک ڕۆشنبیری مشەخۆری معاشخۆری توتیئاسای دروستبکردایە. تاکو بتوانرایە ئەو هێزی تورەبوون و ڕەخنانەی کە هەیە ببوونەیاتە هێزی گۆڕان و متمانە دروستکردنی نێوان دەسەڵات و خەڵکی.

**ژاوێن شاڵی: سەفەرکردن یەکێکە لەو ئەزموونانەی کە لەوانەیە کۆمەڵێک ئایدیاو شتی جوان لە رۆحی مرۆڤدا بخولقێنێت، بەپێی ئەوەش کە هەمیشە روئیای ئەدیبێک یان هونەرمەندێک لە روئیای کەسێکی تری ئاسایی جیاواز دەبێت، ئەپرسم کاتێک کە تۆی نوسەر سەفەر دەکەیت و دنیای دەرەوە دەبینیت، رەنگبێ کۆمەڵێک فیکرەی تازە و جوان لە نوسینی تۆدا سەر هەڵبات، ئەو جیاوازیانە چییە کە سەفەر لە ناخی مرۆڤدا دەیخولقێنێت؟ چ زەرووڕەتێکە کە واپێویست دەکات شاعیر یاخود نوسەر سەفەر بکات و بە دنیای دەرەوە ئاشنا بێت؟**

**هیوا قادر:** بۆ ئەوەی هەمیشە تۆ خۆت بناسیت، پێویستە ئەوەی بەرامبەر بناسیت، یاخود خۆت لەناو چاوی ئەوەی بەرامبەردا بەجۆرێکی تر ببینیت کە پیشوتر خۆت وات



نەبینیوە، ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەو پرسیارە بەراییانەی کە لەسەر شوناس و کلتوری خۆت لەلات دروستدەبن کە پێشتر پێش سەفەر لەلات دروست نەبوون.

پێموایە هەر کاری نووسین بۆ خۆی سەفەرە، سەفەری خەیاڵ و پرسیارکردن و فەنتازیاکانە، ئەگەربێت و کردەی نووسین دەوڵەمەندبکرێت بەسەفەرەکانی تر بۆ ئاشنابوون بەوی تر کە ئینسانە و وەک ئێمە خاوەنی خەون و خەیاڵ و پیرۆزییەکانی خۆیەتی، دەتوانین زیاتر نزیکبینەوە لە خاڵە هاوبەشەکانی ئینسان کە لەگەڵ یەکتریدا هەیانە. هەمیشە نزیکبوونەوە ئەگەری ئاشتی و ئارامی زیاترە وەک لە ئەگەری شەڕ و لەیەکتری تێنەگەیشتن. مادام کاری نووسینیش ئەو سەفەرەیە بە ناو ئینساندا، کەواتە ناسینی زیاتری ئینسانەکان بەرهەمی ئەدەبی قوڵتر و دەوڵەمەندتر دەکەن. هەروەها ناسینی ئەوی تر کە لە خۆمان ناچێت فێری ئەوەمان دەکات کە حورمەتی جیاوازییەکانی یەکتری بگرین، ئەمەش بۆخۆی جوانییەکی تری سەفەرکردنە کە پیش سەفەرکردن ڕەنگە تێگەیشتنێکی قوڵمان بۆی نەبووبێت.

ڕۆژنامەی ئاسۆ 2008

## ترس لەسەفەر، ترسە لە ژیان، چونکە ژیان بۆ خۆی سەفەرە

ئامادەکردنی: توانا ئەمین
070910

توانا: ئەگەر وونبوون بەشیکی گەورەی هەموو سەفەرێک بێت، نووسەر جودا لە خەڵکی تر چەندێکی لەو وونبوونە

**بەردەکەوێت؟ بە مانایەکی تر مەنفا بۆ نووسەرەکان چەندێک شوێنی خۆدۆزینەوە و چەندێکیش جێگای وونبوونە؟**

**هیوا قادر:** من بەهیچ شێوەیەک پێموانییە کە بەشێکی گەورەی سەفەر وونبوون بێت، بە پێچەوانەوە من پێموایە بەشێکی گەورەی سەفەر دۆزینەوەیە.

دیارە من لەو ترسە مێژووییەی ناو دنیای کوردی دەگەم کە بەرامبەر سەفەر هەیەتی، ئینسانی کورد کائینێکە هەمیشە لە سەفەر دەترسێت، هەمیشە سەفەر دەیشڵەژێنێت و ئارامییە سادەدڵییەکەی دەشێوێنێت. چونکە لە یادوەری ئینسانی کوردا سەفەر واتا نەگەڕانەوە، یاخود دۆڕاندنی بەشێکی گەورە لە خۆی و لەدەستدانی ئەو گرۆگەرمییە کۆمەڵایەتییەی کە لە ژیانە کۆگەلییەکەی خۆیدا هەیەتی.

مێژووی ئینسانی کورد زیاتر مێژووی بەجێهێشتن و ماڵئاوایکردنە هێندەی ئەوەی مێژووی بەخێرهاتن و سەقامگیربوون بێت. مێژوویەکە پڕە لە کارەساتی لە دەستدان و زنجیرەیەکی یەکبەدوای یەک لە دۆڕاندن، سەفەر و کۆچ و ڕەوکردن و تاراوگەبوونیش بەشێکی گەورە لە کۆی ئەو لەدەستدان و دۆڕاندنانە پێکدێنێن.

لە چەقی یادوەری ئینسانی کوردا سەفەر واتا بەجیهێشتن، بەجێهێشتنیش لە زۆرینەی کاتدا واتا لەدەستدان یاخود نەبینینەوەی ئەوەی کە هەیبووە. نەک ئەوەی سەفەر و گەڕانەوە مانایەک بوویێتن بۆ دەوڵەمەندبوون و ناسینی دنیا



و هێنانەوەی شتی نوێ لەگەڵ خۆیدا، ئەمە ئەو ترسە دێرینەیە کە وای لە ئینسانی کورد کردووە هەمیشە لە سەفەر بترسێت و سڵیلێبکاتەوە.

دیارە هەموو هەوڵە بەردەوامەکانی ئینسانی کورد بۆ مانەوەی خۆی لە ڕێگەی پارێزگاریکردنیەوە بووە لە شوێن، چونکە شوێن هەمیشە فاکتەرێک بووە بۆ مانەوەی و پیشاندانی شوناسی خۆی لەبەرامبەر ئەو هێزانەی کە هەڕەشەبوون لەسەری. لە خوێندنەوەی ئێستاماندا بۆ ڕابردوو تێدەگەین کە چەند شوێن یاریدەرێکی گرنگ بووە بۆ مانەوەی کورد و نەفەوتانی وەک میللەتێک کە لەکاتێکدا زۆرینەی جار لەدەرەوەی سەنتەری دەسەڵاتیشدا ژیاوە. بۆیە سەفەر و کۆچ لە زۆر حاڵەتدا پێچەوانەی ئەو خۆناسین و شوناسەی کورد وەستاوەتەوە کە فاکتەرێکی گرنگی مانەوەی بوون.

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەم مانا گشتیی و ترسە گشتییە لای ئینسانی کورد بۆ سەفەر، بەدەم دۆڕاندنی بەشێکی لەو خەونە دێرینەی کە مانای مانەوەی ئەوی بەستبۆوە بە شوێنەوە کەمێک گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی هۆشیارییەکی سادە بەرامبەر بە سەفەر وەک پەرچەکردارێک دژ بەو مانا کۆنانە، لەگەڵ ئاسانبوونی هەلی سەفەر و دروستبوونی کوێرییەکی کۆگەلییش بەوەی کە بەجێهێشتنی نیشتمان واتا دەستگەیشتن بە سەرزەمینی ئازادی و هەموو ئەو شتە مادی و مەعنەوییانەی کە ئینسانی کورد لێی بێبەری بووە.

ئەمە ئەو جۆرە تێڕوانینە مێژوویی و گشتیانەن کە لە پشتی مانای سەفەر و ترس لە سەفەرەوە وەستاون. کە بوونەتە هۆی ئەوەی چیتر شوێن تەنها مانای مانەوە نەگەیەنێت.

دیارە پێویستە ئێمە ماناکانی سەفەر و کۆچ و تەراوگە "مەنفا" تێکەڵنەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر هەموویان قسەبکەین.
من پێموایە سەفەر واتا بینینی شوێنێکی جیاوازتر لەوەی کە تۆی لێیت، واتا بینینی کولتوری جیاوازتر لەوەی کە تۆ هەتە، قسەکردن بە زمانێک کە زمانی تۆ نییە و پێی بیرناکەیتەوە، واتا بینینی وێنەی خۆت لە چاوی کەسێکی تردا کە ناتناسێت یان زۆر ئاشنات نییە، لێرەوە ئیدی سەفەر کردەی بەراوردکردن دێنێتەپێشێ، بەراوردکردنیش واتا دۆزینەوەی جوانی و ناشیرینی لە خۆت و لەوەی بەرامبەرتدا، دواتریش دروستبوونی پرسیار لەبەردەم جوانی و ناشیرینییەکانی خۆتدا، هەروەها گەڕان بەدوای هاویاری و هاوبەشی یەکتریدا، ئەمانە هەمووی ئەو دۆزینەوە سەرەتاییانەن کە لە سەفەردا ئینسان فێریان دەبێت. من هیچ کام لەمانەی کە باسیان دەکەم بە دۆڕاندن نازانم هێندەی بە سەرەتای دۆزینەوە نوێکان دایاندەنێم. بەڵام دیارە درککردنیش بەو جوانی و ناشیرینیانە و بینینیان بەندە بە هۆشیاری ئینسان خۆیەوە، بۆ ماناکانی ئینسان بوون و هەرەها خوێندنەوەمان بۆ ماناکانی شوناس و کولتور کە هەمیشە ڕوو لە گۆڕانن.



ئەمانە هەمووی ئەو هۆکارە ئاڵۆزو ووردانەن کە ئینسان لەسەرەتای سەفەردا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەگەڵ لیشاوێکی زۆر لە هەناسەی غەریبی و هەستکردن بە تانهایی و کەس نەناسیی.
دیارە تا ئێستا سەفەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا، نەبۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوری. نەبۆتە هۆکارێک بۆ لەزەتبردن و سەرگەرمی، لەبیریشت نەچێت کە ترس هەمیشە ئەو حەزی کونبینییە لە ئینساندا دەکوژێت کە هەڵگری کەشفکردن و دۆزینەوەی شتی نوێیە. بەتایبەتی بۆ سەفەر و بینینی ئەو سەرزەمینانەی تر کە دوورن لە ئینسانەوە و تەمەنای بینینیانی هەیە، ئەمەش دیارە سادەترین حەقی ئینسانە کە دەکرێت مومارەسەی جۆرێک لەو ئازادی گەڕان و بینینانە بکات کە لە ڕێگەی سەفەرکردنەوە پێیدەگات.
بەڵام گەر بێینە سەر باسی سەفەر و مەنفا بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران، ئەوا دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێک مانای جیاواز کە هەر تاکە و بە جۆرێکی جیاواز پراکتیکی دەکات و مانای لێکنەچووی دەداتێ، بەدەر لەو هاوبەشییە کەمانەی مانای مەنفاش کە زۆرینەی نووسەران ڕەنگە لەسەری ڕێکبکەوین،
دیارە سەفەر بۆ نووسەر یەکێکە لە هەرە گرنگترین سەرچاوەکانی ناسینی ئینسان و بینینی جیاوازی کولتورەکان، کەم نووسەری دنیا هەن کە هەمیشە لە سەفەردا نەبن، چونکە سەفەر بەو دیوە نادیارانەی ئینسانت دەناسێنێت کە پێش سەفەر ناتوانیت لە مانا ڕۆتین و باوەکانیدا

بیانبینیت. لەبیریشمان نەچێت سەرەتای بەریەکەوتنی کلتوورەکانیش لە سەفەر و نزیکبوونەوە لە یەکترییەوە دەستپێدەکات، کە ئێستا یەکێکە لە پرسیارە گرنگەکانی جیهانگیری و هەروەها هونەری پێکەوە ژیانی ئێتنییە جیاوازەکان لەناو ئەو وڵاتانەی کە کۆچکردووان تێیدا نیشتەجێن.

بەڵام مەنفا بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران جۆرێکی تری بەجێهێشتنە کە لە دەرەوەی هەموو ئەو مانایانەی ترەوە دەوەستێت کە بۆ کۆچ و سەفەر هەمان بوو.

من هەمیشە دەڵێم " گەر تۆ جارێک مەنفی بوویت، ئەوا هەمیشە مەنفیت". دیارە مەنفی بوونیش لە سەرەتاوە یان مەنفی بوونێکی ئارەزوومەندانەیە، یاخود مەنفیبوونێکە کە بەسەرتدا سەپێنراوە. کە دواتر مانەوە لە مەنفا و ئەزمونکردنی ژیان لە مەنفادا، جیاوازییەکی بەرچاو و ئەوتۆی وا لە نێوان ئەم دوو جۆرە مەنفی بوونەدا ناهێڵێتەوە، چونکە کە تۆ کەجارێک مونفی بوویت، ئەوا هەمیشە مەنفیت.

کاتێک تۆ دوای ساڵانێکی زۆر مانەوەت لە مەنفا دەگەڕێیتەوە بۆ نیشتمان. جارێکی تر ڕووبەرووی مەنفایەکی تر دەبیتەوە کە زێدی خۆتە، من پێموایە سەرەتای مەنفیبوونی ڕاستەقینەی نووسەر لەو ساتی بەریەککەوتنە تاڵەوە دەستپێدەکات، کە ئیدی هەست دەکات نیشتیمانیش درێژبوونەوەیەکی تری مەنفایە، ئەمە ئەو موسیبەتە گەورەیەیە کە زۆرینەی نووسەران و ڕۆشنبیران تێی دەکەون. ئەم حاڵەتە جۆرێکی تایبەتە



لەهەستکردن بە تەنهایی کە نووسەر هەست دەکات لە هەموو شوێنێک ووندەبێت لە ناو خۆیدا نەبێت، بۆیە شوێنەکان مانای جارانیان نامینێت و دەبنە جێی وونبوونی بەردەوام بە قەدەر ئەوەی ببنە شوێنی مانەوە و شوناس و خۆناسین. هەرە نمونەی بەرچاو و دیاری ئەم حاڵەتەش لە ئەدەبی کوردیدا ماناکانی ناو هەردوو قەسیدەکەی نالی و سالمە. من پێموانییە نالی هەرگیز بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیبێت جارێکی تر سەربکاتەوە بە سلێمانی دا، بەڵکە ئەوە هۆی تێگەیشتنی نالی خۆی بووە لە ماناکانی مەنفا و شێواندنی پیرۆزی شوێن کە وایلێکردووە بڕیاربدات جارێکی تر سەر بە سلێمانی و دەشتی شارەزووردا نەکاتەوە.

تێڕوانینی نالی بۆ مەنفی بوونی خۆی بەندە بە دوورکەوتنەوە و لە دەستدانی شوێن و ئەو هەستە ناسیۆنالیستیەوەی کە لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بابانییەکانەوە لە لای دروستبووە. چونکە نامە شیعرییەکەی نالی بۆ سالم هەمووی لێپرسینەوەیە لە شوێن، وەک (شیوەسوور، سەرچنار، بەکرەجۆ، خاک و خۆڵ، پردی سەرشەقام، داری پیرمەسوور، کانی با، سەیوان، کانی ئاسکان، خانەقا...). پرسە شیعرییەکانی نالی هەمووی لێپرسینەوەیە لەو ڕۆژە جوانانەی ژیانی ئەو سەردەمەی کە بەسەرچوون و ناگەڕێنەوە، پڕە لە پرسیار و ئاهوناڵە بۆ ڕابردوویەکی بێگەرد و شیعریی. بەڵام ئایا مەنفی بوونە سیاسی و شیعرییەکەی سالمیش لێرەدا چەندە لە ئاستی مەنفیبوونە سیاسی و شیعرییەکەی نالی دایە بەبێ ئەوەی ئەو

نیشتیمانی وەک شوێن بەجێهێشتبێت؟ ئایە ناکرێت بڵێین سالمیش لە سلێمانیدا مەنفی بووە؟! ئەمە ئەو پرسیارە پڕ لە پێچ و پەنایایانەن کە لەسەر ماناکانی مەنفی بوونی نووسەر کەڵەکەبوون. ئایە ئەمەش مانایەکی تری مەنفیبوون نییە بەبێ بەستنەوەی بە کردەی بەجێهێشتنی نیشتیمانەوە؟!

زۆر جار مەنفی بوونی نووسەران لەدەرەوەی بە پیرۆزڕاگرتنیان، وەک مەنفیبوونی پێغەمبەران وان، چونکە هیچ پێغەمبەرێک نییە لەسەر ئەم زەوییە سەروەختێک مەنفی نەکرابێت لە شوێنی خۆی. دیارە ئەم تێڕوانینە قسە زۆر هەڵدەگرێت و نامەوێت لەم پێچ و پەنایەدا خۆم وونبکەم و فریای وەڵامی پرسیارەکەی تۆ نەکەوم لەم لاپەڕەیەدا.

ئەو شێوە تێڕوانینە بۆ مانای مەنفا و بەستنەوەی بە کردەی بە جێهێشتنی نیشتیمانەوە لە ئەدەبی کوردیدا تا شێرکۆ بێکەس درێژدەبێتەوە کە بەرهەمهێنەری دەقی زیندوو بووە بۆ گوزارشتکردن لە مەنفی بوونی خۆی و دووری لە شوێن.

دیارە دوای ئەویش هەندێک شاعیرمان هەن کە شوێن بۆتە چەقی بیرکردنەوە شیعرییەکانیان، بەڵام هیچ کام لەو شیعرانە درێژبوونەوەی ئەم ئەزموونە نین، بەڵکە چەند شیعرێکی تاکو تەرای چەند شاعیرێکن و وەک ئەزموون درێژەیان پێنەدراوە.

ئێمە نمونەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیشمان هەیە، کە لەبەر زەبرو هەڕەشەی قادرییەکان سلێمانی بەجێدێڵێت و دواتر لە شام دەمرێت، بەڵام مەنفای مەولانا خالید، مەنفایەکە کە هەر لە سەرەتاوە شوێن چەقی بیرکردنەوە نییە تێیدا، شوێن لە



قەناعەتی سۆفیانەی ئەودا هێندە پیرۆز نییە، کە وەک لای نالی پیرۆزبووە، چونکە نزیکبوونەوەی مەولانا خالید لە خودا پەیوەندی بە نیشتیمانەوە نییە، بەڵام لای نالی شوێن و بەجیهێشتنی شوێن یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی هەستکردن بە مەنفی بوون.

ئەم نمونەیەش بۆیە دەهێنمەوە تا بزانیت کە ماناکانی مەنفیبوون لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر مانای جیاوازی هەیە بەپێی جیاوازی دنیابینییان.

دەکرێت مەنفا ببێتە هۆی دۆڕاندنی شوێن، بەڵام دوای ژیانێکی دوور و درێژ لە مەنفا، ئەو کات شوێنیش مانای تر وەردەگرێت و هەمان ئەو مانا جوان و بێگەردانەی نامێنێت کە تەنها هەر لە ناو یادوەریدا سەوز و جوان و زیندوون.

دەکرێت منداڵی لای زۆر لە شاعیران تا باقی بوونی عومر هەمیشە زیندووبێت و شوێنێکبێت بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دنیا، بەڵام نیشتیمان ناتوانێت ئاوا بە زیندوێتی بمێنێتەوە، چونکە منداڵی لە نادیاریدایە و نیشتمان لە دیاریدا، کە پڕە لە گۆڕان و هەڵچوون و داچوون. منداڵی کەرەستەیەکی نەگۆڕە بۆ دروستکردنەوەی دنیاو جوانی، بەڵام نیشتیمان شوێنێکە کە جوان بوونی بەندە بە گۆڕانەکانی ڕۆژگارەوە.

ئەمانە ئەو پرسیارە ئاڵۆز و ئەگەرانەن کە تائێستا ئێمە بەهۆی باسنەکردنی ئەدەبی مەنفاوە خۆمان لێبواردووە.

من پێموایە  سەفەر و بەجێهێشتنی نیشتیمان لای ئینسانی کورد سەفەرێکی گلگامیشی نەبووە بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، یان سەفەرێکی دۆنکیشۆتیانە و پاڵەوانبازییانە نەبووە، بەڵکە سەفەری ئینسانی کورد و بەجێهێشتنی نیشتیمان یان بە زۆرەملێ و زۆرلێکردن بووە یاخود هەڵهاتووە بۆ ئەوەی بتوانێت شوێنێکی تر بدۆزێتەوە بۆ ژیان. بۆیە زیاتر سەفەری ئینسانی کورد لەو بڕیاری دەرکردنەی ئەفلاتوون دەچێت کە شاعیرانی لە مەملەکەتەکەی خۆی دەکاتەدەرەوە.

لە ئەزمونە جیاوازەکانی نووسینی خۆمدا مەنفا هەم دۆڕاندنە و هەم بردنەوەشە، دووریی لە شوێن زۆر جاران ماندووی کردووم، شوێن بۆ من دوای ئەم پانزە ساڵەم لە مەنفا چیتر مانایاکی هێندە ناسیۆنالیستی نییە، هێندەی شوێنێکە دەوڵەمەندە بە یادوەرییەکانم، هێندە شوینێکی پیروزنییە کە خاکی گەوهەر و ئاوی کەوسەر بێت. بەڵام هەمیشەش لەکاتی هەستکردنم بە شکست لە ناو مەنفادا دەچمەوە ناو ئەو یادوەریانەی شوێن، شوێن مانایەکی شیعرییە کە بە زەمەنی ئاسایی ناپێورێت، جێگایەکە بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە، واتا جۆرێکە لە تەحنیتکردن بەقەدەر ئەوەی جۆرێک بێت لەگەشەکردن و گەورەبوون.

من لە مەنفادا تامەزرۆی بینینی خوێنەرەکانمم کە زۆرینەیان لە نیشتیمانن، لێرە لە نێوان من و خوێنەرەکانمدا سەرابێک هەیە



و پێکناگەین، ناتوانم لەسەر شەقامەکان بیانبینم و قسەیان لەگەڵ بکەم وەک لە نیشتیمان دەمتوانی،  ئەم دابڕانەش زۆر جاران تاریکم دەکات و هێزی باوەڕبوون بەخۆمم لەلا کزدەکات.

قسەکردنیش بە زمانێکی تر لە مەنفا، واتا تەسلیمبوون بە کۆمەڵێ حاڵەتی کۆمەڵایەتی، واتا بیرکردنەوە بەو زمانە، کە جاری وا هەیە هەم بە جەستەو هەم بە خەیاڵ دەچمە دەرەوەی ئەو زمانەوە و بیرکردنەوەکانییەوە، چونکە زمان دەبێتە مەنفا لە ناو مەنفادا. ئەم حاڵەتەش خۆخستنەژێر هەرەسێکە لە تەنهایی.

بەڵام جۆرێکی تر لە تەنهایی ناو مەنفا هەیە کە دەستت دەگرێت و دەتداتە دەستی خۆت، واتلێدەکات خۆت باشتر بناسیت و لە خۆت باشتر نزیکبیتەوە، من بۆ خۆم لە مەنفادا نزیکتر بوومەتەوە لە خۆم، واتا نزیکتری کردوومەتەوە لە ئینسان. سروشت، ئاژەڵ، ڕووەک، میوەکان، زەوی و هەموو کەون. ڕاستە مەنفا لە ئازیزانمی دورخستمەوە بەڵام نزیکی کردمەوە لە خۆم، بۆیە زۆرینەی جار بیرکردنەوە لە نەبوونی ئەو جۆرە تەنهاییە لەگەڵ خۆت لای نووسەرانی نیشتیمان دەمترسینێت.

من پێموایە داهێنان هەمیشە هەڵگری مەنفایە بۆ کەسی داهێنەر، ئەگەر ئەو شوێنە نیشتیمانیش بێت.

لەبیریشت نەچێت ترس لەسەفەر، ترسە لە ژیان خۆی، چونکە ژیان بۆ خۆی سەفەرە.

تەوەرەی نووسەر و مەنفا، ڕۆژنامەی چاودێر 2008



## ڕۆمان يارييەكە جياواز لە هەموو يارييەكانی دنيا، بەڵام قورسترين و پڕ لەزەت ترين ياری

**ئامادەكردنی: حەمە كاكەڕەش**
**070710**

**حەمە كاكەڕەش: تۆ سەرەتا بە شيعر دەستت پێكردوو دواتر هاتيتە سەر ڕۆمان. دوای ڕۆمانيش نووسينەوەی كتێبی (سەفەرنامە) كە دەكرێت ناوی كتێبی "يادەوەرييەكانی" لێبنێين،**

**دواتر بەهاوکاری خاتوو سەحەرڕەسایی. کتێبی نامەکانتان چاپکرد لە ژێر ناوی (بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت) کە ئەم کتێبە ڕچە شکاندن بوو کە ناکرێت هەر وەک نامە ئاساییەکان بخوێنرێتەوە، هەروەها هەندێک هەوڵدانیشتان هەیە لەگەڵ هونەری فۆتۆگرافدا.**

**دەمەوێت ئەوە بڵێم ئایە ئەم هاتن وچوون و گەڕان و گۆڕین و لە دەرگا دانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دونیای شیعر یان ئاسمان و پانتایی شیعر جێگای خەون و بینین و خەیاڵەکانی تۆ ی تێدانابێتەوە، یان خەمێکی ڕۆشنبیری وات لێدەکات هەر لە وێستگەی شیعردا نەمێنیتەوە و دەست بۆ ژانرەکانی تر بەریت.**

**وەک ئاگاداریشم لە دوالاپەڕەکانی ڕۆمانەکەتدا کاردەکەیت دەکرێت پێم بڵێیت کەی تەواو دەبێت و ناوی ڕۆمانەکەت چییەو هەندێک قسە دەربارەی بکەیت.**

**هیوا قادر:** سەرەتا شیعر بۆ من تەنها باوەشی یەکەم بوو بە یۆتۆپیادا، بە دنیایەکدا کە پڕ بوو لە خەون و تەمەننا، دیارە ئەو دنیایە زۆر لە منەوە نزیکە و بە هۆشیارییەکەوە خۆشمدەوێت کە هەمیشە لە گۆڕان و ئەزمونکاریدایە. بەرداوام بە دڵ دەمەوێت شاعیربم، چونکە ئەو سیحرەی لە شاعیربووندا هەیە هەم لە نزیکیت لە زمان و خەیاڵ و بە فەنتازیاکردنی دنیاوە لەیەک سات و لە هەموو ساتێکدا، لە کایە جیاوازەکانی تری ئەدەبدا نییە. بەدەر لەو لەزەتانەی تری نووسین کە لە



ڕۆماندا هەیە لە کاتی هەستکردن بە وەی کە دەتوانیت دنیایەکی تر دروستبکەیت بۆ کێبەرکێ کردنی ئەم دنیایەی کە تیایدا دەژین. ئەمەش بۆ خۆی لەزەتێکی هێندە گەورەم دەداتێ کە ناتوانم بە هیچ لەزەتێکی تری بگۆڕمەوە.

بەردەوامی نزیکبوونیشم لە دنیای شیعر پەیاپەی لەزەتێکم پێدەبەخشێت کە هەست دەکەم هەمیشە گەنجم و لەزەت لە جوانکردنی ناشیرینییەکانی دنیا دەبینم بە هۆی شیعرەوە. ئەو کاتانەشی کە ماوەیەکی زەمەنی زۆر تێدەپەڕێت و من شیعری تێدا نانووسم، هەست بە بەتاڵی و ترسی نزیکبوونەوە و تاقەت چوونم دەکەم لە نووسین، ئەگەربێت و لەهەمان

کاتیشدا چەندەها بەرهەمی تر لە ناو کایەکانی تردا بنووسم. تا ئێستاش تەنها شیعرە وا لە من دەکات وەک هیوا قادر هەست بە مانەوە بکەم. من ناڵێم ئەو کەسەی جارێک شاعیربوو هەمیشە شاعیرە، بەڵام ئەو کەسەی توانی هەمیشە عاشقبێت ئەوا هەمیشە شاعیرە. بۆیە من هەست دەکەم هەمیشە شاعیرم،

خۆت دەزانی هەموو سەرەتای نووسین و دەستپێکردنێک بە شیعر هەڵگری جۆرێک لە خامکاریی و ڕۆمانسییەتە، پێموابێت هەموو نووسەرێک جۆرێک لەو ئەزموونەی هەیە، بەڵام دواتر شیعر پێدەنێتە ناو دنیا ڕاستەقینەکەی خۆی کە ئەویش زمان و مەعریفەیە، بۆیە ئەو دنیایە هێندە فراوانە جێگای دۆزینەوەی هەموو نهێنییە گەورەکانی ئینسانی تێدادەبێتەوە. بەڵام دواتر کە تەماحەکانی نووسەر لەگەڵ فراوانبوونی ئەزموونەکانیدا

گەورەدەبێت بۆ داگیرکردنی دنیا و گەڕان بە دوای نهێنییەکانی ئینساندا لەوێوە ئیدی شیعر دەبێە ناوکێک بۆ دروستکردنی بەرهەمی تر بەڵام هەر کایە و بە کەرەستەی تایبەتی خۆی. بۆ نموونە وەک نووسینی ڕۆمان.

لێتناشارمەوە لە هۆشیاریمدا تەمەنایەک هەیە کە دەمەوێت ببم بە ڕۆماننووس، چونکە ئەو لەزەتی نووسینەی لە ڕۆماندا هەستیپێدەکەم لە هیچ ئەزموونی نووسینێکی تردا هەستم پێنەکردووە. تۆ بەهۆی ڕۆمانەوە زۆر نزیکتر دەبیتەوە لە خۆت، لە ئینسان ئەو کائینەی کە لە سیستەمی کەون ئاڵۆزترە، لە ڕێی ڕۆمانەوە نزیک دەبیتەوە لە توێکاریکردنی جەوهەری ژیان و ئەو پرسیارانەی کە تا ئینسان بمێنێت دەبێت بەدوایاندا بگەڕێت. ڕۆمان یارییەکە جیاواز لە هەموو یارییەکانی دنیا، بەڵام قورسترین و پڕ لەزەت ترین یاری.

هەست دەکەم ڕۆمانووسین قۆناغی گەورەبوون و تێگەیشتن و خوێندنەوەی هەمەلایەنەی نووسەرە بۆ ئینسان و دنیا، ئەوەشی تا ئێستا وایلێکردووم کە نەتوانم هەمیشە خۆم بە ڕۆماننووس بزانم، هۆی ئەوەیە کە من تا ئێستاش وەک شاعیرێک ڕۆمان دەنووسم، وەک شاعیرێک خەیاڵ مەجبوورم دەکات بۆ نووسین، نەک من خەیاڵ مەجبووربکەم بۆ نووسین، واتا من ڕۆژانە ناتوانم دابنیشم و بنووسم، هۆی هەرە سەرەکی ئەم کێشەیەش ئەوەیە کە شێوەی گوزەرانی ئەورووپا ڕێم پێنادات وا بژیم، دەنا دەمەوێت وا بژیم، تەمانەی من



ئەوەیە ئەو ڕۆژە زووبێت و بتوانم وەک نووسەر بژیم و ڕۆژانە بنووسم بەبێ خەمی بیرکردنەوە لە گوزەرانی ژیان.

من پێش ئەوەی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 1991 دا بەجێبهێڵم، یەک دوو بەشی سکێچێکی پچکۆلەی ڕۆمانێکی شەرمنۆکم لەگەڵ خۆم هێنابوو، لە کاتی مانەوەم لە کەمپ دەستمکرد بە نووسینەوەی هەندێک بەشی و دواتر وازم لێهێناو لە 1996دا تەواوم کرد کە ئەویش ڕۆمانی "ئاوێنە سەرابییەکان" بوو، من دەزانم ئەو هەوڵەم زۆر شەرمنۆک و خاکەڕایی بوو، بەڵام بە دیوێکی تردا خستمییە سەر بیرکردنەوەیەک کە ئەویش ئەوە بوو، بۆ ڕۆمان؟!

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر تێگەیشتم ئەوەی وای لە من کرد سەرەتا بێ ترس ڕۆمان بنووسم، هۆی گەڕانم بوو بە دوای خۆمدا، من عەزابەکانی مەنفا فێریانکردم بە دوای خۆمدا بگەڕێم، حەکایەتی خۆم بگێڕمەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدەم منیش هەم و نامەوێت ونبم، منیش حەکایەتێکم هەیە و داوای ئەوە دەکەم گوێم بۆ بگیرێت. ترسی خۆ نەنەساین و لەرزۆکی شوناسی خۆم وەک کوردێک لە مەنفادا وای لێکردم بیر لە نووسینی ڕۆمان بکەمەوە. ڕۆمان تەنها دەروازە بوو بۆ منی پەناهەندە و دەرکراو کە بتوانم جاریکی تر بچمەوە ژووریێ بۆ ناو دنیا، پێشموایە هەر داهێنانی ڕۆمان لەلایەن ئینسانەوە ئەو پاشخانە مێژوویی و ڕۆشنبیرییەی لە پشتەوەیە کە دەیەوێت بە هۆیەوە جارێکی تر بێتەوە ناو ژیان و حورمەتیبەخشێتەوە بە ئینسان بەڵام لە دەرەوەی حەکایەتەکانی دین و

ئایدۆلۆژیاکانەوە. بۆیە کە ئێستا من بیر لەو ختورانەی سەرەتای خۆم دەکەمەوە کە پاڵپشتێکی سەرەتایی بوون بۆ من کە ڕۆمان بنووسم، بەخۆم دەڵێم گەر من لە مەنفا نەژیامایە ڕەنگبوو ڕۆمان و سەفەرنامەم نەنووسیایە، گەر ئاوردانەوە لەو ترسی بەجێهێشتنانەی نیشتمان نەبوایە ڕەنگبوو ڕۆمانم ئاوا بەو شێوەیە خۆشنەویستایە.

دیارە دواتریش ئەزموونی "سەفەرنامە" وەک کتێبێک هەوڵدانێک بوو بۆ خۆڕزگارکردن لەو یادوەریانەی کە نەیاندەهێشت پێم لەسەر ئەرزی مەنفا وەک خۆی دابنێم، دوای نووسینی ئەو کتێبە بەیەکجاری باوەڕم بە مەنفی بوونی خۆم هێنا. هەروەها دوای بڵاوکردنەوەی نامەکانی من و سەحەر ڕەسایش لە کتێبی (بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت)، بۆ من چوونە ناو کایەیەکی تر بوو کە ئەویش کایەی ئەدەبی نامەیە، ئەوەی وای لێکردم هەم سەفەرنامە بنووسم و هەم لەگەڵ سەحەردا بیر لە بڵاوبوونەوەی نامەکانی خۆمان بکەینەوە، نەبوونی ئەو دوو کایە ئەدەبییە بوو بە شێوەیەکی دیار و دەوڵەمەند لە ئەدەبی کوردیدا. دیارە ئەو سێ ئەزموونە پاڵپشتێکی گەوەبوون جیا لە ئەزموونی شیعریم کە توانیم ئەم ڕۆمانە نوێیە بنووسم.

من لێرەدا نامەوێت باس لە ڕۆمانە نوێکەم "مناڵێک لەسەر مانگە" بکەم و لە چەند دێڕێکدا کورتی بکەمەوە، چونکە کورتکردنەوەی ڕۆمان وەک ڕانانێک لەچەند دێڕێکدا وەک کورتکردنەوەی ئینسان و دنیا وایە لەچەند دێڕێکدا کە ئەمەش



دیارە مەحاڵە و ناکرێت، گەر ئەم کورتکردنەوەیە هەروا ئاسانبوایە ئەوا پێش هەرشت ئەدەب بوونی نەدەما. پێشموایە هەر لەسەرەتاوە ئەوەی ئەم هونەری ڕانانەی داهێناوە بازاڕە، ئەوە بازاڕە وادەکات تەشویق دروستبکات بۆ فرۆشتنی ڕۆمانێک لای خوێنەران بە کورتکردنەوەی لە چەند دێڕێکدا. من دەتوانم لێرەدا هەر ئەوەندە بڵێم کە ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی گەڕان و پشکنینە، ڕۆمانی ئەو جۆرە ڕێکەوتانەیە کە سەرلەبەری ژیانی ئینسان دەگۆڕن، هەروەها دیسانەوە بەکارهێنانەوە و ژیانەوەی هەموو ئەو دەستەواژە شیعریانەی شیعرەکانی نالی و مەحوییە لەناو خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا، ئەم ڕۆمانە 22 بەشەو 225 لاپەڕەیە. لە چاپخانەی چوارچرا لە سلێمانی چاپدەکرێت. بڕیارە لە یەکی مانگی نۆی ئەمساڵدا 2007 بکەویتە بازاڕەوە.

هەروەها ئەوەشی کە وای لە من کرد لە هونەری فۆتۆگرافی نزیکبمەوە ئەو کونبینییەی خۆم بوو بۆ فێربوون و دۆزینەوەی دنیای تر و گەڕان بە دوای جوانییەکاندا، هونەری فۆتۆگرافی بۆ من چاوێکی ترە بۆ بینینی دنیا بە بێ تێکست، کە لە ڕاستیدا تێربوونی من لە بینینی و دۆزینەوەی شتەکان و جوانییەکان لە ڕێگای چاوەوە زۆر شتی فێرکردم کە پێشتر لە ڕێگای ئەدەبیاتەوە فێری نەبووبووم. ئێستا ئەوەندە ئەو هونەرەم خۆشدەوێت زۆرینەی کات لە پیاسەکانمدا کامیراکەم پێیە، فۆتۆگرتن بۆ من هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ شیعرنووسیندا نییە، هەمان لەزەت دەبەم لە دۆزینەوە و

ڕاوکردنی تاریکی و ڕووناکی وەک نووسینی ئەو وێنە شیعریانەی کە دیسانەوە لای خۆمەوە دنیایان پێدروستدەکەمەوە.
ئەم گەڕانانەی من لەناو ئەو کایە ئەدەبیانەی تریشدا بۆ نموونە تەنانەت نووسینی چیرۆکی منداڵان و شانۆنامە و وتار و وەرگێڕان دا، هەر هۆی ئەوەیە کە دەمەوێت دەستم بگات بە هەموو ئەو نهێنیانەی کە هەست دەکەم وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانەی تێدایە کە هەم دەیان دۆزمەوە و هەم دروستیشیان دەکەم.
کەم نووسەری دنیا هەیە لەم چەرخە ترسناک و خێراڕەوتەی کە ئێستا ئێمەی تیا دەژین بتوانێت ڕازیبێت بە تەنها کارکردنی لە ناو کایەیەکی ئەدەبیدا، تا دنیا و ژیان ئاڵۆزتربێت، تا جوانی واز لە یەک مانایی خۆی بهێنێت و بەش بەشبێت بەسەر کۆمەڵێک مانای جیاوازدا، تا ئەگەرەکانی فەوتاندن و قڕکردنی ئینسان زیاتربێت، تا ڕووداوەکان خێراتێپەڕن و گۆڕانکارییەکان خێرا بێن و بڕۆن، نووسەر پێویستی بە کارکردنی هەمەلایەنە و کایەی تازە هەیە بۆ ئەوەی فریابکەوێت باس لەو هەموو دیوە جیاوازانە بکات.
پێموایە ئەوەی کە وای لە شاعیرانی سەردەمانی پێشوو دەکرد تەنها شاعیربن سادەیی ژیان بوو، سادەیی دۆزینەوەی جوانی بوو، مادام ژیان ئاڵۆزە و پڕە لە پەرێشانی، مادام ماناکانی تێگەیشتن لە شیعر و داواکاری لە شیعر هەمیشە لە گۆڕاندایە، کەواتە بە تەنها شیعر فریای ئەو هەموو گوزارشتکردنە



ناکەوێت لەناو ئەم هەموو پەرێشان بوونانەی ئینساندا. تا نووسەریش ئاستی تێگەیشتن و مەعریفەی زیاتر و دەوڵەمەندتر بێت و دەستی بگاتە سەرچاوە جیاوازەکانی خۆڕۆشنبیرکردن، ئەوا ئەگەری کایەکان بۆ گوزارشتکردن لە خۆیی و لە دنیا بەرەو زیادبوون دەچن. تا سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری نووسەر زۆرتربن، گوزارشتەکانی پەلکێشتر و پەلوپۆدارتر دەبن.
من پێموایە لە ئێستادا هەر کوردبوون بەسە بۆ ئەوەی گەر تۆ شاعیربوویت تەنها بە شیعر ڕازینەبیت، ئەم هەموو ڕووداو و نەهامەتیانە دێن و دەچن پێویستیان بە قسە لەسەرکردن و خوێندنەوەی جیاواز هەیە، تۆ لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیت سەرتاپای لە ناو کێشەدا غەرقە و پێویستی بە قسە لەسەرکردنە، کۆمەڵگەیەکە کە هەموو ئەو مانا لەرۆزکانەی لەسەری وەستاوە پێویستیان بە دەستکاریکردن و گۆڕانە، هەر لەمانای کوردبوون خۆیەوە تا ماناکانی نیشتمان و شۆڕشگێڕیی و پیاوبوون و جوانی و ناشیرینی. ئیدی چۆن تۆ وەک شاعیرێک ڕازیدەبیت تەنها شیعری خۆت بنووسیت و بێدەنگ بیت، ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ من کە تەنها هەر شیعر نەنووسم، بەڵکە لە هەموو ئەو کایانەدا کاربکەم کە هەست دەکەم دەتوانم تێیاندا بیربکەمەوە و بنووسم.
پێموایە ڕازیبوونی شاعیر تەنها بە شیعر نووسین دەگەڕێتەوە بۆ نەگۆڕانی ماناکانی شیعری و ئەو تەعریفە نەگۆڕەی کە بۆ شیعر هەیەتی، هەروەها هەر شیعر نووسین و مانەوەت وەک

شاعیر لە ئاستێکی لۆکاڵی کوردیدا هونەریکی هێندە ئاڵۆز و گەورە نییە کە لە ئیستادا هێندە جێی شانازییبێت و دڵت بەو کێبەرکێیە خۆشبێت کە هەیە. شیعر بەشێکە لە ئاڵۆزییەکانی پێکهاتەی خەیاڵی ئینسان نەک هەمووی، بەڵام هەموو دیوە جیاوازەکان و شێوازەکانی تری گوزارشتکردن و گەڕان بەدوایاندا کۆی ئاڵۆزییەکانی ئینسان پێکدێنن.

**گۆڤاری هەنار/ 2007**



## حەزدەکەم تا ئەبەد بژیم، من زۆر ڕقم لە مردنە

**ئامادەکردنی: ئاسۆ سەراوی**
080601

**ئاسۆ سەراوی: گەر باس لە یادوەری منداڵیت بکەی دەڵێی چی؟**

**هیوا قادر:** لە "سەفەرنامە" و بەرهەمەکانی ترمدا کەم تازۆرێک باسی قۆناغی منداڵی خۆمم کردووە. منداڵی یەکەم یادوەری ئینسانە، بۆیە وەک کانگایەک لە خەیاڵ و فەنتازیا نووسەران و شاعیران هەمیشە بۆی دەگەڕێنەوە. وەک یادوەرییەک کە

هەڵگری پاکێتییەکە سەبارەت بە تێڕوانین بۆ ژیان و شتەکانی دەوروبەرمان.
بۆ نمونە هەندێکجار ئەو یادوەریانە یارمەتی شاعیران دەدەن شیعر وەک ناتەباییەک دژ بە ژیان بخەنە ڕوو.

**ئاسۆ سەراوی: هەست ناکەیت لە منداڵیدا جوانییەک هەیە، هەتا نەگوزەرێ کەسمان هەستی پێناکەین؟**

**هیوا قادر:** بێگومان، چونکە هەمیشە منداڵی وەک کانگایەک لە پاکێتی ئینسان سەیردەکرێت، ئاخر تا ئێمە منداڵی وەک یادوەری یەکەم بەجێی نەهێڵین هەست بە تێپەڕبوونی ناکەین. بەڵام گەڕانەوەی ئێمە لە گەورەیدا بۆ یادوەری منداڵی گەڕانەوەمانە بۆ ئەو سەرچاوە پاکەی کە لە دەرەوەی زەبری گەورەیی و دڵڕەقییەکانی کۆمەڵگادا وەک خۆی ماوەتەوە، یاخود شوێنێکە دەتوانرێت ببێتە مەملەکەتی ئەو فەنتازیایانەی کە لۆژیک تێیدا ناتوانێت بژی. هەربۆیە هەمیشە گەڕانەوە بۆ منداڵی گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتانەی کە لە یادوەریماندا هێشتا دنیا و ژیان ناشیرین نەبوون.

**ئاسۆ سەراوی: لە نووسینەکانتدا ئەوە ڕەنگی داوەتەوە کە تائێستاش بە ڕۆحێکی منداڵانە دەژی، ئەمە مانای فەرامۆشکردنی عەقڵ و گەورەبوون و بیرکردنەوە نییە؟**



**هیوا قادر:** من گەورەبوون وەک عەقڵ و بیرکردنەوە فەرامۆش ناکەم، من منداڵیم تەنها لە ڕووی سەرسامییەوە دەوێت تا کۆمەکم بکات لە دۆزینەوەی جوانییەکاندا، لە بینینی ئەو شتە ووردانەی کە هەمیشە نزیکمدەکەنەوە لە ژیان.
من ئێستا چەند هەفتەیەکە لە کوردستانم، هەموو بەیانییەک زۆر زوو دێمە باخچەی گشتی، ئەم بەیانییە بەدیار جوانی گوڵەباخەکانەوە سەوداسەر و حەیران بووبووم، سنگم پڕ دەکرد لەو بۆنانەی کە وەک سیحرێک بچووکیان دەکردمەوە و دەبوومەوە بە هەمان منداڵەکەی پێش سی ساڵ لەوەو بەری ناو ئەم باخچەیە، لەخۆم دەپرسی من بۆچی زیاتر دەچمە لای گوڵەباخە زەردەکان، وەک بریسکەیەک هاتەوەبیرم کاتێک کە بۆ یەکەمجار لە قوتابخانە توانیم بنووسم "دارا" مامۆستای کوردیم مامۆستا "موحەمەد" ڕێگەی پێدام بۆنی ئەو گوڵەباخە زەردە بکەم کە بەدەستییەوە بوو.
بۆنی گوڵەکان هاوڕێکانی منداڵیم و چەتوونیەکانی خۆمی لەم باخچەیەدا بیرخستمەوە. تا ئێستاش لەلای من باخچەی گشتی جوانترین شوێنە لە شاری سلێمانیدا، ئەگەرچی بەم پەیکەرە ناهونەری و ناشیرینانەش ناشیرینیان کردووە.

**ئاسۆ سەراوی: زۆر جار ووتراوە قوتابخانە و دەزگاکانی تری خوێندن لەم وڵاتەدا، حەزی خوێندنی لە کەسەکاندا کوشتووە تۆ دەڵێی چی؟**

**هیوا قادر:** من وەک خۆم جگە لە چەند مامۆستایەکی دەگمەن و کەم نەبێت، لە هەموو تەمەنی قوتابخانەمدا ڕێکەوتی مامۆستای باشم نەکردووە، هەموویان کۆمەڵێک پیاوی گرگن و نەزان و بێ خەیاڵ بوون، ئەوان سەدام حوسێنە بچووکەکانی ناو قوتابخانەبوون، ئەوان وایان لە ئینسانی ئەم وڵاتەکرد ڕقیان لە کتێب بێت، ئەوەشی ڕقی لە کتێب بوو دەتوانێت ڕقی لە هەموو دنیا بێت.

**ئاسۆ سەراوی: بەڵام لە قوتابخانەکانی ئێمەدا کۆمەڵێک لەحزەی جوانیش هەیە، کە زۆرجار قوتابیان بۆ ڕزگاربوون لەو ترس و دلە ڕاوکێیە پەنای بۆ دەبەن وایە؟**

**هیوا قادر:** ڕاستە، بەڵام ئەو ساتە جوانانە مامۆستاکانمان و سیستەمی خوێندن بۆیان دروستنەدەکردین، بەڵکە ئەوە خەیاڵی منداڵانەی خۆمان دروستی دەکرد وەک بەرگریکردنێک دژ بەو هەموو دسیپلینە پۆلیسیانەی ناو قوتابخانە.
خۆشی ئێمە لە قوتابخانەدا لەو کاتانەوە دەستیپێدەکرد کە جەرەسی پاوسەکان لێدەدرا، یاخود تەواوبوونی وانەکان و چوونە دەرەوەمان بۆ دەرەوەی قوتابخانە.

**ئاسۆ سەراوی: زۆبەی نووسینەکانت زیاتر باسی خۆت دەکەیت، ئەوە حەزێکی دیکتاتۆریانە نییە لە تۆدا؟**



**هیوا قادر:** پێموانییە وابێت، چونکە کاتێک کە من باسی منداڵی خۆم دەکەم تۆش وەک خوێنەرێک بە شێوەیەک لە شێوەکانی ئەو منداڵییە ونبووەی خۆتی تێدا دەدۆزیتەوە. دەکرێت بەشێکی ڕەنگە نەرجسیەتبێت، بەڵام دواجار دەسەڵاتی من دەسەڵاتی شاعیرێکە نەک دیکتاتۆرێک، تۆ دەتوانیت من وەک نووسەرێک ویڵم بکەیت و نەمخوێنیتەوە، گەر واش بکەیت من هیچ داوا و مەرجێکم لەسەر تۆی خوێنەر نییە. بەڵام تۆ ناتوانیت ئەو ئازادیی هەڵبژاردنەت لەبەردەم دیکتاتۆرێکدا هەبێت. ڕەنگە ڕاستربێت بڵێی، نووسینەکانم تا ڕادەیەک ئەنارشستیانەیە نەک دیکتاتۆریانە.

**ئاسۆ سەراوی: چەند جۆر کاسپیت کردووە؟**

**هیوا قادر:** لەبەردەم دوکەناکەی باوکمدا چەندەها کاسپی زۆرەملێیانە و ئارەزوومەندانەم کردووە، وەک "پەشمەک فرۆشتن، ئەزبەرید، شەمامە، جگەرە، فەریکەنۆک، ترۆزی ناو سوور، کاڵەک و شووتی"، بەڵام لە هیچیاندا دەفلسم قازانج نەکردووە. بە قەولی ئەم کۆمەڵگا دلڕەقە من پیاوێکی زۆر دەست سپی بووم. باوکم هەمیشە دەیووت: هەتیوو تۆ لە برسا دەمریت. زۆرجاران سەعات سێ و چواری شەو باوکم گڵۆپی لێکوژاندوومەتەوە بۆ ئەوەی چیتر نەخوێنمەوە، چونکە دەیووت کوێر دەبیت. بەڵام ئێستا هەستدەکەم هەمووشتێکم بەس کوێر نیم، بۆیە پێموایە جدیترین کاری من کاری

ئەدەبییە، وە من بۆ هیچ کارێکی تر دەستنادەم نووسین نەبێت.

**ئاسۆ سەراوی: ئەو یاریانەی کە بە منداڵی کردووتن چیبوون، لەکامیاندا دەست ڕەنگین بوویت؟**

**هیوا قادر:** فوتبۆڵین، چاوشارکێ، ڕاکردن، هەڵماتێن، مزراحێن و زۆر یاری تر کە ئێستا منداڵان نایکەن، ئێمەی منداڵ ئەو کات خاوەنی فەنتازیابووین بۆ دۆزینەوەی یارییەکانمان، بەڵام ئێستا زۆری و ئامادەیی کەرەستەی یارییەکان فەنتازیای لای منداڵان کوشتووە.
دیارە من چوارباخیم و گەڕەکەکەی خۆشمم خۆشدەوێت، ئەو گەڕەکەی ئێمە پڕبوو لە گەنجی سەرکێش و چەقۆوەشێن و سەگباز و هەتیوباز و شەڕانی، هەروەها کوڕانی ئازا و دانسقە و تایبەتیش. زۆرینەی کات ئێمە تێکەڵ بەو گەنجانە دەبووین، دەچووین کۆڵانە و کۆڵان شەڕە سەگمان دەکرد، هەمیشە گرفانەکانمان پڕ بوو لە خڕە بەرد و مازوو بۆ ئەوەی هەمیشە لە ئامادەباشیدا بین بۆ شەڕکردن لەگەڵ منداڵانی گەڕەکەکانی تر، بەتایبەتی گەڕەکی عەقاری. چونکە ئەو منداڵانە و ژیانی ڕۆژانەیان لە ژیانی کۆڵانە میللییەکانی ئێمە جیاوازتربوو، ئێمە هەمیشە دەمانووت چۆن دەبێت منداڵانی عەقاری بیجامە لەپێیکەن و جلەکانیان وەک ئێمە دڕاو پیس نەبن، خودایە ئێمەی منداڵ لەو سەردەمەوە ئامادەدەکراین بۆ ئەو شەڕانەی



کە ئێستا کۆمەڵگای کوردی پیوەی دەناڵێنێت، ئێستا هیچ کام لەو گەنجە سەرکێشانە نەماوون، زۆرینەیان چوونە شاخ و لەشەرەکانی نێوان حکومەتی عێراقی و نێوان حیزبە کوردییەکاندا کوژران، هەندێکیان بوونە پیاوی حکومەت و کوژران، هەندێکیان لە شەڕەچەقۆکاندا کوژران، ئەوانی تریش بە مەرگی زۆر تراژیدیانە و زۆر سادە مردن. دواهەمینیان "سیروان" بوو "شبر" کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دژ بە گرتنی "عەبدوڵلا ئۆجەلان" خۆی سووتاند. من هەندێکجار هەستدەکەم تەنها شاهیدی ژیانی ئەو کەسانە منم کە دەتوانم چیرۆکەکانیان بگێڕمەوە. ئێستا کار لە ڕۆمانێکی نوێمدا دەکەم بە ناوی "مداڵانی گەرەک" کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەدەرەوەی بە واقیعیکردنەوەی ئەوانەوە چیرۆکەکانیان سەرلەنوێ بە شێوازی خۆم دەگێڕمەوە.

**ئاسۆ سەراوی: هەستناکەیت ئەم حەزی شەڕە هەر لە منداڵیمانەوە تیاماندا چێنراوە، لە یارییە توندوتیژەکانماندا، تا دارەکانی دەستی مامۆستاکان، تەنانەت هاندانی ئێمە لەلایەن ئەو شیعرانەشەوە کە لە قوتابخانە پێیان لەبەردەکردین، هاندەربوون بۆ دروستکردنی توندوتیژی؟**

**هیوا قادر:** بێگومان، ئێمە هەر زوو منداڵیان کوشتین بۆ ئەوەی زوو ئامادەبین بۆ شەڕەکان، ئێستاشی لەسەربێت هەروایە، دەبێت شەڕەکانی تری ئەم منداڵانەی کە ئێستا بەم شێوەیە

بەخێودەکرێن لە گەورەبووندا چەند خوێناویترین لەوانەی ئێمە. من شەڕەکانی حیزبە کوردییەکان هەروەک شەڕە گەڕەکەکانی سەروەختی منداڵی دەبینم، دیارە بە فێڵی گەورەیی و تەماحەکانییەوە، چونکە هەر هەمان ئەو کارەکتەرانەن کە جاران شەڕە گەڕەکیان دەکرد، ئەو کات منداڵانی چوارباخ شەڕیان لەگەڵ منداڵانی عەقاریدا دەکرد بۆ ئەوەی دەستیان بگات بەو داری هەنگی دنیایانەی کە لە کۆڵانەکانی ئەواندا هەبوون. شەڕی نێوان حیزبە کوردییەکان شەڕی خێرو شەڕ نییە، شەرە لەسەر غەنیمە، شەڕە لەسەر دەستکەوتنی دەسەڵات، ئەو حیزبەشی شەڕی لەسەر دەسەڵاتکرد، جگە لە گەندەڵی هیچ شتێکی تر ناتوانێت بیبەخشێ بە کۆمەڵگا.
ئێمەی منداڵ ئەو کاتانە لەسەر ئەو مانایانە پەروەردە دەکراین، کە مانای ئازایەتی و چاونەترسی و بزێوی بوو، من لەم باخچەیەدا ملی دەیان ڕیشۆڵە و چۆلەکەم هەڵکێشاوە، پشتی دەیان کیسەڵم لە جۆگەکانی نزیک شاردا شکاندووە، ئێستا کە من بەم یادوەریانەدا دەچمەوە دەمەوێت بگەم بە ڕەگی ئەو توندوتیژییەی کە هەر لە منداڵییەوە لە ئێمەدا دەچێنرا، ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە سیستەمێکی ئیسلامییە، سیستەمێکی یەک ڕەنگ و درۆزنە، ئازادی تێیدا نییە، ئینسانەکان دوو فاق و دژەگۆن، سیستەمی خوێندن ناشیرین و ناتەربەوییە، بازاڕ پڕە لە ڕیا، دەمی سەرکردەکان پڕە لە وادەی درۆ، سیاسەتمەدارێک نییە یەک زەڕە لە سومعەی سیاسی خۆی بترسێت، هەموو شتێک لای حیزبە ئیسلامییەکان



هەیە خودا نەبێت، موراڵ وونە و کۆمەڵگەیەک بەدوای مەرگی خۆیدا ڕادەکات، کەس ئینتمای بۆ خۆی و خودا و نیشتیمان نەماوە.

**ئاسۆ سەراوی: یەکەمین شەڕت لەگەڵ کێ بوو؟**

**هیوا قادر:** من شەڕکەر نەبووم، گەر تووشی شەڕیش بووبێتم پێموانییە لەخەڵکم دابێت.

**ئاسۆ سەراوی: شەڕ هەیە جوانبێت؟**

**هیوا قادر:** شەڕی جوان تەنها ئەو شەڕەیە کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دەیکات، ئەویش بۆ گەڕانە بەدوای جوانیدا.

**ئاسۆ سەراوی: کە چوویتە قوتابخانە تا چ ئەندازەیەک حەزی خوێندنت تێدابوو؟**

**هیوا قادر:** من پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە خۆم فێرکردبوو بنووسم "دارا". بەڵام قوتابخانە حەزی خوێندنی کوشتم، بۆیە لە خۆمدا دژە بەرگریەکم دروستکرد ئەویش خۆشەویستیم بوو بۆ کتێب، دیارە جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە. چەند جارێک هەڵی ئەوەم بۆ ڕەخساوە ببمە مامۆستا نەمکردووە، لەبەر ناشیرینی وێنەی مامۆستا لە بیرکدنەوەمدا. دەزانی من تا

ئێستاش جەدوەلی زەربم لەبەر نییە و هەر بە پەنجە ژمارەکان دەژمێرم، کە بیر لە لێکدان و لێکدەرکردن دەکەمەوە، هەست بە ئازاری پەنجەکانم دەکەم کە کاتی خۆی مامۆستای ماتماتیک پەنجەکانمی دەخستە نێوان دوو قەڵەمی رەساسەوە و دەیگوشی و دەیووت چۆن نازانیت حەوت کەڕەت نۆ دەکاتە چەند، منیش دەمووت نازانم، نا، نا.

### ئاسۆ سەراوی: عەسکەریت کردووە؟

**هیوا قادر:** ئەم پرسیارە موچڕکەم پێدا دەهێنێت. چەند مانگێکی تەڵخ و ناشیرین عەسکەریم کردووە. ئەو چەند مانگەش یەکێک لەهەرە قۆناغە ناشیرینەکانی ژیانی منە. دوای کۆتایی شەڕی عێراق و ئێران و تەواوبوونی قۆناغەکانی ئەنفال و نەبوونی هیچ دەرفەتێک بۆ ڕاکردن لە شارەکانەوە، منیش وەک ئەو هەزاران هەزار کەسە ڕاکردووەی تر لە سەربازی بەر ئەو لێبووردنە گشتییە کەوتم و دواتر کردینیان بە سەرباز. من یەکەمجار لە سەربازگەی "سەلام" لە سلێمانی بووم بەسەرباز. هەموو بەیانییەک دەبوایە نزیکەی دوو کیلۆمەترێک لە دەرگای سەبازگەکەوە بڕۆین بۆ ئەو گۆڕەپانانەی کە تێیدا کۆدەکراینەوە. من هەموو بەیانییەک لەگەڵ چوونە ژوورەوە لە دەروازەی سەربازخانەکەوە زەختی خوێنم دادەبەزی، هەموو گیانم دەکەوتە لەرزین و لەناوەوە تووڕە و بێ دەستەڵات رۆحی خۆمم دەکرۆشت، من ئەو



دیمەنانەی بەیانیان داگیریاندەکردم، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت پانزە بیست هەزار کەس بەسەر ئەو ڕێگا گڵییەدا دەڕۆیشتین و قاچەکانمان لەناو قوڕی ڕێگاکەدا جلقە جلقی دەهات، هەمووان بێدەنگ و خەمبار، جگەرەکانمان دەخستە لەپی دەستمانەوە بۆ ئەوەی بارانی ڕێگا نەیکوژێنێتەوە. من لەناو ئەو عەشامەتە خەمبارەدا پەڕپوترین سەربازبووم، تاکێک لە پۆستاڵەکانم ژمارە دە و ئەویتریانم دوانزە بوو، بێرییەکی گەورە و ناشیرین و درێژم لەسەردابوو کە زوو زوو چاومی دادەپۆشی، هەندێک جار لە داخا دەمدا بە عەرزا و دواتر بەناچاری لە قوڕەکەم دەردەهێنایەوە و بەدڵی پڕەوە لە سەرم دەکردەوە، چمکی جلەکانم لە دواوە هەمیشە هاتبوونە دەرێ.
من لەو کاتانەدا بێدەنگییەکی قوڵ قوڵ دەژیام، بە هەفتە قسەم نەدەکرد، تەنها قسەم لەگەڵ ئەو لادێنشینانەدا دەکرد کە نەیاندەزانی چەپ و ڕاست بە عەرەبی یەعنی چی، ئێستاش لەبیرمە یەکێک لەو لادێ نشینە سادەدڵانە ڕۆژێکیان بۆی گێڕامەوە، کە کاتی خۆی عاشقی کچێکی دێکەیان بووە و دواتر ئەو شووی کردووە، بەڵام کچەکە کراسێکی خۆی داوەتێ و ئەویش لەوکاتەوە کراسی کچەکەی کردووە بە پشتوێن و لە پشی کردووە.
لەپاش مانگێک منیان نارد بۆ شاری "کوت" لەوێ چەند مانگێک وەک ئەمین مەحزەن مامەوە و دواتر بۆ ئەبەد ڕامکرد و سەربازیم نەبینییەوە. دوای ئەوەش ڕاپەڕین ڕوویدا و ڕزگارمان بوو.

**ئاسۆ سەراوی: جا ڕزگارمان بوو؟**

**هیوا قادر:** ڕزگارمان بوو لە دزێوترین و ناشیرینترین دیکتاتۆرەکانی دنیا، بەڵام دواتر دووچاری ئەو پیاوە شاخاوییانەبووین کە مانای سیاسەتیان بەو ئاڕاستەیە نەدەزانی کە بۆ خزمەتکردن و دڵخۆشکردنی ئینسانە، ئەوان شەڕی دەسڵاتیان کرد و پشتیان کردە ئەو مۆراڵەی کە ئینسانی کوردی لەسەر ڕاهاتبوو بۆ خزمەتکردنی خۆی و بەرگریکردن لە خۆی.
دواتر بەدەست کۆمەڵێک سیاسی چاوچنۆکەوە گیرۆدەبووین کە هەرگیز لە سومعەی سیاسی خۆیان ناترسن، بۆ ئەوەی ئێمە ترسی سومعەی سیاسی بخەینە دڵی ئەوانەوە، دەبێت بیانخەینەوە ناو سندوقی دەنگدان و پێیان بڵێین تۆ تەنها کارگێڕێکیت گەر خزمەتت نەکردین دەنگت بۆ نادەین. ئەمەش هەروا ڕۆمانسیانە نابێت، دەبێت ئەم تێگەیشتنە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بچەسپێنرێت و وایلێبکرێت دەستبەرداربێت لە هەموو ئینتیمای خوێن و حیزب و بنەماڵە، ئەمەش کارێکی شێلگیرانەی زۆر و بێ بڕانەوەی دەوێت.

**ئاسۆ سەراوی: یەکەمین دڵە خورپێی مەستانەت بۆ کێ بوو؟**



**هیوا قادر:** لەسەردەمی هەرزەکاریمدا موبالەغەنەبێت دەیان کچم خۆشویستووە (لە دوای کەمێک پێکەنین)، ئێساتا کەسیان ناناسمەوە، بەڵام ئەو لەپڕ عاشقبوونانە زۆر سادەدڵ و خێراڕەوتبوون، (پێدەکەنێ) دیارە من ئێستا باوەڕم بەو جۆرە عاشقبوونانە نییە.

**ئاسۆ سەراوی: لە دراما کۆنە کوردییەکاندا حەز لە کامیان دەکەیت؟**

**هیوا قادر:** ئەگەر ڕاستبێت ناویان بنرێت دراما، من ئەو کاتانە سەرسامبووم بە تەمسیلی "خولەچەخماخە" کە تاڕەدەیەک جوانییەکی عەفەویی پیوە دیاربوو. هەروەها "پیسکەی تەڕپیر و بەڕێوبەری گشتی و هەندێکی تر". بەڵام لەوەتەی گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان و هەندێک جار بە ڕێکەوت ئەو بەناو دراما و تەمسیلیانە دەبینم، زۆر تورەدەبم، بەوەی کە چۆن ئاستی تێگەیشتن بۆ هونەر و دراما سادە و نا هونەرییانەیە. بەس نییە من لە کوردستان ناژیم، دەنا دەبوو هەموو ڕۆژێک تەلەفوێنێکم لەداخی ئەم دراما خراپ و ناهونەری و ناشیرینانە بشکاندایە. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی ئاستی میدیای کوردی دەردەخات، کە چەندە حیزبی و کۆڵەوار و هەژارە.

**ئاسۆ سەراوی: بە منالی دەچوویت بۆ سینەما؟**

**هیوا قادر:** ئەوەی لە منداڵیدا کۆمەکی خەیاڵی دەکردم و چێژی ئازادی دەدامێ، چوونە سینەمابوو، کە زۆرینەی جار بە دزییەوە دەچووم، یاخود لە قوتابخانە خۆم دەدزییەوە و دەچوومە سینەما، ئەو چەند سەعاتە بۆ من فڕینێک بوو جیاواز لە ڕۆیشتنی لارەملانە و خەمبارانەی من بە قەراخ دیوارەکاندا. کاتێک کە هەواڵی ڕووخاندنی سینەما "ڕەشید"م بیست لە سلێمانی، زۆر خەمبار بووم، هەستمکرد بەشێک لە منداڵی منیان ڕووخاندووە.
لەویادا فیلمی 'سینەما پارادیس"م بیرکەوتەوە و تووڕەبووم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە چۆن سینەمای شارێک لەبەرچاویدا تێکدەدەن و ئەو هیچ ناکات، چۆن وەزارەتی شارەوانی ڕێگە با کارێکی وا دەدات، یان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری یاریدەی ئابووری ئەو خاوەن سینەمایانە نادات تا ئەوانیش بیر لە فرۆشتن و بەبازرگانی کردنی شوێنەکانیان نەکەنەوە.
سینەما بۆ من ئێستاش یەکێکە لەو ئاسۆیانەی کە هەمیشە پڕمدەکات لە خەیاڵ و جوانی و پرسیاری ئەبەدی.

**ئاسۆ سەراوی: ڕۆیشتنە دەرەوەت بە بەرنامە بوو یاخود وەک زۆربەی گەنجان ئەم وڵاتەی خۆت بە قەدەر سپارد؟**

**هیوا قادر:** پێش هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمان، لە ڕێگەی سوریاوە بە تورەبوون و بێ بەرنامە وڵاتم بە جێهێشت، لە



ڕێگا لە شارۆچکەیەکی پچووک لەسەر دەریای ڕەش لە تورکیا، بارانی کچم لە دایکبوو، لە دوای ئەوە چوومە ڕوسیا و پاشان گەیشتمە سوید.
من پێش ئەوەی بڕۆم لە زۆر شتی وڵات تورەبووم، سەرەتاکانی ڕاپەڕین و دواتر ناشاریبوونی حیزبی کوردی و چاوسوورکردنەوە لەیەکتری هەر زوو ترساندمیان و بە باوکم ووت: ئەم وڵاتە کۆمەڵێک جەنگی خوێناوی چاوەڕوانیەتی، من بەشی خۆم لە جەنگەکانی ترم بینیوە و هیلاکم، ئیتر نامەوێت بینەر و بەشداری شەڕەکانی تربم، من دەڕۆم. من دەڕۆم بۆ وڵاتی خۆشبەختی، بەڵام بەداخەوە دواتر تێگەیشتم خۆشبەختی لەناو خۆمدا بوو نەک لە شوێنە دوورەکان، من لەو ڕۆژانەوە تا ئێستا ڕقم لە هەموو ماڵئاوایکردن و خوداحافیزیی کردنێکە.

**ئاسۆ سەراوی: کە چوویتە دەرەوە بە چی سەرسام بوویت؟**

**هیوا قادر:** بێدەنگی و هێمنی سوید سەرسامی کردم، لەهەمان کاتدا ترساندیشمی. تا پێنج ساڵی یەکەم من هەموو شەوێک خەونی ناخۆشم دەبینی، وەک بورکانێک وورده وورده سارد دەبوومەوە، هەموو شەوێک سەرباز ڕاویان دەنام و من بە کۆڵانەکاندا ڕامدەکرد، من هەر تەقەم دەکرد و فیشەکەکان لەبەرپێمدا دەکەوتن، من هەر دەکوژرام و زیندوو دەبوومەوە.

**ئاسۆ سەراوی: کەشی تایبەتت هەیە بۆ شیعر نووسین؟**

**هیوا قادر:** من هەندێک خووی ناخۆشم هەیە بۆ نووسین، کە دەست دەکەم بە نووسین نامەوێت هیچ کەسێک لە ماڵەکەدا بێت، بەس تەنها هەستبکەم کەسێک لە ژوورێکی ترە ئیدی من تەوازنم تێکدەچێت. بۆیە زۆرینەی کات گەر بۆم بلوێ حەز دەکەم لە ماڵەوە تەنها بم کە دەنووسم. دەرگا لەخۆم دادەخەم و گوێ لە مۆسیقا دەگرم و نامەویت نە کەس بمبینێ نە کەس ببینم، چونکە هەندێکجار لەو کاتانەدا خۆشم لە خۆم دەترسم.

**ئاسۆ سەراوی: پرسیارێکی شەخسیم هەیە دەمەوێت بزانم هۆکاری چیبوو لە خێزانی یەکەمت جیابوویتەوە؟**

**هیوا قادر:** ئەمە تەنها تایبەتە بە ژیانی خۆمەوە، دەبێت ئەوە بزانین چەندە زەواج ڕەوایەتی هەیە، جیابوونەوەش هێندە خاوەنی ڕەوایەتییە.

**ئاسۆ سەراوی: ئەگەر بە حەزی خۆت بێت حەز دەکەیت چەند ساڵ بژیت؟**

**هیوا قادر:** حەزدەکەم تا ئەبەد بژیم، من زۆر ڕقم لە مردنە. دەنا حەزدەکەم 90 ساڵ بژیم، بەڵام بە ڕۆحیەتێکی گەنجانەوە کە هەمیشە هەستبکەم هەر 17 ساڵم و گەورە نەبووم.



**ئاسۆ سەراوی: ئەو نامانەی لەگەڵ سەحەر ڕەسایی هاوسەرتدا بڵاوتکردۆتەوە بە واقیعی بوونیان هەیە؟**

**هیوا قادر:** بێگومان، ئێمە ئەو نامانەمان هەمووی بۆ یەکتری ناردووە. بەڵام من وەک عادەتی هەمیشەییم هەموو نووسینێکم تا ساتی بڵاوکردنەوەی دەستکاری دەکەم، من هەندێک دەستکاریم لە نامەکانی خۆمدا کردووە، بەڵام سەحەر نا، ئەو وەک خۆی چۆن نوسیویەتی و بۆی ناردووم ئاوا بڵاوی کردونەتەوە.

**ئاسۆ سەراوی: هەستناکەیت پەلەتان کردووە لە بڵاوکردنەوەی نامەکان؟**

**هیوا قادر:** ئەوە بۆچوونی کەسانێکە کە لەئازادی و کرانەوە دەترسن، دەنا بۆ دەبێت تەنها دوای مردن نامەکان و یاداشتەکانی نووسەران بڵاوبکرێنەوە. من لێت دەپرسم بۆ دەبێت بڵاوکردنەوەی جوانی دوابخرێت.
ئەو نامانەی من و سەحەر نامەی قۆناغێکی یەکتر ناسینی دوو کەسە، دوو نووسەر کە باس لە عەشق و ژنبوون و دنیا دەکەن.
وە پەیوەندی تەنها بەو قۆناغەی ژیانی من و ئەوەوە هەیە.
هەروەها ئەدەبی نامەش لە دنیادا ئەدەبێکی کراوە و ئازادە، بەڵام بە داخەوە لە ئەدەبی کوردیدا خاوەنی کایەیەکی ئازاد

نییه، هەرە هۆی ئاشکراشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیندڤید و ئازادی و کرانەوە.

**ئاسۆ سەراوی: بە شاعیرانی کلاسیکی بە کامیان سەرسامی؟**

**هیوا قادر:** مەحوی و نالی

**ئاسۆ سەراوی: ئەی بە شاعیرە گەنجەکان؟**

**هیوا قادر:** ماردین ئیبراهیم، هێمن حەمەجەزا.

**ئاسۆ سەراوی: حەزدەکەیت چ هونەرمەندێک شیعرەکانت بکاتە گۆرانی؟**

**هیوا قادر:** عەدنان کەریم و دیاری قەرەداغی.

**ئاسۆ سەراوی: ئەو حاڵەتانە کامانەن کە دەبێتە هۆی ڕشتنی فرمێسک لەلای تۆ؟**

**هیوا قادر:** ئەو حاڵەتانە زۆرن، ڕەنگە لە لەحزەی زۆر پچوکدا دەست بکەم بە گریان و ژیرنەبمەوە.



**ئاسۆ سەراوی: ئەگەر وەسێت بکەیت بۆ نەوەی دوای خۆت دەڵێی چی؟**

**هیوا قادر:** من لەو پیاوانە نیم کە وەسێت دەکەن، هێندە نەبێت دەڵێم ئەوەی ئەم دنیایە ڕزگاردەکات، جوانییە.

**ئاسۆ سەراوی: بەڵام جوانیش لە دیدی هەریەکێکمانەوە کۆمەڵێک شتی جیاوازە، وایە؟**

**هیوا قادر:** ئاخر کارەساتی گەورەش ئەوەیە کە جوانی یەک مانای هەبێت، کە جوانی بوو بە موتڵەق دەبێت بە دیین.

# ژیان گەڕانە بە دوای خۆشبەختیدا

ئامادەکردنی: زانیار موحەمەد

زانیار موحەمەد: هەوڵێکی بەردەوام لەم ڕۆمانەتدا "منداڵێک لەسەر مانگە" هەیە بۆ چێژوەرگرتن لە جوانی، ئایە ئەمە سیفەتێکی سۆفیانە و گەردوونییە، یاخود حاڵەتێکی ئاسایی ئینسانەیە؟
ئایا خودا پێ گوتووین چێژ لە جوانی وەربگرین تا لەو نزیک بینەوە، یاخود گوتوویتی لە چێژ وەرگرتن لە جوانی خۆمان بەدوور بگرین تا لەو نزیکتربینەوە؟

**هیوا قادر:** ئەم ڕۆمانە بە گشتی هەوڵدانە بۆ گەڕان بەدوای جوانیدا لە ڕێگەی هونەر و ئەدەب و دیینەوە، چێژوەرگرتنیش لە جوانی سەفەرێکە کە ئینسان لە ڕێی گەڕان و پرسیارکردنەوە دەستیدەکەوێت، چونکە جوانی شتێک نییە بوونێکی هەمیشەیی هەبێت، بەڵکە جوانی دەدۆزرێتەوە و دروستدەکرێت و هەمیشەش لەگەڵ گۆرانی قۆناغەکانی ئینساندا خۆی دەگۆڕێت و وندەبێت، گەڕان مەرجی سەرەکی دۆزینەوەی جوانییە، بۆیە هەموو پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە لە سەفەر و گەڕاندان بۆ دۆزینەوەی جوانی. جوانیش تا ئەوکاتە زیندووە کە توانای دیفاعکردنی هەبێت لە خۆی بەبێ زەوتکردنی ئازادی ئینسانی تر و جوانی تر، بەبێ فەرزکردنی خۆی وەک مانایەکی بێ هاوتا و نەگۆڕ. دۆزینەوەی جوانی گەیشتن نییە بە بەهەشت، بەڵکە دۆزینەوەی جوانی بەخشینەوەی مانای ئینسانە بە ئینسان خۆی، واتا جۆرێکە لە شێوازی ژیان بۆ تێگەیشتن و جوانکردنی ناشیرینییەکانی ژیان.

هیچ هێزێک ناتوانێت هەموو جوانییەکان بۆ خۆی زەوتبکات و ئەوانی تر بێ جوانی بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو هێزە خوداش بێت. بینینی جوانییەکان سیفەتی سەرەتایی هەموو فەلسەفەیەکی ئینسانییە بۆ ئەوەی لە ڕێیەوە حورمەتی ئینسان بوون ببەخشێتەوە بە ئینسان خۆی، هەموو هەوڵدانێکی مرۆڤایەتیش لەسەر ئەم ئەستێرەیەی کە هەموومان لەسەری



دەژین و هی هەموومانە، بۆ ڕزگارکردنی خۆیەتی لە ڕێگەی دۆزینەوە و پێدانی مانای تازە بە جوانی.

گەڕان بەدوای جوانی و چێژوەرگرتن لە دۆزینەوەی جوانی، تەنها سیفەتێکی سۆفیانە نییە، بەڵکە هەرە سیفەتی دیاری ئینسانە کە بۆتە هۆی ئەوەی لە بوونەوەرەکانی تری جیابکاتەوە. هەموو داهێنانە ئەدەبی و هونەریەکانیش کە کاری ئینسانە گەڕانە بەدوای جوانیدا.

تۆ پرسیووتە: ئایا خودا پێ گوتووین چێژ لە جوانی وەربگرین تا لەو نزیک بینەوە، یاخود گوتوویتی لە چێژ وەرگرتن لە جوانی خۆمان بەدوور بگرین تا لەو نزیکتربینەوە؟

وەکو لەسەر زمانی "**یاروەلی**" پاڵەوانی ڕۆمانەکە هاتووە: "گەر خودا جوانی بێت، چۆن لەزەتبردن لە جوانی گوناهە، گەر جەزبەی گەیشتن بەبەرقاپی خودا لە ڕێگەی عەشقەوەبێت، کەی عەشق گوناهە". ئەمە بیرکردنەوەیەکی سۆفیانەیە لە دەرەوەی هەموو ئەو خوێندنەوانەی ترەوە بۆ دیین، کە دیین دەکەنە پایەکانی دەسەڵات و دواتریش دەیکەنە سیستەمێکی بەڕێوەبردنی ناو کۆمەڵگا. چێژوەرگرتن لە جوانی لای سۆفییەک نزیکبوونەوەیە لە خودا، چونکە خودا خۆی جوانییە، گەر خوداش وابێت، ئیدی چۆن خودا مرۆڤ لەسەر لەزەتبردن لە جوانی و چێژوەرگرتن لە جوانی سزا دەدات.

لێرەوە خودای کەسێکی سۆفی و خودای کەسێکی فەناتیک یەک خودا نین، خودای سۆفییەک جوانییەکە پڕە لە پرسیار بۆ

نزیکبوونەوە لە ڕووناکی و گەیشتن بە خودا، هەروەها ئینکارکردنی زاتە بۆ ئەوەی هێندەی تر لە خودای خۆی نزیکبێتەوە. بەڵام خودای فەناتیکێک هێزێکە لە توانایدا هەیە بکوژێت و ببڕێت بۆ ئەوەی تەنها جوانییەکی خودا فەرزبکات بەسەر هەموو جوانییەکانی تردا و بیکات بەدەستەڵاتێکی بێ چەندوچوون و بێ پرسیار. لێرەدا زاتی کەسی فەناتیک زاتێکی زاڵ و بەدەستەڵاتە و حەقی لەناوبردنی ئەوی لە خۆ نەچوو دەدات بەخۆی بە ناوی خوداوە.

من بۆ خۆم لە دەرەوەی هەموو قەناعەتێکی دینییەوە پێموایە گەر کەسێک توانای بینینی جوانییەکانی تری نەبێت، ناشتوانێت خودا وەک جوانییەک بدۆزێتەوە، ئەگەر پێتوابێت خودا خەلقکەری هەموو جوانییەکانە، ئەوا هیچ نەبێت دەبێت حورمەتی ئەو جوانیانە بگرێت کە خودا خاوەنییەتی، یەکێکیش لەو جوانییە هەرە دیارانەی خودا ئینسانە، کەواتە حورمەتگرتنی ئینسان بۆ خۆی، حورمەتگرتنی داهێنانە جوانەکانی خودایە، دیارە ئەو حورمەتگرتنە تەنها ئینسانیش ناگرێتەوە بەڵکە هەموو گەرد و بوونێکی سەر ئەم ئەستێرەیە و کۆی کەون دەگرێتەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر بوونی ئینسان هەیە.

بەڵام ڕیسکێکی زۆر گەورە هەیە لەبەردەم دۆزینەوەی جوانیدا لە ناو دیین و ئایدۆلۆژیا سەردەستەکاندا، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە پەیامێک بە دۆزینەوەی جوانی بدەین، ڕیسکی تاکەکەسی لە گەڕان بە دوای جوانیدا لای هەندێک لە سۆفییەکان لەوکاتەوە



دەستپێدەکات کە توانای پرسیاری لە ئاستی جوانی خودادا نامێنێت. لای کەسێکی فەناتیکیش لەوکاتەوە دەستپێدەکات و دەبێتە ڕیسکێکی گشتی کە بوونی خودا و گەیشتن بە جوانی بەزۆری شمشێر و کوشتن و تاڵانکردن دەستپێدەکات و کۆتاییەکەشی تەسلیمبوونی بێ چەندووچوون و کوشتنی پرسیارە لای هەمووان. دیارە هەمان ئەم ڕیسکەش بۆ دنیای ئایدۆلۆژیاکانیش ڕاستە کە لەدەرەوەی خۆی هەمووان بەدوژمن و ناڕاست دەزانێ.

هەر بۆیەشە لە مێژووی لەناوبردن و شەڕەکانی دیینی ئیسلامدا دەیخوێنینەوە کە کەسێکی سۆفی لە چاوی کەسێکی فەناتیکدا لە کەسێکی زندیق ترسناکترە، چونکە سۆفیی عاشقی پرسیار و گەڕانە بەدوای جوانی خودادا و فەناتیکێکیش دوژمنی پرسیارە و غەرقی ناو حەقیقەتێکی بێ چەندوچوونە.

هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین ترس و جوانی دوو جەمسەرن کە هەرگیز ناگەن بە یەکتری، بۆیە هەرگیز ناکرێت سەپاندنی مانای جوانی لە ڕێگەی ترسەوە بێت، ئەمەش یەکێکە لەو ڕیسکانەی کاتێک دروستدەبێت کە پەیامێک ببەخشرێت بە دۆزینەوەی جوانی و بینینی جوانی و لەتەزلیێبردنی. پێدانی مانای حەقیقەتێکی موتڵەق بە جوانی، کوشتنی جوانییە، جوانی هەرگیز ناتوانیت ببێتە حەقیقەتێکی موتڵەق، بەڵکە تەنها حەقیقەتیکی ڕێژەگەرایی و کاتییە و قابیلی گۆڕان و تازەکردنەوەیە.

تۆ سەیری سەپاندنی جوانی و بینینی جوانی و چێژ لێوەرگرتن لە نێوان ئەم دوو نمونەیەی فەناتیکێک و سۆفییەکدا بکە بەبی هیچ گرنگی دانێک بەخودی دیین و بە خودی ئەو خودایەی کە هەم سۆفییەکە و هەم فەناتیکێک باوەڕیان پێیەتی.
سۆفییەک لە هیندستان کاتیک بەڕێدا دەڕوات بەرپێیَ خۆی بە هێواشی گسکدەدات بۆ ئەوەی نەبا پێ بەسەر مێرووییەکدا بنێت کە خاوەنی ڕۆحە و خودا دروستی کردووە، تەنانەت ئەو کاهووەی دەستیشی پێش خواردن کە دەیشواتەوە چەند گەڵایەکی سەرەتا ناشوواتەوە دەڵێ نەبا مێروویەک لەسەری گەرای دانابێت، بۆ ئەوەی تێربوونی من ژیانی سەدان گەرای سەر ئەو گەڵایانە نەکوژێت. فەناتیکێکیش بەناوی خوداوە چەقۆ لە ملی کەسێک دەنێت و سەریدەبڕێت بۆ ئەوەی ئەردی خودا لە کافران پاکبکاتە. ئەم دوو نمونەیە دوو نمونەن هەردووکیان لە پێناوی جوانیدا ئەم کارە دەکەن. ئایا خودا چەند نزیکە لەم دوو ئینسانەوە؟! ئایا جوانی لەم دوو هەڵویستەدا چەندە دیارە و لەزەت لە جوانی لای ئەم دووانە لە کوێدان؟ کێ جوانی دەسەپینێت و کێ مانای جوانی دەبەخشێت، ئایا خودا چەندە دەستی لەناو ئەم ڕێگایانەدا هەیە بۆ گەیشتن بە جوانی؟

**زانیار موحەمەد: گەیشتن بە خۆشبەختی وەکو لە ڕۆمانەکەتدا لێی دووایت، ڕێیەکی دەچێتەوە سەر خوداو ڕێیەکی دەچێتەوە**



**سەر سەفەر؟ ئەمە وونبوون نییە لەناو ڕێگاکاندا؟ ئەدی گەیشتن بە خۆشبەختی سەرابە؟**

**هیوا قادر:** خۆشبەختی، ماڵیکە لە ناو جوانیدا، مادام جوانی سیفەتێکی بەردەوامی گۆڕانە، کەواتە خۆشبەختیش شتێک نییە هەمیشە و بەردەوام، خۆشبەختی جۆرێکە لە چێژوەرگرتنی ژیان لە ڕێگەی بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای جوانیدا.
وەکو **دالای لامە** دەڵێت: "ژیان گەڕانە بە دوای خۆشبەختیدا". ئێمە هەمووومان بە دوای خۆشبەختیدا دەگەڕێین، هەموو کارێکی ئێمە لە ژیاندا بۆ ئەوەیە بگەین بە خۆشبەختی. بەڵام ئایا خۆشبەختی چەندە مانایەکی کۆ و چەندە مانایەکی تاکەکەسی هەیە. ئایا خۆشبەختی لە ئێستادایە و لە ناو ژیاندایە، یاخود لە دوایدایە و لە دنیایەکی تردا؟ ئایا خۆشبەختییەکی هەمیشەیی چەندە جوانی تێیدا سەرفرازە و چەندە جوانی تێیدا ونە؟ ئایا دین بەبێ مژدەی خۆشبەختی تا چەند دەتوانێت بژی؟ ئایا مژدەی خۆشبەختی دینەکان بۆ هەمیشە زۆرینەیان خۆشبەختییەکانیان دواخستووە بۆ دنیایەکی تر؟ دیارە هەموو ئەم پرسیارانە کە ئێستە ڕووبەڕووی دینمان کردنەوە بۆ ئایدۆلۆژییەکان و بۆ هەموو پرسیارە فەلسەفییەکانی ئینسانیش ڕاستە.
دیارە من بۆخۆم پێموایە خۆشبەختی لە ژیاندایە و نابێت هەڵبگیرێت بۆ کاتێکی تر و بخرێتە دەرەوەی ئەم دنیایەی کە ئێستا هەیە، بەشێکی گرنگی خۆشبەختیش زۆر تاکەکەسیانەیە

و لەسەر گەڕانەکانی ئینسان خۆی کەوتووە، لەبەر ئەوە خۆشبەختی هەمیشە نادرێت، بەڵکە خۆشبەختی دەدۆزرێتەوە بە هەموو ئەو مانا جۆراو جۆر و ڕێژەگەراییەوەی کە هەیەتی.
خۆشبەختی لای سۆفییەک بۆ ئەوەیە ڕێگاکەی بچێتەوە سەر جوانی خودا و دۆزینەوەی ئەو، بەڵام ئایە ئەم خۆشبەختییە، خۆشبەختییەکی هەتاهەتاییە یان پڕە لە گومان و پرسیارکردن؟
گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا ئەو سەفەرەی ئینسانە کە بەژیاندا دەیکات، ئێمە هەمووومان سەفەردەکەین، هەمووومان دێین و دەڕۆین، لێرەوە ماناکانی خۆشبەختیش بەسەر ماناگەلێکی بێ شوماردا دابەشدەبێت، پەیوەندی بەوەوەیە تۆ تا چەند باوەڕت بە ئەبەدییەت هەیە، ئایا شتێک هەیە ئەبەدی و نەمرو زیندووبێت؟ ئەم پرسیارانە توێشووی ئەو سەفەرە کورتەی تۆن لە گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا کە لە ژیاندا ئەزمونی دەکەیت.
دۆزینەوەی خۆشبەختی تەنها پابەند نییە بە دین و ئایدۆلۆژیاکانەوە، ئەمە بەشێکی خۆشبەختییە کە پەیوەندی بە کۆوە هەیە، بەڵام خۆشبەختی تاکەکەسی پەیوەندی بە ئاستی چێژوەرگرتنی تۆوە هەیە لەبەردەم جوانیدا، پەیوەندی بەو ئاستی تێڕامان و مەعریفەیەوە هەیە کە هەمیشە لە گۆڕان و خۆتازەکردنەوەدایە. ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە لە پشتی ڕێژەگەرایی خۆشبەختی تاکەکەسییەوەن.
زۆرینەی ئەو خۆشبەختیانەی کە هەتاهەتایین خۆشبەختییەکن ئینسان مانای ئینسان بوونی خۆی تەسلیم بە هێزێکی لەخۆی



گەورەتر دەکات بۆیە هەر زوو پرسیار تێیدا هێزی خۆی لەدەستدەدات و دەمرێت. دیارە لێرەدا قسەم لە خۆشبەختی باش و خراپ نییە، خۆشبەختی دابەشنابێت بەسەر دوانەیەکی دوالیزمیدا، چونکە ئەو کاتەی کە دابەشمانکرد، مانای ئەوەیە پەیامی دەدەینێ، وەک مانای جوانی گەر پەیامێکی بدەینێ ئەوا دووچاری ڕیسکێکی دەکەین کە دواتر دەبێتە هۆی کوشتنی ئازادی ئینسان و لەناوبدنی ئینسان بەناوی جوانییەوە.
خۆشبەختی هەمیشە کاتییە، چونکە ئەو لەناو مانای جوانیدا دەژی کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە هەمدەم بانگەوازی خۆشبەختی هەمیشەیی باشترین شوێنە بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕیسکانەی کە ئینسان تووشی زەلیلی دەکەن.
ماناکانی خۆشبەختی، پەیوەندی بە قەناعەتی ئێمەوە هەیە بۆ ئەبەدییەت، بۆ خودا، بۆ چێژوەرگرتن لە جوانی، بۆ ئەو پرسیارانەی کە هەمیشە سەوزن و چرۆی تازە دەکەن لە ناو کێڵگەی مەعریفەدا.

**زانیار موحەمەد: چارەنووسی مردن لەم ڕۆمانەدا وجودێکی بەردەوامی هەیە و تێیدا چەندین پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە بە ئاسانی تووشی دەبن، یاخۆ مردن بۆچی بەئاسانی دێت و پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەش بەئاسانی تەسلیمی دەبن؟ یاخود ئەوە چییە لە مردندا وەهای کردووە پانتاییەکی زۆری ڕۆمانەکە قۆرخ بکات؟**

**هیوا قادر:** تۆ ڕاست دەکەیت وایە، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، یان من هەرئەوەندە توانای پارێزگاریکردنی ژیانی ئەو کەسایەتیانەم هەبووە کە لە ڕۆمانەکەدان. یاخود هۆی کورد بوونی منە کە مردن هەمیشە لێم نزیکبووە و لە نووسینیشدا ناتوانم لێی ڕابکەم، یان لەیادوەری مندا بە ئاسان تەسلیمبوونێک هەیە لەبەردەم مردندا کە ئەمەش پەیوەندی بە ژیانی تاکەکەسی خۆمەوە هەیە. بۆ نمونە مردن لە بەرهەمی شیعریی مندا هەمیشە لە پاڵ ژیاندا بوونی هەیە و پرسیارێکە چەندان جار دووبارەبۆتەوە، بۆئەوەی باشتر لەلای من لە مانای مردن بگەیت خراپ نییە گەر شیعری "ئەو ڕۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدات" بخوێنیتەوە.
ئەمانە ڕەنگە هەموویان ڕاستبن، بەڵام دیوێکی تریشیان هەیە کە پەیوەندی بە مێژووی بیرکردنەوەی ئەو کەسایەتیانەوە هەیە کە لە ڕۆمانەکەدان. دیارە جیا لە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، کەسایەتییەکانی تر هەم یاروەلی و سیاو ڕاژۆ ئەو کەسایەتیانەن کە زۆر نزیکن لە مەرگەوە، سۆفییەک و منداڵێکی کەمئەندام و شۆڕشگێڕێکی ڕووخاو، هەرسێک لەمانە لە مەرگ نزیکترن وەک لە ژیان، ئەمان ئەوەی بە ژیانیانەوە دەبەستێتەوە خەوبینینە، لە ڕێگەی خەونەوە دەیانەوێت جاریکی تر بێنەوە ناو ژیان بەو چەشنەی کە دەیانەوێت، کاتیکیش کە دەزانن ناتوانن و سەرکەوتوونابن لە ژیان هەڵدێن، ئەوەی کە لە ژیانیش هەڵهات زوو تەسلیمی مردن دەبێت. ئەوەی وادەکای مردن خۆیمان زۆر لێ نزیک نەکاتەوە شێوازی ژیان و



گەرموگوڕییەتی، ئینسان تا خۆی خۆشبوێت و حورمەتی خۆی وەک ئینسان بگرێت مردن لێی بەدووردەبێت، واتا ئەوە خۆشەویستیمانە بۆ ژیان کە مردنمان لێ دووردەخاتەوە. کە تۆ ژیانت خۆش نەویست، ئەوا ئامادەیت لە پێناوی بێ ماناترین شتدا بیدۆڕێنیت و بمریت.

## شاعیری خراپ ئەو شاعیرەیە کە خەیاڵی نییە

**سازدانی: شێرکۆ، زاهید، ئومید**
060901

**ڕێوان: بۆ ئەنووسی؟ وە بۆچی شیعر ئەنووسی؟**

**هیوا قادر:** ئەم پرسیارە چەند پرسیارێکی چەندبارەبۆوە و تەقلیدییە، هێندەش هەڵگری وەڵامی نادووبارەبۆوە و نا تەقلیدییە. هەموو وەڵامەکانی ئەم پرسیارە، هیچیان وەڵامێک نین کە دوو نووسەر بتوانن لەسەری کۆکبن، چونکە نووسین کارێکی فەردانییە و وەڵامی هیچ نووسەرێک بۆ ئەم پرسیارە ناتوانێت سەد دەرسەد نووسەرێکی تر تاسەر قەناعەت پێبکات.

هۆکەشی بەسادەیی ڕەنگە ئەوەبێت کە ڕەنگە پرسیارەکە خۆی لەسەرەتاوە هەر هەڵەبێت. ڕەنگە ئەوەی لەسەرەتاوە ئەم پرسیارەی کردبێت خۆی لەبەردەم کردەی نووسیندا واقوڕما و دەستەپاچەبووبێت، بۆیە ئەو پرسیارەی کردووە و تابزانێ نووسین چییە؟ یان ویستبێتی بزانێت نهێنی بەردەوامی نووسین چییە؟ کاتێک کە تۆ وەک نووسەرێک دەنووسیت و نووسین دەبێتە جۆرێک لە عەشق ئیتر لەوە ناپرسی تۆ بۆ عاشقیت، یان بۆ دەنووسیت. ئەم پرسیارەش ڕەنگە تاڕادەیەک هێندەی ئەو پرسیارە سەیربێت کە تۆ بە عاشقێک بڵێیت، تۆ بۆ عاشقیت؟!

کردەی نووسین سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دنیا و ڕێکخستنەوەیەتی، نووسین بەردەوامی ژیانە لەناو سەرسامییەکدا کە وادەکات دووبارەبوونەوە نەتکوژێت.

بۆ من نووسین سەفەرێکی بەردەوامە بۆ ئەو شوێنانەی نەمبینیون. خستنەڕووی تەماح و تەمەناکانی خۆمە، نووسین دزینی خەیاڵە لەناو جەوهەری زماندا، ڕووخاندن و دیسانەوە دروستکردنی ماناکان و وێنەکانە، زۆرینەی کاتیش هەستدەکەم نووسین بۆ من ڕزگارکردنی خۆمە لە دەستی خۆم و پێدانەوەی خۆمە بە دەستی خۆم.

بۆ شیعر دەنووسم؟ ئەم پرسیارەش پڕە لە دیوی دیار و نادیار. هەرگیز جارێکی تر ئەم پرسیارە لە شاعیرێکی تر مەکە گەر مەبەستی دەستکەوتنی وەڵامێکی قەناعەتکەر و بێچەندوچوونت هەیە، چونکە وەڵامیکت دەستناکەوێت کە



نهێنی شیعرنووسینت بۆ ئاشکرابکات بەبێ ئەوەی نەکەویتە ناو شیعرییەتی وەڵامەوە.

زۆر بەسادەیی من بۆیە شیعردەنووسم چونکە لەڕێی شیعرەوە دەتوانم هێندە دوور بکەومەوە کە لەهاتنەوەمدا هەستبکەم شتێک کە من دۆزیومەتەوە لای کەسی تر نییە، ئەمەش لەو تەنهایی و ترس و عەدەمییەتە بۆ چەند ساتێک دوورم دەخاتەوە کە هەمیشە هەست دەکەم من تەنها گەردێکی زۆر بچکۆلەی ناو ئەم گەردوونەم. بە کورتی وەک عاشقێک کە پێویستی بەوە نییە هاواربکات و بڵێت من عاشقم، من پێویستم بەو هاوارکردنە نییە و لە ڕێی شیعرەوە بە بێدەنگی ئەو شتە بچکۆلانانەی کە خۆم دڵم پێیان خۆشە دەیاندۆزمەوە.

**ڕێوان: شیعری ئێوە ((ڕەوای))ە واتە گێڕانەوە توخمی سەرەکی شیعری ئێوەیە. هاوکات لەگەڵ ئەمەش زۆر ژانری ئەدەبی دیکە هەیە کە گێڕانەوە تیایاندا دەوری سەرەکی دەبینێ. بەڕای ئێوە چۆن هەڵس و کەوتێک لەگەڵ گێڕانەوە ئەتوانێ شیعرییەت بە دەقێک ببەخشێ و لە ژانرە ڕەواییەکانی دیکە جیاوەکات؟**

**هیوا قادر:** زمان بۆخۆی هەڵگری گەورەترین خاسییەتی گێڕانەوەیە، نەک ڕابردوو بەڵکە باسکردن لە ئێستاو داهاتووش هەڵگری هەمان خەسڵەتی گێڕانەوەیە لە زماندا.

تۆ له زماندا ناتوانیت دەستبەرداری گێڕانەوەبیت، باسکردنی دیار و نادیار، ڕابردوو ئێستا و داهاتوو، لەناو چوارچێوەی زماندا له ڕیی گێرانەوەوە دروستدەبێت. بۆیه هەرگیزاو هەرگیز ناکرێت خەسڵەتی گێرانەوه له زمان بسەنیتەوه، سەندنەوەی گێڕانەوه له زمان واتا بێدەنگی و چوونه ناو (نازمانەوه) که دەکرێت له هونەرەکانی تردا نمونەی ئەمه هەبێت نەک له ئەدەبدا که لەسەر زمان بنیاتنراوه.
که زمان ئەمەبێت و شیعریش کایەیەک بێت لەناو جەوهەری زماندا ئیتر چۆن تۆ دەتوانیت شیعرییەت بەتاڵبکەیتەوه له گێڕانەوه. به کورتی گێڕانەوه قەدەری زمانه، زمان هەرگیز ناتوانێت له گێڕانەوه بێته دەرێ.

**ڕێوان: جیاوازی دەوری زمان له نێوان شیعرو ژانره چیرۆکییەکاندا چۆن ئەبینیت؟**

**هیوا قادر:** جیاوازی گێڕانەوه له شیعردا بەراورد به ژانرەکانی تر جیاوازی چڕی زمان و فره دیوییەتی بۆ بینین، ئەو چڕبوونەوه و هەتنەوەیەکەی زمان له شیعردا پەیوەندی بەوەوەهەیه که شیعر خۆی دروستکەری دوودڵییه لەناو ماناکاندا، بەڵام له ڕۆماندا وانییه، زمان له ڕۆماندا گوزارشتکردنێکی زیاتر یەک دیویانەیه لەبەردەم یەک مانایی یان چەند مانایيەکی دیاریکراودا بۆ شتەکان. بۆ نموونه لەپشتی هەموو وتراوێکی شیعرییەوه نەوتراوێک هەیه، که



دەکرێت ئەم فره خوێندنەوەیه بۆ چیرۆکێک نەکرێت لەئاستی مانادا وەک لەوەی بۆ شیعرێک دەکرێت. شیعر هەمیشه ئامادەیی کرانەوەی هەیه بەسەر خۆیدا، ئامادەییەکی بەردەوام و کۆتایی نەهاتوو، بەڵام ڕەنگه ئەم فره کرانەوایه لەو ئاستەدا که له ژانرێکی تری وەک چیرۆک و ڕۆماندا هەیه بەدینەکەیت. ئەم خەسڵەتەی که شیعر وەریگرتووه لەناو ژانرەکانی تردا لەڕیی جەوهەری زمانەوەیه، کارکردن لەناو خەیاڵی زماندا زیاتر لەناو ماڵی شیعردا دەکرێت بەراورد به ژانرەکانی تر. شیعر لەناو خەیاڵی زماندا دەژی و ژانرەکانی تریش بەدەوری ئەو خەیاڵی زمانەدا دەسوڕێنەوه، بۆیه زۆرینەی کاتیش دەبینیت هەمیشه ژانرەکانی تر پڕن لەو دەستەواژه و خەیاڵاته شیعریانه. بەڵام ئەمه نیشانەی ئەوه نییه که شیعریش سود له ژانرەکانی تر نابینێت، بێگومان بەڵام بەبێ ئەوەی لەناو خەیاڵی زماندا بێته دەرێ که جەوهەری یەکەمه. ئەمەش جیاوازی گەورەی زمانه له نێوان شیعر و ژانرەکانی تردا.

**ڕێوان: توخمی سەرەکی شیعری ئێمه بەردەوام له مێژووی خۆیدا عاتیفه بووه. لەم بابەتەوه شیعری ئێمه هیچ گۆڕان و دابڕانێکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ. دیاره ئەم کێشه ئەو شاعیرانەش ئەگرێتەوه که بەناوی بەرەی نوێی شیعری کوردستانی عێراق ئەناسرێن و شیعری ئێوەش ئەچێته ئەو خانەوه. دیاره لەم جۆره شیعرەدا، شیعر بیر له زمان ناکاتەوەو مەعامەلەیەکی کەرەسەخوازانه لەگەڵ زمان ئەکرێت و زمان**

**بابەتێکی بڤەیە کە شاعیر خۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی نادات، واتا شاعیری ئیمە بیری لە زمان وەک توخمێکی سەرەکی شیعرییەت نەکردۆتەوە. ئێوە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە چۆن ئەبینن و راتان چییە؟**

**هیوا قادر:** ئەم بەگشتی کردنە بۆ هەموو شیعری کوردی، وە بەتایبەتیش شیعری ئەو شاعیرانەی وەک تۆ بە (*بەرەی نوێی شیعری کوردستانی عێراق*) ناوتبردوون پێموانییە ڕاستبێت. من پێموایە هۆکاری ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لەپشتی پرسیارەکەتەوە دەناسمەوە، دەتەوێت بەشێوەیەکی باو بڵێیت بۆ فکر نییە؟! هیوادارم لە پرسیارەکەت گەیشتبم. هاوڕیی خۆشەویست دەبێ ئەوە تێبگەیت شیعر دژ بە فیکر نییە، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە کە بەرامبەر بە شیعر دەکرێت هەڵەیە، ئەم تێڕوانینەش دژوارییەکی گەورەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دروستکردووە.

پێموانییە ئەو شاعیرانەشی کە ویستوویانە تەنها فیکر بە زمانی شیعر بگێڕنەوە توانیبێتیان سەرکەوتووبن.

وە ئەگەر مێژووی شیعری کوردیش سەیربکەیت وەک مێژووی هەموو میللەتانی دراوسێی (عاتیفە) وەک تۆ دەڵێیت ڕەگەزێکی سەرەکی شیعریانە، وە هەر لەسەرەتاشەوە شیعر زیاتر نزیکتربووە بۆ کارکردن لەو کایەدا هێندەی ژانرەکانی تر. وە پێموایە تێنەگەیشتن و سادەکردنەوەی شیعر تەنها بۆ (هەست و سۆز) وایکردووە لەلای ئێمە شیعر بەو کایە ئەدەبییە



بناسرێتەوە کە زیاتر گرنگی بەلایەنی عەشق دەدات، دیارە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی لە ئاستێکی سادەدا کۆمەڵگەی ئێمەی کردووە بەکۆمەڵگەیەکی شیعری، بۆیە هەمیشە شیعر لەو ئاستە کاڵ و کرچ و سادەیەدا کایەیەک بووە بۆ گوزارشکردنێکی ئازاد کە هیچ کات حەرامکردن و تابۆکردن نەیتوانیوە ئازادییە سادەکانی لیبستێنێتەوە، هەروەها گەیشتنی پەیامی سیاسی و کۆمەلایەتیش لە کۆمەڵگەیەکی ناتێکستدا (کۆمەڵگەیەکی نەخوێنەواردا، یان کۆمەڵگەیەک کە خوێندنەوە نەبۆتە کلتوور تێیدا) وەک کۆمەڵگەی کوردی، شیعر ئاسانترین و خێراترین ڕێگەبووە بۆ گەیشتنی ئەو پەیامانە. بەدیوێکیَ لەوە سادەتریشدا شیعر ئەو ماڵە بووە کە هەموو کەس بۆ گوزارشتکردن لەسادەترین هەستی خۆی چۆتە ناوی، بۆیە دەبینیت هەر لە شیعری فۆلکلۆریتەوە تا شیعری عاشقێکی شەرمن هەموویان ڕزگاریان دەبێت لە تابۆ و حەرەمەکان و ڕەتبوونیان بەناو مەرجە قورسە کۆمەڵایەتییەکاندا بەناوی شیعرەوە، ڕەنگە شیعر لە ئاستێکی سادەدا وەسیلەیەکی ئاسان و قبولکراوی کۆمەڵایەتی بێت بۆ دەرچوون لەو داخرانە توندەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەسەر خۆی و ئەندامەکانیدا دروستیکردووە. ئەم حاڵەتە بە گشتی تەپوتۆزێکی دروستکردووە لەدەوری شیعری جدیش کە وادەکات ئەو حوکمە سەرپێیانەی بەسەردا بدرێت.

بێگومان (عاتیفە) ڕەگەزێکی ئەو شیعرە جدیانەشە کە ئێستا دەنووسرێن، بەڵام لە چ ئاستێکدا؟! تۆ ناتوانیت جدییەت لە

هەموو شیعرێک بسەنیتەوە لەبەرئەوەی باس لە (عاتیفە) دەکات، تەنها لەبەرئەوەی تۆ بەهەزاران شیعر و شانامەی ترت هەیە کە باس لەهەمان حاڵەتدەکەن لە ئاستە میللی و سادەکەیدا.
ئەم دژایەتییەی شیعر باوابڵێین بە ( بیانووی نەبوونی فیکرو کارنەکردن لە زماندا!) دژایەتیکردنێکە لە تێنەگەیشتن لەبەرامبەر کردەی نووسیندا. چونکە شیعری جدی گۆڕینی ئەو هەستە بەرجەستەیەیە ئەو (عاتیفەیەی کە تۆ باسیدەکەیت) بۆ نەستێکی بیرکەرەوە و سرک و نەگیراو لە مانایەکدا.
شیعر گەورەترین سەرمایەی ئەدەبی کوردییە، بەداخەوە و خۆزگە واشنەبووایە، بەڵام تۆ لەبەردەم مێژوویەکی ئەدەبی هەژاردایت بەراورد بە مێژووی میللەتانی تر، کە هەموو سەرمایەکەی کایەی شیعرییەتی، تەنانەت بەشێکی گەورەی مێژووی تۆ لەناو شیعردایە، ئەگەربێت و بە قەولی خۆت (عاتیفە) بەو شێوە تێڕوانینەی کە تۆ باسیدەکەیت، لە شیعری کوردی بسەنیتەوە، وەک ئەوە وایە هەموو شانازییە شیعرییەکانی شاعیرانی کلاسیکیت تورهەڵدابێت، تەنانەت وادەکەیت ناسیۆناله کوردەکانیش دەتۆرێنی چونکە هەموو سەرمایەی گەڕانەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لە ڕێی شیعری کوردییەوەیە.
من بەڕوونی تێناگەم مەبەستت چییە کە دەڵێیت: (( *شیعر بیر لە زمان ناکاتەوە و مەعامەلەیەکی کەرەسەخوازانە لەگەڵ زمان ئەکرێت و زمان بابەتێکی بڤەیە کە شاعیر خۆ لە*



*ڕووبەڕووبوونەوەی نادات، واتا شاعیری ئێمە بیری لە زمان وەک توخمێکی سەرەکی شیعرییەت نەکردۆتەوە.)*
ئێمە ئەگەر بێت و باس لە شیعر بکەین، واتە شیعرێکی جدی کە هیچ موجامەلەکردنێکی کوردانە هەڵنەگرێت. بەمانای وشە شیعریک بێت کە ژیانی تێدابێت. گەر باس لە شیعر لەو ئاستەدا بکەین، ئەم شێوە تێڕوانینەی تۆ هەڵەیە بۆی. چونکە هیچ شیعرێک ناتوانێت هەڵگری خەیاڵ و هێزی مانەوەبێت ئەگەربێت و زمان تێیدا بیرکەرەوەنەبێت، سەرسامی هەمیشەیی ئێمە بۆ شیعر لە نهێنی زیندویتی زمانەوەیە کە هەمیشە ئەتوانێت بەدیوی نوێدا خۆی بکاتەوە و خوێندنەوەی نوی بەرهەمبهێنێت. ئایە سەرسامی ئێمە هەتاکو ئەمڕۆ لەبەردەم شیعری مەحوی و نالیدا لەم ڕووەوە نییە؟!
گەر بۆم هەبێت و کەمێک دەستکاری پرسیارەکەی تۆ بکەم بۆ ئەوەی ئەو مەبەستەی تۆ هەتە لە پرسیارێکی ئاوادا چڕبکەمەوە، ئەوا دەڵێم: بۆچی شیعر زیاتر لای ئێمە بابەت بووە هێندەی ئەوەی کارکردن بوویێت لەناو زماندا؟ چونکە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا کرا بە پەیام و بووە هەڵگری کۆمەڵێک مانای سیاسی، ئەمە وایکرد کە شیعر هێندەی بابەت بێت هێندە یاریکردن و کارکردن نەبێت لە زماندا.
بەڵام ئەم بۆچونە بۆ ئەدەب بە گشتی و بۆ شیعر بە تایبەتی لای ئەم بەرە نوێیە نییە وەک تۆ باسیدەکەیت، ئەم هەموو گۆڕانکارییە لە بەخشینەوەی مانا ئێستاتیکییەکان بە ئەدەب و ڕزگارکردنی شیعر لەباباتییەت و خستنەوەی بۆ ناو کایەی

زمان وەک کایەیەکی بیرکەرەوە، نیشانەی ئەوەیە کە زمان کەرەسەیەکی بڤەو کارپێنەکراو نییە وەک تۆ دەیڵێیت. ببینە ئەم هەموو گۆڕانە لە شێوەی گوزارشتکردن و بیرکردنەوە لە زماندا هەموو کاری ئەو نووسەرانە نەبوون کە تۆ باسیاندەکەیت. بۆ نمونە کاریگەری گۆڤاری ڕەهەند و بەرهەمەکانی تری ئەو نووسەرانەی کە لەناو ئەو گۆڤارە و دەرەوەیدابوون نەبووە گۆڕینی ستراکتۆری زمانی کوردی لەو دەیەیەی ڕابردوودا،
هەروەها ناکرێت ئێمە هەموو ئەو شاعیرانە لە بۆتەیەکدا کۆبکەینەوە و بە گشتی بڕیاریان لەسەربدەین، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی تێڕوانینی ئەوان بە گشتی جیاوازە و لەیەک ئاستدا نییە چونکە بابەتێک لە نووسیندا کۆپنەکردوونەتەوە وەک لە زۆر قۆناغە شیعرییەکانی تردا دەیبینین، ئەو شاعیرانە بە هەموویان خاوەنی دەیەها دەقی زیندوون، هەر یەک لەو دەقانەش خاوەنی کیمیای شیعریەتی خۆیانن، نە زمان و نە دنیای بەختیار عەلی لە دنیای دلاوەر قەراخی دەچێت، نە دنیای هیوا قادر لە عەبدولموتەلیب دەچێت، نە جەمال غەمبار لە قوبادی جەلی زادە دەچێت، دیارە نمونەی تریش زۆرە گەر باسیانبکەین.

**ڕێوان: شیعری ئێمە بۆ شارستانی نابێتەوە، واتا بۆ شاعیری ئێمە لە شاردا دەژی و وا دەرئەکەوێ کە لە (دێ) ئەنووسێ؟ هۆکاری ئەم دیاردە ئەگەڕێننەوە بۆ کام توخمی شیعرییەت؟**



**هیوا قادر:** دەمەوێت تۆزێک گشتگیرتر لەپرسیارەکەت وەڵامبدەمەوە و زۆر بەسادەیی پێتبڵێم، چونکە تا ئێستا تۆ شارێکت نییە کلتووری لادێ بەسەر کلتووری شاربوونیدا زاڵنەبێت. وە بەمانایەکی تریش تۆ تا ئێستا شارت نییە، شاریک کە خاوەنی دەیەها شێوە گوزارشتی جیاوازبێت لە دەیەها کایەی جیاوازدا، ئەو زمانەی لە ماڵەوە قسەی پێدەکەیت هەمان زمانی قوتابخانەیە، هەمان زمانی سنعەتکاران و دکتۆر و قۆنتەراتچێکانییەتی، زمانی سیاسییەکان و دەڵاڵەکانیەتی، تۆ کلتورێکت نییە لەسەر شارستانییەتیک بنیاتنرابێت کە تەحەمولی بەربەرەکانێ سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بگرێت و دنیایەک پرسیار لە خۆیدا دروستبکات بۆ گۆڕانی نوێ. هیچ شارستانییەتێک بەبێ فیکر و بەربەرەکانی جیاوازییە فکرییەکان ناتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی و بەرهەمهێنانی جیاوازی بدات. شارێکت نییە شاری دینە جیاوازەکان بێت، شارێک لە ڕێی بیناسازییەوە خاوەنی مێژووی خۆی بێت، هەموو جیاوازییەکانی لە خۆیدا هەڵگرتبێت و پربێت لە ڕەنگی جیاواز و دەنگی جیاواز.
زمانیش کە ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتی گرنگی نێوان ئینسانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەیە لە قەیراندا دەژی، ئەویش قەیرانی بیرنەکردنەوەیە. تا ئێستاش منەوەرە موحافزکارەکانی ئێمە دژی هەموو گوزارشتکردنێکی نوێی زمانەوانین لەئەدەبدا بەناوی ئەوەی کە ئەو شێوە گوزارشتکردنانە کوردی نیین!

ئەم پەژارەبوونە کلتوورییە، پەژارەییە لە ئاستی زمانیشدا. کێشەی بیرکردنەوەیە بە زمانی کوردی، مادام ئێمە وەک یەک بیرناکەینەوە کەواتە زمانیشمان دەبێت وەک یەک نەبێت، چونکە کاتێک ئێمە دەتوانین بنووسین کە بتوانین ئازادانە لە زماندا بیربکەینەوە.

تکایە بۆ ئەوەی ئەم وەڵامەی من بەهەڵە لێکنەدرێتەوە دەمەوێت بڵێم کە بوونی زمانایک بە زمانی شار مانای ئەوە نییە تۆ دەستەواژە کۆنەکان و بەکارهاتووەکانی ناو زمانی لادێ فەرامۆشبکەیت بەناوی بەکارهێنانی زمانی شارەوە. چونکە ئەم پرۆسەیە گەر وا سادە سەیربکرێت ئەوا دەبێتە هەڵگری قەیرانیکی گەورە لە خۆیدا. چونکە قسەی من لەسەر ئەم ئاستە نییە کە تەنها لە شێوەی بەکارهێنانی دەستەواژە و گوزارشتکردنی ڕۆژانەدا بوەستیتەوە، بەڵکە مەبەستم شێوەی بیرکردنەوەیە، چونکە وەک ووتم زمان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی گرنگە.

بەگشتی شار واتا جیاوازی، کۆی جیاوازییەکان مانایەک دادات بە شار کە هەمیشە هەستبکرێت ژیان تێیدا بەردەوامە، بۆ نمونە ئیمە شاری سلێمانیمان هەیە کە نمونەیەکی باشە وەک نمونەی شار باسیبکەین کە ڕەنگە بەراورد بە هەموو شاردەکانی تر جیاوازی بەرچاوی هەبێت. ئەم شارە بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی وەک شار هەمیشە لەبەرزی و نزمیدا بووە، ئیمە با ئەم دەیەیەی ئێستای سلیمانی باسبکەین. دەبینین کەلتووری لادێ بەیەکجاری کلتووری شاری



داگیرکردووە، هۆکانیشی زۆرن، سەرەتا ئەوانەی خۆیان بە شاری دەزانی و خەڵکی شار بوون زۆرینەیان سەفەریانکرد و چوونە دەرەوەی وڵات. بازاڕ زیاتر بەدەستی کۆمەڵی بازرگانەوەیە کە لەبنەچەدا خەڵکی لادێن، وە ئەم گروپە بازرگانە تەنانەت کاریگەری گەورەیان کردۆتە سەر زەوقی هەڵبژاردنی شمەکی بازاڕ، لەسەیرکردنێکی خێرای ناو بازاڕو بینینی ئەو شمەکە لەیەکچوو و ناشیرین و موستەهلەکانەدا تێدەگەیت کە چەندە زەوقیکی ناشاریانە لەپشت هەڵبژاردنیانەوەیە، تا دەگاتە ئەو هەموو دووکانانەی کە تەنها گوڵی نایلۆنیان تێدا دەفرۆشریت.

هەروەها ئەو دەستەڵاتدارانەی کە شاردەبەن بەڕێوە خەڵکانێکن کە زیاتر موتەئەسیرن بە کلتوری لادێ و مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی بەقەدەر ئەوەی یارمەتی جیاوازییە کلتوورییەکانی ناو شاربدەن تا زیاتر گەشەبکەن، چونکە جیاوازی لای حیزبی کوردی واتا لەونەچوون، لەونەچوونیش واتا چوونە بەرەی نەیارەوە. هەروەها دەبینین چۆن دەسەڵاتداری کوردی بۆ مانەوەی خۆیان و بەردەوامی شەڕەکان و چاوسورکردنەوەکانیان لەیەکتری سەرلەنوێ ئاوی حەیات دەکەنەوە ژێر ئەو بنەما عەشایەریانەی کە لە سلیمانیدا تاڕادەیەک بەرەو کاڵبوونەوە و کارکەناری چووبوون.

بەشێوەیەکی گشتیش شیوەی گوزارشتکردنی دەسەڵاتداری کوردی شیوە گوزارشتکردنێکی لادێیانەیە، واتا ئەو زمانە هەڵگری جۆری بیرکردنەوەیەکە کە زمانی بیرکردنەوەی

شارنییە. ئەم زمانە هەڵگری شفرە تایبەتییەکانی خۆیەتی سەبارەت بە شێوەی شەڕەکان و تێگەیشتن لە تۆڵەسەندنەوەکان و ملدان بۆ سوڵحەکانی نێوانیان.
کاتێکیش دەسەڵاتدارێکی حیزبی کە قسەدەکات دوای هەندێک ئەتەکێتی سادەی قسەکردن بەچەشنێک قسەدەکات وەک لەوەی لەبەردەمی مزگەوتی لادێیەکدا بێت و قسە بۆ هەندێک خەڵکی لادێ بکات. واتا هیچ ئەتەکێتێکی شێوەی جیاوازی قسەکردن نابینیت، ئەو سەرکردەیەی کە قسە بۆ کۆمەڵێک جوتیار دەکات هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە لەبەردەم کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیریشدا.
میدیای کوردی کە گەورەترین ئەرکی لەسەرە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و بیرکردنەوە، میدیایەکی حیزبی خاوەن زمانێکی بێ خوێنی وایە کە جگە لە زمانی هوتاف و دنەدان و پەخشانهۆنینەوە دەنگی خۆگڕکردن هیچ شێوە زمانێکی تر نازانیت. تەمەڵترین خەڵکانی ئەم وڵاتە میدیای کوردی دەبەن بە ڕێوە کە قیبلەی گەورەیان حیزبە. ڕۆژنامەکانیان جگە لە باسکردنی سەرکردەکان و چالاکییە حیزبییەکان پڕۆژەیەکی جدی وایان نییە بۆ زمان و کلتوور و دروستکردنی جیاوازی لەسەر ئاستی حورمەتگرتنی یەکتری.
ئەم هۆکارانە وایانکرد جیاوازییەکان هێندە بچکۆلەبێتەوە کە تەنها ببێتە جیاوازی نێوان دەسەڵاتداران و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ڕەخنەگر. ئەمەش ئەو ویستەیە کە حیزبی کوردی دەمێک بوو تەمەنای دەکرد.



کۆی هەموو ئەم هۆکارانەی کە باسکردن، دەبنە هۆی نەهێشتنی جیاوازی کە هەرە مەرجی سەرەکی بوونی شارە.
ئەمانە بەشێکی کەمن لە کۆی ئەو هۆکارانەی کە هەست بە بوونی زمانێک نەکەیت کە زمانی شاربێت، ئەم پەژارەییە بەر نووسەرانی کوردیش کەوتووە و وایکردووە کە لە هەمان بازنەی بیرکردنەوەی حیزبیدا بمێننەوە، بەردەوامی ئەدەبی کوردی لە بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی سەر بە قوتابخانەی ریالیزمی شۆڕشگێرانە بۆ ماوەی بیست و پینج ساڵ نیشانەی ئەوەبوو کە نووسەری کورد نەیتوانی خۆی لەو بازنەیە بهێنێتە دەرەوە کە حیزبی کوردی و ئایدۆلۆژیای سەردەست تێدابوو. هەروەها دابەشبوونی نووسەرانی کورد بەسەر دوو حیزبی کوردیدا هەم بە خوایشت و هەم بە تۆپزی وایکرد کە زمان وەک کەرەسەیەکی بیرکەرەوە سنورداربێت.
بۆ نمونە ئێمە گەر لە چیرۆکدا سەیربکەین دەبینین شاریترین چیرۆکنووسی ئێمە لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا تەنها شێرزاد حەسەنە لەناو دەیەها چیرۆکنووسدا. ئەمە نیشانەی نەبوونی جیاوازی ئەو شیوە بیرکردنەوەیەیە کە لەناو زماندا کاری پێدەکرێت.
هەمان ئەم حاڵەتە بۆ شیعری کوردیش ڕاستە، کە بۆ (شاعیری ئێمە لە شاردا دەژی و وا دەرئەکەوێ کە لە (دێ) ئەنووسێ؟) چونکە ماناکانی شیعر لای ئێمە مانای سیاسی تری پێدرابوو، واتا شیعر نووسین جۆرێک بوو لەگەیاندنی پەیام، زمانی شیعری جۆرێک بوو لە بیرکردنەوە لەناو ماناکانی

خۆبەختکردن و بەرگریدا، ئینسان لەم شیعرانەدا هەمیشە ئینسانیکی سیاسی وابوو کە دەبوو پاڵەوانبێت و پاڵەوانانە بمرێت. ئەم شیوە گوزارشتکردنەش لە زماندا پێویستی بە گوزارشتکردنیک بوو کە دەبوو لە ڕەگەوە وەربگیرێت، ئەو ڕەگەش لە زمانی کوردیدا ڕەگێک بوو کە شار بەرهەمی نەهێنابوو، بەڵکە زیاتر سەر بە لادی بوو، سەر بەو کۆ ژیان و هەرەوەزییە بوو، ئەو خۆبەختکردنە کۆییەی کە لە ڕیی شیعرەوە ئینسانی کوردی کرد بە ئینسانیکی سیاسی سادە، جونکە ئەو زمانە تەنها خاوەنی یەک مانای بیرکردنەوە بوو، هەر هۆکاری ئەم جۆری بەکارهێانی زمانە و خوێندنەوە سادەکان وای لە هەموو ئینسانێکی کورد کردوە هەمیشە وا بزانێت ئینسانیکی سیاسییە و دەتوانێت لە هەموو شتەکاندا قسەبکات بەڵام بەبێ ئەوەی بنەماکانی سیاسەت بزانیت لە بیرکردنەوەیدا.
ساڵانێکی زۆر کارکردن لە زمانی شیعریدا کارکردن بوو بۆ کۆکردنەوەی دەستەواژەی کۆن واتا نزیکبوونەوە لە زمانێکی پەتی، ئەم جۆرە کارکردنە لە ئەدەبدا کارکردن نەبوو لە زماندا هێندەی ڕزگارکردنی زمان بوو لە فەوتان. ئەگەرچی زۆرینەی ئەو دەستەواژە پەتیانە هەروەک خۆیان مانەوە و نەهاتنە ناو قسەی ڕۆژانەوە، دەستەواژەیەکیش نەیتوانی زیاد لە دەساڵ لەناو زمانی خەڵکیدا بژی ئەوا لەبیردەچێتەوە و دەفەوتێت.
بۆیە ئەم کێشەیەی کە تۆ باسیدەکەیت کێشەی نەبوونی خەیاڵە لە زماندا. نەک توخمی شیعرییەت کە تۆ وا ناوتبردووە، بۆیە



شاعیری خراپ ئەو شاعیرەیە کە خەیاڵی نییە، کە خەیاڵ ئامادەی نەبوو زمانیش بەرهەم نایەت.

**ڕێوان: شیعری ئێوە ئەچێتە خانەی شیعری ڕۆمانسییەوە، ئایا پێتان وانییە لەم فەزای ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا و بەگشتیش ڕۆمانسییەت هەڵاتنە لە واقیعەکان و تەرزیق وەشاندنی موخەدەرات بە کۆمەڵگا؟ ناکرێت بڵێین ئەمە پەنا بردنێکە بۆ فەنتازیاو وەهم و میتافیزیکا؟ ڕای ئێوە چۆنە؟**

**هیوا قادر:** ئەم قەناعەتەی لە پشتی ئەم پرسیارەوەیە قەناعەتێکی ئایدۆلۆژی و حیزبییە نەک ئەدەبی. بە پێچەوانەوە من پێموایە خودی ئەم پرسیارە بۆ خۆی هەڵاتنە لە ئینسان و تێنەگەیشتنە لە ئەدەب، نەک ئەو ڕۆمانسییەتەی کە تۆ باسیدەکەیت. لەڕاستیدا ئەو قەناعەتەی کە تۆ باسیدەکەیت دژی ئینسانە و بە قەولی تۆ (تەرزیق وەشاندنی موخەدەرە بە کۆمەڵگا)، نەک ڕۆمانسییەت. دیارە ئەو تەعریفەی تۆش بۆ ڕۆمانسییەت دەیکەیت دواتر دێمەوەسەری و باسیدەکەم.
ئەدەبی کوردی دیوی ئێمە زیاد لە 25ساڵ ئەم قەناعەتە ئایدۆلۆژییە پرواندی و خەیاڵی لە نووسەر سەندەوە. ئەدەبی کرد بە ماڵی ئینسانە ئازاکان، ئەو ئینسانانەی کە ئایدۆلۆژییەکان باسیاندەکرد، پێشدەستەی هەمووشیان ئایدۆلۆژیای بەرەی چەپ بوو. ئەدەبی واکورت کردەوە کردی بە بەیانێکی حیزبی، خێرو شەڕی دەستنیشانکرد، دنیای

دابەشکرد بەسەر ڕەش و سپیدا و سنووری خەیاڵی بۆ نووسەران دەستنیشانکرد. ئەدەبی شۆڕشگێڕی و واقیعی ڕەخنەگرانەی کرد بەسەردەستەی ئەدەبیات وناوی لە دژەکەشی نا رۆمانسییەت. ئەو ڕۆمانسییەتەی تۆ باسیدەکەیت فڕی بە ڕۆمانسییەتەوە نییە وەک قۆناغی ئەدەبی و ئەندێشە بەڵکە مانای تری ئایدۆلۆژی و سیاسی هەیە، ئەو مانایانە بێبەرین لە هەموو پێوەرێکی ئەدەبی، کە تۆ بەم چەشنە باس لە ڕۆمانسییەت دەکەیت کەواتە دەبێت ئەلتەرناتیڤێکی ترت هەبێت بۆ شیعر. ساڵانێکی زۆر ئاوا شیعری کوردی دابەشدەکرا بەسەر شیعری ڕۆمانسی و شیعری سیاسیدا. بە بێقیمەت سەیرکردنی هەموو ئەو شیعرانەی تر کە نەدەچوونە چوارچێوەی شیعری سیاسیەوە (بەو تەعریفە کوردییەی کە ئەو سەردەمە باوبوو بۆ ئەو جۆرە شیعرانە) وایکرد کە ناوی شیعری ڕۆمانسییەتی لێبنرێت، یان شیعری ناسک و پەمەیی پێبوترێت، تا ڕادەی ئەوەی ئەو شاعیرەی خاوەنی شیعری سیاسی و بۆنە نیشتمانییەکان نەبوایە بە شاعیرێکی ناسک و ڕۆمانسی ناودەبراو هەندێک جاریش وەک حیزێک سەیردەکرا. چونکە عەیبەیەکی گەورەبوو تۆ ئینسانێکی ناسک و حەساسبیت و شیعری سیاسی نەنووسیت و نەنەڕێنیت. ئەمە ماڵوێرانی بوو نەک سیاسەت، تێنەگەیشتن بوو لە ئەدەب وەک ئێستاتیکا، کردنی نووسین و نووسەرەکەی بوو بە پاشکۆی ئایدۆلۆژیاو حیزب.



ئەم شیوە تێڕوانینە بۆ هەر نووسەرێک بەبێ دۆزینەوەی بابەتێکی بنەڕەتی بۆ قسەلەسەرکردن تەنها هەر لە دنیای کوردیدا هەیە، هۆکەشی ئاشکرایە چونکە ئەم جۆرە دابەشکردن و ناونەتۆرە دانانە جۆرێکە لە باشترین ڕێگا بۆ لە کۆڵخستنەوە و قسەنەکردن لەسەر ئەو جیاوازیانەی کە لە دنیای ئەدەبی ئێمەدا هەیە.

ئەم شێوە تێڕوانینەی تۆ بۆ شیعرەکانی من کەمێکیش دڵخۆشم ئەکات بەوەی کە دیارە شیعرەکانم زۆر دەخوێنرێتەوە بۆیە بە (تەرزیق وەشاندنی موخەدەرات بە کۆمەڵگا) ناوتبردووە، من لەوە زیاتر قسەی ترم نییە و نامەێت لەسەر نووسینی خۆم بدوێم.

**ڕێوان: بۆچونت سەبارەت بە چەمکێک بەناوی (دەقی ژنانە)وە چۆنە؟**

**هیوا قادر:** ئیمە ڕەنگبێت خاوەنی هەندێک دەقی جوانی ژنانە بین بەڵام خاوەنی دەنگێکی هەمیشە ئامادەو داهێنەری ژنانە نین.

ڕەنگە ئەمە هۆکاری زۆری هەبێت، هەرە هۆکارە ئاشکراکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو موجامەلە زۆرەی میدیای کوردی کە بۆ قەڵەمی ژنانی دەکات. بۆ نمونە ئەو پایە ئەدەبیانەی کە ژن لە ئەدەبی کوردیدا وەریگرتوون بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ژنبوونیان، دەنا هەر لەو ئاستە ئەدەبیەدا دەیەها قەڵەمی پیاو

هەیە کەسیش نایان ناسێت. دەرکردنی ئەدەبی ژنان بە ناوی ژنبوونەوە لەو مونافەسە ئەدەبییەی کە پیاو هەیەتی لە ئەدەبی کوردیدا هەڵەیەکی گەورەیە و ئەم هەڵەیەش میدیای کوردی بەرپرسیارە لێی. دەنا لە هیچ دنیایەکدا نییە ئەدەبی پیاو و ئەدەبی ژنان دوو ئاستی مونافەسەکردنی هەبێت و نەرمی لەگەڵ ئەدەبی ژناندا بنوێنرێت و ڕەقیش لەگەڵ ئەدەبی پیاواندا، کە دیارە من ناونانی ئەدەبی ژنان و پیاوانم قبوڵنییە، بەڵکە دەکرێت قسە لەسەر زمانی ژنانە و پیاوانە بکرێت دەنا شتێک نییە ناوی ئەدەبی ژنانە و پیاوانە بێت. وە هۆکارێکی تریش هەیە کە لەئێستاوە درێژە بەو هەڵەیە دەدات کە لەسەرەتاوە میدیای کوردی کردی و ئێستاش لێی بەردەوامە، ئەو بزاوتە پڕ لەفەوزاو شەرمنەیە کە بەناوی فێمەنستی کوردییەوە لە ئارادایە، ئەمە هەموو نووسینیکی ئافرەتان زەقدەکاتەوە و بەنووسینیکی گەورە و داهێنەرانەی دادەنێت، بەبێ هیچ پێوەرێکی ئەدەبی. هەر نووسەرانی ناو ئەم باوەخولێ فێمەنستیە کوردییە تائێستا نەیانتوانیوە هێندەی دێڕێکی مەستوورەی ئەردەلانی لە ژنبوونی خۆیانەوە نزیکبن کە ئەو پێش سەدساڵ لەوەوبەر لە شیعری کوردیدا ئامادەیی هەبووە.

هەڵەیەکی زۆر گەورەشە گەر گوزارشتکردن لە ژنبوون لە نووسینی ژنی کوردا تەنها بگەڕێنینەوە بۆ غەزەلدارشتن بەسەر پیاواندا، ئەمە نابێتە شوناسیکی زیندوو بۆ دەقێکی ژنانە. بەڵکە بیرکردنەوە لەم کێشەیە زۆر قوڵترە لەوەستانێکی



واقوڕماوانە بەدیار ئەو دەقانەوە. دەقی ژنانە پێشهەرشت دەبێت حورمەتی ئینسانبوون بەخشێتەوە بەو کائینە لاڵ و بێدەنگ و سیمانەبووەی کە ناوی ژنی کوردە.

ئەمانە هەمووی تەپوتۆزێکی گەورەی لەدەوری نووسینی داهێنەرانەی قەڵەمی ژنان دروستکردووە، کە وادەکات دەقە ژنانە جوانەکانیش لەناو خۆیدا بشێوێنێت.

بەڵی هەندێ دەقی جوانی ژنانەمان هەیە، هەندێک لە بەرهەمەکانی کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، لازۆ، جۆمان هەردی، نەزەند بەگی خانی، ژوان ئاوارە.

**ڕێوان: ئێستا کە نزیک بەچوار دەیە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕوانگە تێپەڕیوە چۆن ئاوڕ ئەدەیتەوە سەر ئەو بەیاننامەیەو ئاکامەکانی ڕوانگە؟**

**هیوا قادر:** ئەو بەیانامەیە مەگەر لە ڕوویەکی مێژووییەوە گرنگی هەبێت دەنا وەکو گرنگی دەبێ ئێمە قسە لەسەر بەرهەمەکانی ئەو قۆناغە ئەدەبییە بکەین. ڕوانگە کاریگەرییەکی جدی گەورەی هەبوو لەسەر گۆڕینی (فۆرم – شێوە)ی نووسینی کوردی، کە ڕەنگە بە گشتی قسەکردن لەسەر ڕوانگە بێ هەڵبژاردنی تەوەرەیەک بۆ قسەلەسەرکردنی ناهەقی نواندن بێت بەرامبەریان. بەڵام تەنها ئەمە بەسنییە و دواتر دەبێت قسە لەسەر ئەو شێوە تەسلیمبوونەی ڕوانگەش بکەین بەو مەرجانەی کە سیاسەتی کوردی هەیبووە لەو قۆناغەدا. هەروەها

ئەو کاریگەرییە دەرەکییە ئەدەبی و سیاسیانەی تریش کە کاریان لەسەر نووسەرانی ناو ڕوانگە کردبوو.
من لێرەدا خۆم کەمیک لە زیادەڕۆی دەدزمەوە و دەمەوێت باس لە زمان و شیوەی نووسینی ئەدەبی بکەم لەناو ڕوانگەدا.
ڕوانگە بەو گۆڕان و میراتە شیعرییەی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆرانەوە کە بۆی مابۆوە توانی خۆی لە قافییەی شیعری سەر بە عەروزی زمانی عەرەبی دەربکات و شیعر بخاتە سەر کێشە جیاوازەکانی پەنجە. بەردەوامی ئەمە بۆ خۆی وەک فۆرم یەکەم هەنگاو بوو بۆ ڕزگاربوونی شیعری کوردی لەژێر سێبەری شیعری عەرەبی و تا ڕادەیەک فارسیش. بەڵام لەم قۆناغەدا زمان هێشتا وەک جەوهەرێکی بیرکەرەوە گوڵناگرێت و خێرا دەبێت بە ژێر زمانیکی تەجریدی واوە کە پڕەبێت بە ڕەمزی شیعری سادە کە دەلالەت لە کۆمەڵێک مانای کوردبوون و ئایدۆلۆژیەت دەکات. ئیدی لێرەوە قوتابخانەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانە و ڕەخنەگرانە دەبێتە قەفەزێکی ئاڵتوونی بۆ شیعری کوردی بۆ ماوەی زیاد لە بیست و پێنج ساڵ.
بەدیوێکی تریشدا وەک پێشتر باسمکرد زمان دەکرێت بە ژێر کۆکردنەوەی دەستەواژەی کوردی پەتی واوە کە تەنها لە پێناوی هێنانەوایان بۆ ناو زمان و ڕزگارکردنیان لە فەوتان بەرهەمی شیعری سڕدەکەن و دەیخەنە ناو زەخرەفەکردنێکی زمانەوانییەوە. هەروەها زۆری بەکارهێنانی ڕەمزە شیعرییە لەیەکچووەکان وادەکات تەنها خوێندنەوەیەک بۆ زمان و تێگەیشتن لە ڕێی ڕەمزەوەبێت، واتا هەموو شتێک وەک ڕەمز



دەخوێنرێتەوە و تەفسیری ڕەمزی بۆ دەکرێت، دیارە ئەمە هەر شیعر ناگرێتەوە بەڵکە شانۆ و چیرۆکیش دەگرێتەوە. ئەم لەقاڵبدانە شکڵییە بۆ زمان و بەرهەمی ئەدەبی زەرەرێکی زۆر لە زمان و بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدات کە تەنها بە دیوێکی سادەی وادا بخوینرێنەوە کە ئەو ڕەمزە تەمسیلی دەکات.
تا وایلێدێت گەورەترین خەونی شاعیرانی ناو ڕوانگە ببێتە پەیداکردنی زۆرینەی خوێنەران بە سادەکردنەوەی دەق و پڕکردنیان بەو ڕەمزانەی کە ڕەمزی بەرگری و شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمەبوون، ئەم کارەش لەژێر ناوی دژایەتیکردنی ئەدەب بۆ ئەدەب. ئەمەش بۆخۆی قەیرانێک بوو کە خوێنەری کوردی والێکرد کە لەدەرەوەی ئەو دەقانەوە بیر لە ئێستاتیکای دەق نەکاتەوە، زیاتر بەوافابێت بەرامبەر بەتێگەیشتن لەو ڕەمزە سادانەی کە لەناو دەقەکاندا بوون.
بەدیوێکی گشتیشدا دواتر دابەشبوونی شاعیران و نووسەرانی ڕوانگە بەسەر حیزبی کوردیدا وایکرد کە بەگشتی کۆی ئەو بەرهەمانە ببنە پاڵپشتێک بۆ حیزب و هەوادارانی. ئەم کێشەیە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە حیزبی کوردی هەستبکات کە نووسەران هەموویان هی ئەون و دەبێت پێیەپێی ئەو ڕیبکەن.
ئەمانە هەمووی بەشێکی ئەو قەیرانانەی ناو ڕوانگەن کە هێنایانە ناو ئەدەبی کوردییەوە و بەشێکی تائێستاش هەر بەردەوامە. تەنانەت ڕوانگە جۆرێک لە مۆدێلی ژیانیشی بۆ شاعیران و نووسەرانی هێنایە کایەوە کە زیاتر بە مۆدێلێکی بۆدلێری دەناسرێت، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت شاعیران

هەمیشە (خەمبارو کەساس و زامدار و بێخەوبن)، تەنانەت ئەمە لە هەڵبژاردنی پاشناوی شاعیرەکانیشدا کاریگەری خۆی هەبوو.
گەڕانەوەی من بۆ بەرهەمەکانی ڕوانگە لە ئێستادا ڕەنگە تەنها وەک لایەنێکی مێژووی و لێکۆڵینەوە بێت، دەنا وەک دەقێک کە توانای ئەوەیان هەبێت ببنە پرسیار بۆ ئێستای من، نا. بەڵام وەکو تر لەو کەمە شاعیرانەی ڕوانگە کە تائێستاش دەنووسن و بەردەوامن، حەزدەکەم ئاگاداری بەرهەمەکانیان بم و بیانخوێنمەوە.

**ڕێوان: ئەدەبیاتی سیاسی چۆن پێناسە ئەکەیت؟ ئایا ئەدەبی سیاسی بەمانا تایبەتییەکەی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا ئەبینی؟**

**هیوا قادر:** ئەمە دەکەوێتە سەر ئەو تەعریفە جیاوازانەی کە بۆ ئەدەبی سیاسی کوردی دەکرێت، تۆ ناکرێت باس لە میللەتێکی ژێردەستە بکەیت بەبێ بوونی ئەدەبیکی سیاسی، تەنانەت ئەو ئەدەبە ئەگەر ئەدەبێکی میللی زارەکیش بێت، بەڵام ئایا ئەدەبی سیاسی چییە؟ ئایا ئەو ئەدەبە تەنها دنەدان و پفدانی خەبات و شۆڕشکردنە دژی چەوسانەوە، وە گرنگی نەدانە بە ئێستاتیکا وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی؟ دیارە ئەم جۆرەیان زیاتر لای ئێمە بوونی هەیە، واتا ئەدەبیکی سیاسی خاوەن پەیام بەڵام هەژار لە ئێستاتیکاو لایەنی هونەریدا.



پیناسەی ئەدەبی سیاسی لای ئێمە زیاتر پیناسەیەکی لۆکاڵییە، واتا بەپێی ئەو ئامانجە سیاسییانەی کە لە ئەدەبدا دەنەخشینرێن پێناسەدەکرێت. ئەم پێناسانەش زیاتر پێناسەی سیاسین بۆ ئەدەب نەک پیناسەی ئەدەب بۆ ئەدەب، بۆ نموونە بەرەی چەپ پێناسەیەکی بۆ ئەدەبی سیاسی هەیە کە جیاوازە لە بەرەی ناسیۆنالیستی کوردی. واتا ئەدەبی سیاسی لەدەرەوەی ئەدەبەوە وەزیفەی گەیاندنی پەیامی دراوەتێ، ئەدەبی کوردی پڕە لەم جۆرە شیعرانە کە تەنها لەسەردەمەکەی خۆیاندا بۆ ماوەیەکی کەم ژیاون و دواتر لەبیرچونەتەوە.
بەڵام لایەنی هەرە گرنگی ئەم جۆرە ئەدەبە لە کۆمەڵگای کوردیدا، نەخشاندنی ئەو جۆرە مۆراڵە بووە کە ئینسانی کوردی لەسەر پەروەردەکراوە. ئەو مۆڕاڵەش مۆڕالی کوردبوون و خەبات و هەوڵدان بووە، کە ساڵانێکی زۆر قورسایی خۆی هەبووە. چەسپاندنی ئەو مۆڕاڵەش لە شیعردا کە من بە دەینەمۆی مۆڕاڵی کوردی ناودەبەم لە شاعیرانی وەکو حاجی قادری کۆییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە شاعیرانی ڕۆشنگەری وەک (قانع و زێوەرو پیرەمێرد). لەو سەردەمەدا پێناسەکانی کوردبوون دابەشبوو بوو بەسەر کۆمەڵێک تەوەرەی سادەدا وەک هەوڵدان بۆ عیلم، خوێندنی کچان، بە کوردی نووسین، خەبات دژی دەرەبەگ، دژی ئیستعمار، دروستکردنی شوناسی کوردی و گەڕانەوە بۆ مێژوو شانازی پێوەکردنی...) ئەمانە ئەو پنتە سەرەکیانەی ئەو جۆرە شیعرانەبوون کە دەکرێت هەندێکیان بە شیعری سیاسی لەقەڵەمبدەین. زۆرینەی ئەم

شاعیرانە قاچیان لەسەر زەوی بووە و توانای بینینی واقیعی کوردیان هەبووە، هەروەها خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵایەتی واشبوون کە جیاوازە لە پایەی کۆمەڵایەتی شاعیرانی دوای خۆیان و ئێستا، ئەمان مۆڕاڵێکیان بۆ ئینسانی کورد لە شیعرەکانیاندا دارشت کە بووە گەورەترین کەرەستە بۆ ماناکانی کوردبوون، یەکبوون و یەک دەستی و هاوبەشی. بەڵام زۆرینەی ئەم شیعرانە وەک زمان و ئێستاتیکا زۆر هەژارن و گەربێت و ئەو پەیامانە لە شیعرەکاندا دەربکەیت ئەوا هیچیان نامێنێتەوە کە دابەشبێت بەسەر زمان و ئێستاتیکادا.

گەر لەو قۆناغەش واوەتر بێیت دێیت بەسەر شیعرە سیاسییەکانی گۆراندا دەکەویت کە بۆ لینین و ئایدۆژیای چەپی نووسیوە، ئەمانەش لە دەرەوەی شیعرە جوانەکانی گۆرانەوەن. دواتر دێینە سەر ڕوانگە و ئیدی ماناکان ووردە ووردە سادە و سادەتر دەبنەوە و دەبن بە کۆمەڵێک ڕەمزی دووبارەبۆوە و حیزب لەناویاندا دادەنیشێت. کۆتایی ڕوانگە کۆتایی ئیشکردن بوو بەو مۆڕاڵە گشتییەی کوردبوون کە ئیدی حیزب و ئایدۆلۆژیا کاری خۆیان تێداکرد و هەرئەوانیش بوونە هۆی فەوتاندنی ئەو مۆڕاڵە کوردییە.

ئەمانە بەشێکی کەمی وێنەی ئەو نەخشە شیعرییە کە بە ئەدەبی سیاسی ناودەبرێت، ئەگەرچی زۆر لە ناسیۆنالیستە کوردەکانیش ڕیشەی بوونی ئەم ئەدەبە دەگەڕیننەوە بۆ ئەحمەدی خانی.



**ڕێوان: لە شاعیرانی نوێگەری فارس کێ ئەناسی و کێت خوێندۆتەوە؟**

**هیوا قادر:** بەداخەوە زۆر کەمیان دەناسم، ئەویش بە خوێندنەوەی بەرهەمێک یان دوان نابێتە ناسین. ئەمە نوقسانییەکی گەورەی منە، هۆکەشی ئەوەیە کە من فارسی نازانم. ئەو بەرهەمە کەمەی ئەدەبی فارسیش کە خویندومەتەوە سەرەتا بە زمانی عەرەبی بووە، ئەم ساڵانەی دوایش ئەو بەرهەمانەی کە کراون بە زمانی کوردی زۆرینەیانم خوێندۆتەوە. بەڵام ئەدەبی فارسی بۆ من زیاتر وەک نەستالژیا (یادوەری) یەک وایە چونکە من لە منداڵییەوە گوێم لە شیعرەکانی حافز و مەولانە و مەولەوی بووە بە هۆی باوکمەوە، بەڵام کەچی بەبێ ئەوەی تێیان بگەم خۆشمویستوون. بۆیە هەستدەکەم هەمیشە حەنینێکم بۆ ئەدەبی فارسی هەیە.

**ڕێوان: شیعری ئێوە زۆر لە ژێر کاریگەری سوهراب و فروخی فەروخزاد دایە دیارە ئەم کاریگەرییە لای هەندێک لە شاعیرانی کوردستانی عێراق بەرچاوترو ڕاستەوخۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە بە عەرەبی نزیکترن تا بەفارسی، بەڵام ئەوەندەی زۆر جار دووپاتبوونەوەی سوهراب و فرووغ ئەبینینەوە، کاریگەری**

**نزار قەبانی یان سەعاد سەباح نابینین؟ بەڕای ئێوە ئەم دیاردە چ هۆکارێکی هەیە؟**

**هیوا قادر:** زۆرجار ئەم پرسیارەم لێدەکرێت، بەڵام خۆزگە ئەم جارە ئێوە ئەو پرسیارەتان نەکردایە چونکە ئێوە نزیکترن لە زمانی فارس و بەرهەمی ئەو نووسەرانە باشتردەناسن. من هیچ فارسی نازانم و بەفارسیش ڕەنگە بەهەمووی سەد لاپەڕەم لە ژیانمدا نەخوێندبێتەوە. وە ئەو بەرهەمانەی سپهری و فەروغیش کە کراون بە کوردی هێندە نیین کە توانیبیتیان هەموو تێڕوانینی شیعری من بگۆڕن، بۆیە هەستدەکەم ئەمە زیاتر تۆمەتە وەک لە ناسینی شیعری من. دیارە من سپهریم خۆشدەوێت و هەندێک لە شیعرەکانی فەروغیش، خۆ گەر کاریگەرییەکی سپهریش بەسەر شیعری منەوە هەبێت هێندە بە عەیبەی نازانم، بەڵام زۆر شاعیرانی دنیا هەن کە وەک سپهری دەنووسن بۆ ناوی ئەوان نابەیت کە کاریگەریان بەسەر منەوە هەبێت. ڕەنگە نزیکی و هێمنی تێڕوانینی من بۆ دنیا و شتە بچوکەکان وابکات ئەو لیکچونە دروستبکات، دەنا وەکو تر تۆ سەرپشکبە لە دەستنیشنکردنی ئەو لێکچونە شیعریانەدا.
من سەردەمانێک هەموو شیعری نزارقەبانیم خوێندۆتەوە بەڵام هێندە سەرسام نەبووم بەدنیا شیعرییەکەی. وابزانم بیست ساڵێک لەوەبەریش چەند شیعرێکی کەمی سەعاد سەباحم خوێندۆتەوە، بەگشتیش من جگە لە ئەدۆنیس و هەندێک



نووسەری دانسقەی تری عەرەب نەبێت ئەدەبی عەرەبیش ناخوێنمەوە.

گفتووگۆی گۆڤاری ڕێوان 2006
گۆڤاری ئایندە 2007

## بێ بەشبوونی من لە منداڵی بەشێکە لە بێبەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی لە ژیان

ئامادەکردنی: شاخەوان سدیق
080903

**شاخەوان: زۆر لە نووسینەکانت پانتاییەکی گەورەی لە منداڵی داگیرکردووە و ئەگەڕێتەوە بۆ دنیایەکی پڕ لە بەرائەت, تەنانەت ئەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لەو ساتانەی کە لە منداڵیدا**

**سەرنجیان ڕاکێشاوی وەک (خاڵخاڵۆکە)، لە هەندێک شوێندا سوێندی پی ئەخۆیی. دواین کاریشت ڕۆمانێکە بەناوی (مناڵێک لەسەر مانگە) ئایا ئەمە بێبەشبوون و مەحروم بوونت نییە لە منداڵی خۆت؟ تاوا هەستبکەیت کە مناڵیەکی ئاساییت نەبووە؟ یان تۆ چیت لە مناڵی و دنیای مناڵی ئەوێت؟**

**هیوا قادر:** شێوە ژیانی منداڵی من هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ منداڵانی تری هاوتەمەنی خۆمدا نەبووە، هەموومان منداڵانی ناو جەنگەکان بووین و هەر زوو منداڵیمان بەجێهێشت و گەورەبووین. دواتریش مژدەکانی گەورەبوون نەیتوانی هەقی ئەو بەجێهێشتنە خێرایەی منداڵیمان بۆ بکاتەوە، گەورەی لەسەردەمی جەنگدا وەک کردنەوەی دەرگای جەهەنم وایە لەسەر ژیان، کاتێک گەورەی دەبێتە بەردەوامی ژیان لەسەر خەرەندی جەهەنم ئیتر ئینسان هیچ ئومیدێکی بە ژیان نامینێت.

دیارە من پێموایە منداڵی یادوەری یەکەمە، وەک چۆن لەدایکبوونی ئەستێرە و مانگەکان زادەی یەکەم تەقینەوە گەورەکەی گەردوونن، ئاوهاش منداڵی بەریەکەوتنی هەستی ئینسانییە بە بینینی شتەکان و جەبری یاساکان و تێگەیشتنیان. منداڵی یەکەم ساتەوەختی سەرسامییەکانە بە دنیا، نووسەریش بۆ ئەوەی ئاسانتر دەستی بگات بەو سەرسامیانە و درێژە بە خەیاڵ و ئەزموونی نووسینی خۆی بدات، هەندێک جار دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی. بەڵام وەستان تەنها



لەبەردەم سەرسامی منداڵیدا بەس نییە بۆ ئەوەی لەوێوە دنیا سەرلەنوێ دروستبکەیتەوە، قەتیسمان لەناو ئەو سەرسامییەدا ریسکی گەورەی بۆ نووسەران هەیە کە دواتر ڕەنگە بیانخاتە بەردەم تێگەیشتنێکی هەڵە بەرامبەر بە دنیا.

بەشێک لە کارکردنی من لە ناو خەیاڵاتی منداڵیدا لەهەمان ئەو سیستەمی ناولێنانانە دەچێت کە منداڵات سەرەتا دێن و ناوی مێرووەکان و باڵدارەکان دەنێن،

وەک چۆن پێشووتریش لە شوێنێکی تردا هێمام بۆ ئەم خاڵە کردووە، ئەویش بە بڕوای من ئەوەیە کە ئەوە منداڵانن سەرەتا ناوی مێرووەکان و باڵدارەکان دەنێن، یاخود کەسانێکن کە پڕن لە خەیاڵ و رۆحیەتی منداڵانە، تۆ سەیری ناوەکان بکە، خاڵخاڵۆکە، حاجی لەقلەق، کوللە حاجی، کڵاوکوڕە، پەپووسلێمانکە، کوکوختی، کەنەسمە، پەڕەسێلکە و دەیان ناوی تر، ئەم سیستەمی ناونانە لەناو زمانەکانی تری دنیاشدا هەر بەهەمان شێوەیە، بەتایبەتی ئەو زمانانەی کە وەک زمانی کوردی رەگیان لەناو کۆمەڵگای فیوداڵیدا ڕۆچووە.

دیارە سوێندخواردنی منداڵێک بە خاڵخاڵۆکەیەک، لای من گەورەترە لە سوێندخواردن بە خودا، چونکە خاڵخاڵۆکەیەک لە لای منداڵ لە خودا جوانتر و نزیکە دەست ترە، ئەم تەوزیفکردنە لە شیعری مندا ڕەنگە زیاتر بگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆحە منداڵزەدەییەم کە لەگەڵ شتە بچوکەکاندا هەمە.

تۆ هێمات بۆ ناونیشانی ڕۆمانەکەم کرد "منداڵێک لەسەر مانگە"، ئەم ناونیشانە پەیوەندی بەخەیاڵ و ناوەڕۆکی

ڕۆمانەکەوەیە، کە لەوێدا خەیاڵی منداڵێک دەبێتە بەشێک لە تەوەرەی چەقی چیرۆکەکان و فەنتازیاکان.

بێ بەشبوونی من لە منداڵی بەشێکە لە بێبەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی لە ژیان، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەی ناو جەنگە یەکبەدوای یەکەکانە، ئەم کۆمەڵگەیە لەوەتەی هەیە لەناو جەنگەکاندایە و خۆی دەپارێزێت تا نەفەوتێت، بەڵام من پێموایە جەنگی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردی دوای مانەوە و نەفەوتانی لەناو جەنگەکاندا هێشتا دەستی پێنەکردووە، ئەو جەنگەش جەنگی خۆیەتی لە گەڵ خۆیدا، جەنگی خۆ داماڵینیەتی لە هەموو یادوەرییەکانی، ئەو یادوەریانەی تەنها هی جەنگن نەک ژیان، ئێمە پیویستمان بە یادوەرییەک هەیە کە ژیانی تێدابێت و لە دەرەوەی سێبەری جەنگەکانەوە بێت، بۆ ئەوەی ژیان قابیلی ئەوەبێت هەوڵی بۆبدەیت و بۆی بژیت.

لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر منداڵی، ناشێ و نابێت بێ قسەکردن لەسەر سیستەمی کۆمەڵگا و ئەو مەترسیانەی کە کۆمەڵگا پڕەدەکەن لە ترس و دواتریش دەبێتە لەدەستدانی قۆناغی منداڵی لەلای ئینسانەکان، دیارە ئەو لەدەستدانەش هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

**شاخەوان: کۆی ئیشکردنی تۆ هەم وەک بابەت و هەم وەک تێما ئیشکردنێکی فراوانە لەسەر یادوەری بەتایبەت ئەمە لە سەفەرنامەکەتدا بە ئاشکرا ئەیبینین. ئایە یادوەری بوونی ئەو هاوڕێیەیە کە هەمیشە لەگەڵ تۆدا دەژی و لە ژیانی ڕۆژانەتدا**



**ئاڕاستەت ئەکات بەرەو داهاتوو؟ یان تەنها کەرەستەیەکە کە تۆ دەتەوێت وەک بابەت کاری لەسەر بکەی، ئایا یادوەری بۆ تۆ چییە؟**

**هیوا قادر:** دیارە بوونی هەرە بەشی گەورەی زمان یادوەرییە، کە ئەدەبیش کارکردنێت لە زماندا ئەوا مەحاڵە تۆ ئەدەبێک بەرهەمبهێنیت بێ باسکردنی یادوەریی.

ئەو تێمایەشی کە کتێبی سەفەرنامەی لەسەر بنیاتنراوە باسکردنی چیرۆکەکانی ڕابردووە، هەروەها ئەو شێوازی گێڕانەوەیەی کە لەو کتێبەدا هەیە شێوازی گێڕانەوەیەکە تایبەتە بە چیرۆکی سەفەر، بۆیە نەدەکرا لەدەرەوەی یادوەرییەوە ئەو کتێبە بە جۆرێکی تر بنووسرایەتەوە.

تۆ بڕوانە بەرهەمی زۆرینەی ئەو نووسەرانەی دنیا کە لەناو جەنگەکاندا ژیاون، زۆرینەی بەرهەمەکانیان قسەکردنە لەسەر یادوەریی ئەو جەنگانە و ئەو نەهامەتیانەی کە ئینسانەکان چەشتوویانە، بۆیە ئاساییە من وەک نووسەرێکی کورد یادوەریم کەرەستەیەکی گرنگ بێت بۆ نووسین. من زۆرجار خۆم بەبەردێکی پەرێو و ساردبۆوەی بورکانێک دێتە پێش چاو کە گەیشتبێتمە ئەو پەڕی دنیا و لەوێوە دیسانەوە باسی خۆم و ترس و مەرگ و تەمەناکانم بگێڕمەوە بۆ ژیان.

ژیان لەگەڵ یادوەریدا لە مەنفا و لەناو وڵاتدا جیاوازی زۆرە، بەشێکی هەرە خەمناک و تەنهای ژیانی ناو مەنفا نەتوانینە لە دەستبەرداربوون لە یادوەری ڕۆژانی ڕابردووی ناو وڵات.

چونکە یادوەری زۆرینەی جار بریتییە لەو ئاوڕدانەوەیەی کە دەیدەیتەوە بۆ ئەوەی بەرپێی خۆت لە ئێستادا ببینیت، بێ ڕێکەوتنێکی عەقڵیانە لەگەڵ یادوەریدا لە مەنفادا زۆر زەحمەتە لە ئێستایەکدا بتوانیت بژیت کە تێیدا وەستاویت. بەڵام ئەم ڕێکەوتنە هەندێک جار شکست دەهێنێت کاتێک کە عەقڵ توانای وەڵامدانەوەیەکی بێچەندوچوونی نییە لەبەردەم شاعیرێکدا. ئیدی لێرەوە مەنفا دەبێتە نا شوێنێک کە لە نێوان عەقڵ و شیعرییەتدا هەڵدەواسرێت.

زۆرینەی ترسی ئەو نووسەرانەی ژیانیان لە مەنفادا گوزەراندووە، بەشێکی گەورەی بڕیاری نەگەڕانەوەیان بۆ وڵات لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ناتوانن و زاتی ئەوە ناکەن ئەو ترسە هەژێنەرە بژین، کەساتی یەکەم بەریەکەوتنەوە دروستی دەکات لە بینینەوەی وڵاتدا، ترسی فەوتانی جوانییەکان، گۆڕانی جێگاکان، پیربوونی ئینسانەکان، گۆڕانی هاوڕێکان و هەزاران وردە شتی تر.

تۆ بڕوانە نامەکەی نالی کە هەمووی پرسیارە لە مانەوەی جوانییەکانی شوێن، چەندە سیخناخە بەو ترسەی کە شوێنەکان و دیمەنەکان و کەسەکان وەک خۆیان نەمابن.

بەریەککەوتنی نووسەر لەگەڵ ئەو یادوەریانەی کە ئێستا وەک خۆیان نەماون لە ناو وڵاتدا کەمێک ئەهوەنتر و مایەی قبوڵکردنە لەچاو بەریەککەوتنی نووسەرێک کەلەمەنفادا دەژی، بەڵام لای نووسەرێکی مەنفا ئەو گۆڕانانە قابیلی قبوڵکردن نین، چونکە نووسەری ناو مەنفا هەمیشە خەونێکی هەیە کە



خەونی گەڕانەوەیە، کە جیاوازە لە خەونی نووسەری ناو وڵات. گەڕانەوەش لە زۆرینەی حاڵەتدا واتا دەستکەوتنەوەی ئەو شتانەی کە بەجێهێڵراون، تۆ ببینە دڵڕەقی پیشاندانی ڕاستییە عەقڵانییەکان و گێڕانەوەیان لە وەڵامەکەی سالمدا بۆ نالی، چەندە پەیوەندی بە درکاندنی ڕاستییەوە هەیە هێندەش پەیوەندی بەهەستنەکردنی سالمەوە هەیە کە نازانێت ئەو گێڕانەوەیە چەندە خورپەیەکی گورچکبڕ لەلای نالی دروستدەکات. بۆیە ناکرێت یادوەری سالم و نالی کە یەک یادوەرییە وەک یەک تەماشا بکەین، گەر وا بکەین ئەوا دەتوانین بپرسین ئەی بۆچی سالم لە پێشدا نامەیەکی وای بۆ نالی نەنووسی و باسی سلێمانی تێدا نەکرد. هەر بۆیە ئەو پرسیارە شیعرییانەی نالی وا لە سالم دەکات کە قوڵتر وەک لەوەی کە هەیە هەست بەو هەموو گۆڕان و تێکچوونانە بکات، هەم لە ئاستی شوێن و هەم لە ئاستی ئینسانەکاندا.

**شاخەوان: وەک هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بەشێکی گەورەی ژیانت پڕبووە لە ئازارو نەهامەتی وەک لە سەفەرنامەدا بەوردی باست لێوەکردووە، بە تایبەت لە ڕۆژانی ڕەپەڕیندا کە چەندین جۆر لە توندوتیژی و خوێن و کوشتنت بینیوە، ئێستاش لە وڵاتێکی تەکنەلۆجی زبردا لە ڕووی ڕۆحییەوە دەژیت، بەڵام لە شیعردا زۆر ئینسان دۆست و ناسک و نەرمیت، بەئەندازەیەک هەمیشە دەڵێم ئەم پیاوە بەم هەموو ناسکییەوە چۆن لەگەڵ ئەم سەردەمەدا هەڵدەکات، ئایا شیعر ئەم ناسکییە ئەخوازێ؟**

**یاخود بینینی ئەو هەموو توندوتیژی و نەهامەتییە تۆیان بەرەو ئەو ناسکییە بردووە؟.**

**هیوا قادر:** من نازانم تا چ ئاستێک ناسکم یان نا! پێشموانییە ئەو ناسکییەی کە تۆ باسی دەکەیت مەرجێک بێت شیعر لە شاعیری داوابکات.

بەڵکە ئەو ناسکییەی کە تۆ دەیبینیت بەرهەمی بەشێک لەو بیرکردنەوانەی منن لە دنیا و شتەکانی دەورووبەرم، هەروەها لە خۆم و تەمەناکانم و کەسایەتیم، لێشتنناشارمەوە من ساڵانێکی زۆرە شیعر هەر بۆ خۆم دەنووسم و بەهیچ شێوەیەک لە خەیاڵمدا خوێنەرێک نییە بڵێم من بۆ ئەم خوێنەرە دەنووسم، وەک چۆن سۆفییەک ڕوو لە خودای خۆی دەکات و دنیای پێ مەبەست نییە، منیش ڕوو لە دڵی خۆم دەکەم و خوێنەرم پێ مەبەست نییە. بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە حورمەتی خوێنەرەکانم نەگرم، نەخێر، بەڵکە مەبەستم ئەوەیە من پێش هەرچ کەس بۆ خۆم دەنووسم.

ئێمە هەمووومان بەشێکی زۆری ژیانمان کارەساتەکان و ڕووداوە ناخۆشەکان لەگەڵ خۆیاندا بردوویانە، هەریەکەشمان بەدوای ئەو هاوسەنگی و ئیقاعانەدا دەگەڕێین کە ئەو کارەساتانە لە ناوماندا دروستیان کردووە تا سەرلەنوێ ژیانمان هاوسەنگیربکەینەوە. من پێموایە ئەم شێوازی بیرکردنەوە و نووسینانەی من بۆ خۆم هاوسەنگییەکە لەگەڵ



دنیادا، ئەمەش بۆ من گەورەترین سوکناییە لەبەردەم ئەو تەنهاییە گەورە و ترسێنەرەدا کە قەدەری ئینسانەکانە.

من لەسەرەتایەکی زۆر زووەوە بەتەنهایی ئاشنابووم، زوو تێگەیشتم کە ئینسان بوونەوەرێکی تەنهایە، هەموو داهێنان و شتە سوکنابەخشەکانی دەوروبەریشی بۆ کوشتنی ئەو تەنهاییەیە، یاخود ڕاسترە بڵێم بۆ خۆشاردنەوەی خۆیەتی لەو تەنهاییە.

دیارە من دەزانم ژیان ناشیرینە، جەنگ و کوشتن و دڵڕەقی ئینسان بێ سنوور و ناکۆتایە، بەڵام خۆ جوانیش هەیە، ئازادی بچکۆلە و خەیاڵیش هەیە، بۆ ئەوەی من وەک شاعیرێک بەردەوام بژیم پێویستم بە خەیاڵ و جوانییە، پێویستم بە سەرکێشییە بۆ ئەوەی هەمیشە لەوێوە خۆم بخەمەوە ناو ژیان، ئەو ژیانەی کە تۆ ناوی دەبەیت بە ژیانی پڕ لە نەهامەتی و جەنگ و برسێتی، دیارە من وەک شاعیرێک ئەم کارە دەکەم نەک وەک شۆڕشگێڕێک و فریادڕەسێک، یاخود وەک جەنگسازێک. من ئێستا لەسەردەمێکدا شاعیرم، کە شاعیران نە پێغەمبەرن نا فریادڕەسن نە شۆڕشگێڕن نە پیاوماقوڵانن، بەڵکە ئینسانە تەنها و سەیرەکانن کە هەمیشە لەشەڕدان لەگەڵ خۆیان و سیستەمی کۆمەڵگاکانیان و خۆیاندا بۆ ئەوەی بتوانن هەمیشە شاعیربن.

من بەم شێوەیە هاوسەنگی خۆم لەگەڵ خۆم و دنیای دەرەوەدا ڕادەگرم، ئەمە تەنها هونەرێکە کە بیزانم، بۆ کەس نا بۆ خۆم، واقوڕمانی من بە دیار زیکزیکەیەکەوە لە ئێوارەیەکی تەنهادا

کفر نییە، فڕینی خەیاڵی من بەدیار پەڕێکی کەوتوی کۆترێکەوە زەرەر لە کەس نادات. من ناتوانم لەگەڵ ئەو ئینسانانەدا یاربم کە دەمیان پرە لە مژدە، من بۆ خۆم هەڵگری هیچ مژدەیەک نیم بۆ تۆی خوێنەر، تەنها ڕەنگە بتوانم ئەو تەنهاییەی خۆتت پێبناسێنم کە لە ڕێی ناسینییەوە تۆ بتوانیت پرسیارە وجودی و لە کۆتا نەهاتووەکانی خۆتی تێدا بکەیت.
من نازانم گەر کوڕی ناو جەنگەکان نەبوومایە، ئاوا وەک ئێستا بیرم دەکردەوە یان نا، ناتوانم وەڵامی ئەمەت بدەمەوە. من کەسێکم لە ژیانمدا هەرگیز ئیرەیم بە کەسانی تر نەبردووە، تەنها بە خۆم نەبێت، لەبەر ئەوە نازانم گەر وا نەژیامایە وا بیرم دەکردەوە یان نا.
دیارە ڕاستە وێنەی دەرەوەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا وێنەیەکی ئامێرئاسا و دوکەڵاویی و عقڵانییەتە، بەڵام سروشت لەم دنیایەدا لە دەرەوەی ژیانەوە نییە، بەڵکە بەشێکە لە پێکهاتە گەورەکانی ژیان، دیارە سروشت لە خۆرئاوادا سروشتێکی دەستلێدراوە، واتا ڕێڕەوی هیچ ڕووبارێک لە هەموو خۆرئاوادا نابینیت دەستکاری نەکرابێت، ئەو حاڵەتە بەرایی و دڕییەی نەماوە کە لە جوانی سروشتی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە پارێزگاریکردن لە سروشت فەرامۆشکرابێت، بە پێچەوانەوە، من ئەوەندەی سروشتی جوانی ئەوروپا بە خۆم و ژیانی ناساندومەتەوە ڕەنگە تا ئەو کاتەی لە کوردستان بووبم هێندە سروشتی ئەوێ هێزی جوانی پێنەبەخشیبم.



هەڵکردنی منیش لەگەڵ ئەم سەردەمەدا پەیوەندی بە خودی خۆمەوە هەیە، چونکە تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕۆحی خۆمدا لە ئاشتیدام، من لەگەڵ هەموو ئەو خودانەی تردا کە لەناو مندا هەن پەیمانێکی ئاشتیمان بەستووە، وە پێشموایە بۆ ئەوەی ئینسان باشتر خۆی بناسێت دەبێت پێشوەخت بکەوێتە دیالۆگەوە لەگەڵ ئەو خودانەی کە لە ڕۆحیدان و هەمیشە ناکۆکن لەگەڵ یەکتریدا، بۆ ئەوەی جیاوازییەکان و هەستکردن بە گوناە ژیانی نەشێوێنێت، تاکو نوسینیش ببێتە بەشێک لە دروستکردنی ئەو هارمۆنییەتەی کە وا لە ئینسان دەکات بژی، پێویستە ئینسان لەگەڵ خودە جیاوازەکانی ناو خۆیدا تا ئەتوانێت کۆک و ئاشتبێت.

**شاخەوان: بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەندە پچوک بۆتەوە کە لەبری قسەکردن لەسەر ناوەڕۆک و تەکنیک و فۆرم لە دەقدا قسە لە لێکچوون و دزیی و لاسایکردنەوە دەکرێت، کە ئەمەش وای کردووە پرۆسەی داهێنان لەم وڵاتەدا تا ڕادەیەکی زۆر لاوازبێت. هەروەک ئەوەی هەندێک لەو بەناو ڕەخنەگرانە پێیان وایە تۆ زۆر ئیش لەسەر سوهراب دەکەیت و لە هەندێک شوێن لە دەقەکانتا تەواو ئەوی، من وەک خەوێنەرێکی بەردەوامی دەقەکانی تۆ تائێستا هەسم بەمەنەکردووەو نەم دیوە، بەڵام پێمخۆشە وەڵامی تۆ لەسەر ئەمە بزانم، ئایا سوهراب چ کاریگەرییەکی لەسەر بوونی شیعرییەت لای تۆ هەیە؟**

**هیوا قادر:** دیارە هەمووان ئازادن چی دەڵێن، بەڵام بەهەمان ئەندازەی ئەو ئازادییەش هەریەکەیان بەرپرسیارن لەو جۆرە سەرنجانەی کە دەریدەبڕن. بۆ من ئەو قسانە هیچ گرنگییەکیان نییە و نایانکرم، من لەبەر خاتری دڵی خۆم شاعیرم نەک کەسی تر، لەبەر خاتری سەرسوڕمانی سەری خۆم خاوەنی ئەم پرسیارانەم نەک کەسی تر، کە ئەمەش دەڵێم دەزانم ئەم دەربڕینەم لێدانی ئەو سەرمایە ڕەمزییەیە کە نووسەران لە کوردستان شانازی پێوەدەکەن، من پێموایە دەبێت چیتر نووسەربوون نەبێتە کوێخا بوون و پێغەمبەرایەتی. نووسەربوون چالاکییەکی ئینسانییە و تایبەتە بە ئینسان خۆیەوە و هیچی تر. کەس ناتوانێت لاف بەسەر ئینسانێکی تردا لیبدات لەبەر ئەوەی کە نووسەرە، نووسەر دەبێت بزانێت ئەوەی بەهیچ شێوەیەک نابێت لافی نووسەربوونی بەسەردا بدات ئەوەی بەرامەرییەتی کە ئینسانە.

لەڕاستیدا سوهراب هەرگیز لە مەحوی و ڕامبۆ و گونار ئەکیلۆف و هیرمان هیسە و دیستۆیفسکی و مارکیز و ئیبن عەرەبی و ئەدۆنیس و چەندانی تر گرنگتر نەبووە بۆ من. من وەک شاعیر پێکهاتەیەکم لە هەموو ئەزموون و داهێنانە جوانەکانی پیش خۆم، هەرچ کاتێکیش بەرهەمێکی داهێنەرانە دەخوێنمەوە ئەوەندە خۆش حاڵ دەبم چاوم پڕدەبێت لە فرمێسک و وا هەست دەکەم خۆم نووسیومە. ڕاستە من ماوەیەک سوهرابم خوێندۆتەوە ئەویش بە کوردی نەک بە



فارسی، بەڵام هەرچ کاتێک هەستمکردبێت لەژێر کاریگەری هەرچ نووسەرێکدا بوویێتم ئەوا بەهەمان هێزی خۆشەویستییەوە ویستومە بەزوترین کات بێمە دەرێ و وابکەم لەکەس نەچم لە خۆم نەبێت.

بەڵام دەمەوێت بڵێم دیوێکی تری ئەو تۆمەتبارکردنە کوردییەش پەیوەندی بەوەوە هەیە هەرچ کاتێک لە دنیای کوردیدا نووسەرێک جیاوازتر لەوانی تر دەرکەوێت، ئەوا ئەو جۆرە ناونانانەی لێدەنرێت، ئەمەش خۆدزینەوەیە لە قسەکردنی جدی نەک پەرێشانبوون بۆ بینینی جوانی. پێموایە لەم جۆرە تۆمەتبارکردنە زۆرە و پێویست ناکات نمونەی هیچ کام لەو نووسەرانەی پیش خۆم بهێنمەوە.

**شاخەوان: ئەدۆنیس دەڵێ: مانا قەسیدە دیاری ناکات، بەڵکو مانا دەبێت کەشفبکرێت، قەسیدە دەنوسرێت ئینجا مانا خۆی دروستدەبێت. لای تۆ بوونی ناوەڕۆک وەک بابەت شیعرت پێ ئەنووسێت یان شیعرەکە خۆی دەنوسرێت بێ ئەوەی تۆ ئاگات لێبێت و تەدەخولی تیا بکەیت، دواتر مانا لە شیعرەکەدا بۆ دروست دەبێت، مەبەستمە بڵێم تاچەند ئیش لەسەر بابەت و ناوەڕۆک دەکەیت لە کاتی نووسیندا؟**

**هیوا قادر:** قسەکەی ئەدۆنیس ڕاستە، قەسیدە دوای نووسینی دەبێتە کانگای مانا، هەموو قەسیدەیەکی جوان هەڵگری چەندان مانای جیاواز و لەیەکنەچووە، کەم جار ڕێدەکەوێت شاعیرێک

بێت و پێش نووسینی قەسیدەیەک هەموو هێڵە سەرەکیەکانی قەسیدەکەی بزانێت، شتی وا هەرگیز نییە و نابێت، چونکە ئەوەی لە لەحزەیەکدا لەلای شاعیرێک دروستدەبێت بە ملیۆنان لەحزەی نەبینراوی ترەوە ڕایەڵکراوە کە پەیوەندیان بە ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری و پرسیارە ئەزەلیەکانی نووسەرەوە هەیە، ئیدی چۆن دەکرێت ئەم کردە ئاڵۆزە ئاوا بخوێنرێتەوە و پێشوەخت دەستنیشانبکرێت.
من بۆ خۆم بەتەواوەتی نازانم چۆن قەسیدەیەک دروستدەبێت، ئەوەندە نەبێت ئەو وزە ناوەکییەی قەسیدە دەناسمەوە کە هەڵگری چەندان ئەگەری تەقینەوەی پرسیارەکانە لە ساتی نووسینیدا، لێرەوە ئیدی کاری من یاریکردنە لەناو تەکنیک و ڕیکخستنی ئەو مۆسیقا ناوەکییەی کە هەموو بونیاتی قەسیدەکە دەبەستێت بەیەکەوە.
هەرگیز ناکرێت داهێنان وەک کارێکی مەسلەکی سەیربکرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو نووسەرە خاوەنی گەورەتری ئەزمونیش بێت، هەمیشە داهێنان گرێدراوە بە دنیایەک ڕایەڵی دەزوولەیی نەبینراوەوە کە لە دنیای نووسەرەکەوە دەستپێدەکات، کە دیارە ئەزموونی ئەویش درێژکراوەی ئەزموونی داهێنەرانەی پێش خۆیەتی. بۆیە دەکرێت بڵێین هیچ داهێنانێک لە نەبوونەوە سەرچاوە ناگرێت.
ئەدەب بە گشتی ماڵی شێوازە جیاوازەکانە، بەبێ شێواز شتێک نییە ناوی ئەدەب بێت، ئیشکردنی زۆریش لەسەر مانا لە قەسیدەدا، ئەو سنوورە نادیارانەی تر دەکوژێت کە دەکرێت



هەڵگری وزەیەکی وابن کە مانای جۆراوجۆریان دواتر تێدا دروستببێت، بۆیە ئەو کارکردنە زۆرە لەسەر ناوەڕۆک دەبێتە هۆی سنوردارکردنی شێواز کە ئەمەش ئەو وزە ناوەکییەی ناو قەسیدە سنورداردەکات، لەڕاستیدا ئەمە حاڵەتێکی زۆر ئاڵۆزە و زەحمەتە هەرگیز قاڵبێکی یەکڕایی بۆ بکرێت. چونکە لە ئاستێکی تریشدا هەموو شێوە گوزارشتکردنێکی زمانەوانی نووسەر هەڵگری جۆرێکی بەرایی شێوازە کە ناکرێت بەراوردبکرێت بەنووسەرانی تر. لە کۆتایشدا هەموو ئەم حاڵەتانەی پێکەوە نووسینێک بەرهەمدێنێت دواتر ئەو بەرهەمە دەکەوێتەوە بەردەم چەندان کردەی کیمیایی تر لەبەردەم خوێنەرە جیاوازەکاندا، بۆیە هەرگیز ناکرێت نەخشەی قەسیدەیەک پێش نووسینی و پیش خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرانەوە دیاریبکرێت، ئەمە کارێکی نەکردەیە. ئەوەشی دەیەوێت ئەم کارە بکات، لە وزەی نادیاری داهێنان تێناگات.

**شاخەوان: دواین ڕۆمانت "منالێک لەسەر مانگە" ئەزمونیکی نوێ بوو بە کۆمەڵێک تەکنیکی نوێوە، کە تێیدا سیحری گێڕانەوە بریتییە لە گەمەکردنێکی زمانەوانیانە لە نێوان ڕاوی گێڕەرەوەی چیرۆکەکە و خوێنەردا. هەستدەکەیت تا چەند ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەشێک لە دنیای کەسایەتی هیوان؟ یان بە ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ناو ڕووداوەکان تاچەند دەتەوێت خوێنەر ڕابکێشیتە ناو دنیا تایبەتیەکەی خۆتەوە؟ تۆ دەتەوێت لەم ڕۆمانەدا چی بڵێیت بە خوێنەر؟**

**هیوا قادر:** له ڕاستیدا زەحمەتە ڕۆمانێک کورت بکەیتەوە بۆ تەنها دێڕێک، یان بۆ چەند حەکایەتێک و بڵێیت ئەم ڕۆمانە باسی ئەوە دەکات و دەیەوێت ئەوە بڵێت.
ناشکرێت نهێنی زمانی سەدان دێڕ کورتبکەیتەوە، من لەم ڕۆمانەدا هەوڵمداوە لەسەر نهێنی ئەو ڕێکەوتانە قسەبکەم کە جاری واهەیە سەرلەبەری ژیانی ئینسان دەگۆڕێت، یان ئەو کاتانەی کە دنیا لەناو فەنتازیاکاندایە ئینسان چەندە دەتوانێت کەشفی هۆکارەکانی بوونی خۆی بکات لە ژیاندا. چەند جورئەتی پرسیارکردنی لە خودای خۆی هەیە، دیارە دەیان شتی وردی تر کە تێکەڵەیەکن لە شیعرییەت و گێڕانەوە لەم ڕۆمانە و کەسایەتییەکانیدا، بەڕاستی بۆ من زۆر قورسە وەک نووسەرەکەی باسیان لێوە بکەم.
بێگومان بەدیوێکی تریشدا ئەم ڕۆمانە بەشێک لە دنیای من پێکدەهێنێت، لەهەردوو ئاستی تەمەننا و بووندا، چونکە تۆ ناتوانیت هەمیشە خودێکی تربیت لە نووسیندا، هەندێک جار خۆتیت و هەندێک جار ئەوی تر، ئەوێک کە ڕەنگە هەر تەمەنای خۆتبێت کە وابیت، چونکە ئەویش خالقەکەی هەر تۆیت.

**شاخەوان: ئەم ڕۆمانەت بەداخەوە وەک هەموو ئەو کتێبانەی تر کە لەم وڵاتەدا دەردەچن زۆر نەخوێنرایەوە لە مانا گشتییەکەیدا، تەنها هەندێک نووسین نەبێت لەم لاو لەو لا**



**لەسەری نووسران کە ئەویش زیاتر ناساندنێکی سادابوو نەوک خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی قوڵ، تۆ تا چەند ئەو نووسینانەت بینیوەو دەربارەی ئەو نووسینانە چی دەڵێیت؟**

**هیوا قادر:** لە ڕاستیدا هەموو ڕووداوەکان لە دنیای ئێمەدا بە بێ دەنگی تێدەپەڕن، بەتایبەتی کتێبەکان، ئەمەش پەیوەندی بە سیستەمی کۆمەڵگە و هۆشیاری ئینسانەکان و کۆڵەواری میدیاوە هەیە.
هەروەها خراپی دابەشکردن و چاپی کتێبەکەش لەلایەن چاپخانەی "چوارچراوە" هۆکارێک بوون بۆ خراپ گەیشتنە دەستی خوێنەران.
دیارە چەند نووسینێک لەسەر ڕۆمانەکە نووسران و من سوپاسی هەموولایان دەکەم، بەڵام بە گشتی جگە لە نووسینێکی شیرین کاف، هەموو ئەوانی تر جۆرێک لە تێنەگەیشتن و بەدحاڵی بوونی تێدابوو.

**شاخەوان: مەرگ بە درێژایی نوسینەکانت یەکێکە لە پرسیارە جدییەکانت، ئەکرێت بزانین پرسی نەمری وادەکات هەمیشە ئەم پرسیارە لات تۆ دووبارە بێتەوە؟ یان ترسانە لە مەرگ خۆی وەک کردارێکی فیزیکی کە تێیدا کۆتایی یەکجارەکی بەبوونی هیوا دێت؟ یان مەرگ بۆ تۆ و لای تۆ چییە؟**

**هیوا قادر:** هەرە پرسیاری وجودیی و سەرەتایی مرۆڤی سەر ئەم ئەستێرەیە، پرسیارە لە بوونی مەرگ، بوونی مەرگ هەرە هۆکاری گەورەی هەموو ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە.

بوونی مەرگ لە پشتی دروستبوونی هەموو دینەکانەوەیە، گەر مەرگ نەبوایە دینەکان دروست نەدەبوون، ڕەنگە گەر مەرگ نەبوایە هونەر و ئەدەبیش بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە نەبوونایە. لەو کاتەوەی کە ئینسان تێگەیشت ناتوانێت نەمری لەسەر زەوی بەدەست بهێنێت کەوتە دروستکردنی ئەو خەیاڵات و تەمەنایانەی خۆی بۆ ژیانێکی تر لە دوای مەرگ، بەو شێوەیە دینەکان بوونە مەکۆی دروستکردنی مژدەی بوونی ژیانێکی تر لە دوای مەرگ بۆ ئینسان. من نازانم گەر دین و مژدەکانیان نەبوونایە دەبوو هەموو مرۆڤایەتی چۆن بژیایە و چۆن ڕووبەڕووی مەرگی خۆی ببوایەتەوە.

دیارە مەرگ لای من داماڵراوە لە هەموو ئەو مژدانەی کە دینەکان پێیانە بۆ ئینسان، بۆیە لەنێوان مەرگی من و مەرگی کەسێکی دینداردا تەنهایی هەیە، ئەم تەنهاییە هەمیشە لای من پڕپڕە لە پرسیار. هەر دووبارەبوونەوەی ئەو پرسیارانەشە وادەکات لە شیعری مندا مەرگ پانتاییەکی گەورەی هەبێت، من ناتوانم وەک ئینسانێکی دیندار مەرگ قبوڵبکەم، چونکە مەرگ لای من حەق نییە، بەڵام لای کەسێکی دیندار حەقە.

باسکردنی من لە مەرگ، باسکردنی تەنهایی ئینسانە، ئەو ئینسانەی وەک تۆزی ئەستێرەکان لەناو کەوندا دێت و دەڕوات. هەرگیز پرسیاری مەرگ وەڵامێکی یەکجارەکی نییە،



چونکە هێندەی ژمارەی جیاوازی ئینسانەکان پرسیار لە مەرگ هەیە، هێندەی ئەو جیاوازیانەش وەڵامی جیاجیا و دژ بەیەک و ناکۆتا هەیە.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی پرسیاری مەرگ لە لای من هۆی خۆشەویستی من بێت بۆ ژیان و بۆ ئینسان، یاخود ڕەنگە پەیوەندی بە تێڕوانینی گەنجانەی منەوە هەبێت بۆ ژیان، کە وادەکات هێندە باسی مردن بکەم. چونکە پێموایە بەشێکی گەورەی قۆناغی پیری بریتییە لە ڕێکەوتن لەگەڵ مردندا، بەڵام گەنجی هەرگیز ئامادە نییە سازش لەگەڵ مردندا بکات چونکە ئەو خۆی بە بەشێکی گەورەی ژیان دەزانێت.

## گۆڤاری هەنار 2008



## کێ سەدام حسێن دەکوژێت

060307

ئازایەتی کۆمەڵگایەک لەوەدانییە کە چۆن دیکتاتۆرێک دادگایی دەکات، بەڵکە ئازایەتی کۆمەڵگا لەوەدایە کە نەهێڵێت جارێکی تر دیکتاتۆرێکی تر دروستبێتەوە.
ئەوەی پێیوایە بە مەرگی "سەدام حسێن" هەموو شتە لێزەوتکراو و دۆڕاوەکانی خۆی دەستدەکەوێتەوە، لە دیکتاتۆر زۆر بەدبەخت تر و تەنهاترە.
ئەی دیکتاتۆر، تەنها بە مەرگی جەستەی تۆ، من ئەو ئێوارە خەمبارانەم بۆ پڕناکرێتەوە لە تریقە و پێکەنین کە لەساتە کورت و کەمخایانەکانی هەرزەکاریمدا داگیرتکردن، تۆ ئەو ساتە دووبارەنەبۆوانەی عومری منت پڕکرد لە ترس و

خەمۆکی، ئەو دەمەی کە دەبوو من وەک عاشقێکی سادەدڵ لە سیلەی کۆڵاندا چاوڕێیکەم تا یاردێت، کەچی تۆ سیلەی کۆڵانت لێگرتم و گەڕەکاوگەڕەک لە ترسی مەرگ ڕاوتنام. ئەوساتانەی کە دەبوو ڕەنگەکانم تێداخۆشبویستایە و جەستەی خۆمم تیابناسیایە، تۆ جلێکی ڕەشت پێ لەبەرکردم و ڕیشێکی خەمبارانەت پێهێشتمەوە.

ئەی دیکتاتۆر بە مەرگی جەستەی تۆ، بە پارچەپارچەکردنی تۆ، بە هەنجن هەنجنکردنی تۆ، من تازە ساتە کاڵ و کەمخایانەکانی منداڵیم، ساتە ئاڵەکانی هەرزەکاری و بەگوڵبوونی گەورەیم بۆ ناگەڕێتەوە، تۆ نەک دڵی برینداری من، نەک تەنها خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی من، بەڵکە تۆ بەیەکجاری هەموو جەستەمت داگیرکرد، بە لەشکرێک لە تارماییەکانی ترس و شەرم، پشتمت کۆم کرد، لە بەردەرکی ماڵی خۆمان منداڵیت لەدەستفڕاندم، گەنجێتیمت لە دەست خستمە خوارەوە و شکاندت، بێ پرسی من بەشێکی گەورەی دڵمت لەسەر ترس تاپۆکرد، پاڵتپێوەنامە ناو حەوزێک لە خوێن تا گەورەبم، واتلێکردم ڕەنگی ڕەشم لەهەموو ڕەنگەکانی تر خۆشتربوێت، گەنجیمت دزی، تەنها یەک جار توانیم گەنجبم و تۆ نەتهێشت، بۆ یەکەمجار ویستم عاشقبم و تۆ نەتهێشت. بەیانیان پێش لە خەوهەستانی "با" ترست دامێ، نیوەڕوان ترس و مەرگت دامێ، ئێواران ترس و خەمت دامێ، شەوانیش لە خەونەکانمدا ڕاوتدەنام و دەتکوشتم.



تۆ هەزاران جار منت کوشت، کەچی من تەنها یەک جار دەتوانم تۆ بکوژم، تۆ لەو ڕۆژە پڕ لە خۆرەتاوەی منداڵیمەوە بەرائەتی منت وەک شوشە شکاند، کە بۆ یەکەمجار لاشەیەکی تازە ساردبۆوەی لادێنشینێکی بێگوناهم لەبەردەمی چایخانەیەکدا بینی خوێنی لەبەردەڕۆیشت، بەدەستی تۆ و سیبەری درێژبۆوەی وێنەکانی تۆ، بەدەستی تۆ و پیاوە دڵڕەقەکانی تۆ، بەدەستی تۆ و جەلادەکانی تۆ کوژرا، من هەزاران هەزارجار کوژرام و لەسەر شۆستەی شەقامەکان بەتەنها بەجێمام. خوێنم چووە ناو ئەو جۆگەلانەوەی کە لەگەڵ زەمەندا ڕۆیشتن و هەرگیز نەگەڕانەوە. بەدەم هاوارەوە لەناو زیندانەکاندا خوێنی گەش و گەرمی خۆمم دەبینی چۆن ساردەبووە و زەرد هەڵدەگەڕا، بەهەڵواسراوی خەونم بە خوداوە دەبینی و بەتەنهایی بەجێیدەهێشتم.

دەبێ چەند جار من تۆ بکوژم تا تۆڵەی ئەو هەموو مەرگانەت لێبکەمەوە، ئاخر من بە کوشتنی تۆ شاعیربوونی خۆشم دەکوژم. نا، من تۆ ناکوژم، چونکە بە کوشتنی تۆ من تەنها هەقی یەک مەرگ دەکەمەوە، بەڵام بە نەهێشتنی دروستبوونەوەی تۆ هەقی هەموو مەرگەکانی تریش دەکەمەوە.

کوشتنی ڕاستەقینەی دیکتاتۆر لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە جارێکی تر نەهێڵرێت دیکتاتۆرێکی تر جێگای بگرێتەوە.

مەرگی تۆ هیچ بەهایەکی نابێت گەربێت و هەزاران سێبەری تری وەک تۆ، لە ناو دڵی ئینسانەکان و لەناو ئارەزووی ڕەشی حیزبەکان و لەناو تاریکییەکاندا چاوەڕوان بکەن بێنەوە هەمان

جێگای تۆ، مەرگی تۆ هیچ بەهایەکی نییە گەر تەنها سیبەرێکی لە تۆ چوو، لە سەری ئینسانەکانی ئەم وڵاتەدا بمێنێت و جارێکی تر لە جەهەنمەوە دەستی تۆ بگرێتەوە بۆ ناو ژیانی من.

تۆ چۆن توانیت ئەم هەموو خەمە لەگەڵ خۆت بێنیت، چۆن توانیت دڵی ئەم هەموو سادەیی و خۆشییە پچووکانە بشکێنیت، ئەم هەموو خەم و ڕقەت لە کوێ بوو هەی دیکتاتۆر؟ تۆ چ دیکتاتۆرێکی کیمیاگەربوویت توانیت ئەو هەموو ئاسودەییە سادانە بگۆڕیت بەم هەموو خەمە ڕەش و قورسانە.

چۆن توانیت لەپشتی سادەیی دڵی ئینسانەکانەوە دەستی جەلادەکان بگریت و پێیان بڵێیت ئەمە ئێوەی ڕاستەقینەن نەک ئەم کەسە سادە و ساویلکانەی کە تەنها بۆ مردن باشن.

خەم، خەم، خەم دەباری، هەڵدەقولا لە دڵەکانەوە خەم، لە دەموچاوەکانەوە خەم دەباری، لەبیرمە هەمیشە من و بێزاری بەهەردووکمان یەک کراسمان هەبوو، ئەویش وەک خەم ڕەش بوو. من و خەم یەک چایخانەمان شکدەبرد جگەرەی تیابکێشین، من و ترس یەک دەستگیرانمان هەبوو کە بمانبینیایە دەمردین.

ئەی دیکتاتۆر، چەند درۆزنە ئەو دادگایەی کە تۆ دادگایی دەکات و کەچی دوای تۆ دەهێڵێت لەژێر سیبەری یاساکانیدا سەرلەنوێ لە چوارچێوەی وێنەیەکی ترەوە بێیتەوە ناو ژیانی من.



چەند درۆزنە ئەو دادگاییەی تۆ کە ناتوانێت ئەم عەزابانەی من بکات بە شکاتێک بەسەر دڕندەیی تۆوە.

ئەی دیکتاتۆر، تۆ ئەو کاتە نەمردەبیت کە کۆمەڵگا ڕازیبێت جارێکی تر تۆ بەرێگا نهێنییەکاندا بێنێتەوە ناو وردەکارییەکانی ژیانی هەموومانەوە، ئەوکاتەش تۆ بەیەکجاری دەدۆڕێیت کە جارێکی تر کۆمەڵگا ئەوەندە هوشیاربێت ئەو ڕێگایانەت لێبگرێت کە دەتگەیەنێتەوە ناویان، دەتگەیەنێتەوە ناو گیرفان و ژووری نووستن و خەونەکانیان، ناو ماناکانی ئازایەتی و دەستەڵات و پیاوبوونیان.

ئەی دیکتاتۆر، تۆ ئەو کاتانە براوەیت کە جارێکی تر خەڵکی ئەم وڵاتە بهێڵن وێنەیەک لەسەر سەریانەوە هەڵبواسرێت لەبەرئەوەی لەوان پیرۆزتر و گەورەترە. تۆ ئەو کاتە دێیتەوە، کە خەڵکی ئەم وڵاتە بهێڵن کەسێکی تر لەبری هەمووان بیربکاتەوە و بڕیار لەسەر شێوەی ژیان و داهاتوویان بدات.

مەرگی تۆ ناتوانێت زەمەن بگێڕێتەوە، تۆ تازە کاری خۆت کرد، تازە من ناتوانم فرمێسکی ڕژاوی ئەو هەموو چاوە خەمبار و ترساو و تورانە هەڵبگرمەوە کە ڕژان، ئەو هەموو هەناسە ساردانەی کە لە دوا ئاهەکانی گیانکێشاندا هەڵکێشران تازە من بۆم ناکرێنەوە بە هەناسەی گەرمی ژیان، تازە من ناتوانم گریانی دەم ئەو هەموو دەستلێکبەردان و ماڵئاوایانە بگەڕێنمەوە کە ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە، من ناتوانم مردووەکان زیندوو بکەمەوە، ناتوانم جلە ڕزیوەکانیان بۆ ئوتووبکەمەوە و جاریکی تر بیانێرمەوە بۆ ناو ژیان. جاریکی تر قۆپچەی

کەوتووی منداڵەکانم لەناو گۆڕەکانیاندا بۆ نادۆزرێتەوە تا یەخەی کراسەکانیان داخەم و بیان نێرمەوە بۆ کۆڵان، لەناو زووخاوی ڕەشی ئەم گۆڕانەدا مەمکە مژەی ئەو منداڵانەم چۆن بۆ دەدۆزرێتەوە کە بەکەس ژێرنابنەوە، هەرگیز تازە ناتوانم ماچەکانی ماڵئاوایی و دیارەوئاخریی بگۆڕمەوە بەماچی گەرمی دیدەنی.

تۆ واتلێکردم لە هەموو ماڵئاوایکردنێک بترسم، بتۆقم لە بینینی شاری نوێ، لەگەڵ هەموو سەفەرێکمدا بۆ شوێنێکی تر جانتاکەم پڕبێت لە خۆف. ئاخر تۆ ڕاتهێنام بەوەی کە هەرکاتێک ماڵم بەجێهێشت ئیتر من جارێکی تر ماڵ نابینمەوە، نیشتمان نابینمەوە و لە مەنفاکاندا پیربم تا مردن.

ئەو هەموو سیمایەی کە وەک ئەستێرە کشان و سارد سارد کەوتن تازە بۆم نایەنەوە ناو ژیان. ئەو هەموو یادوەریە سەوزانە جارێکی تر گەرموگوڕ بەهەمان کۆڵان و ژێر هەمان گوێسوانە و پاڵ هەمان پیرەدار و ژێرسێبەری هەمان وشکەکەڵەکدا، بەیادی جاران لەناو ئەو گوند انەدا پیاسەناکەنەوە کە سووتان، هیچ هێزێک ناتوانێت وێنەیەکی شکاوی ئەو ساتانە بنێتەوە بەیەکەوەو وەک خۆیانی لێبکاتەوە. ناتوانێت گڵی کەوتووی دەم ئەو پەڕەسێلکانە هەڵگرێتەوە کە ئاسمانی گوندەکان و کۆڵانی شارەکانیان پڕدەکرد لە پیرۆزی ژیان، تازە ئەستێرەی ناو چاوی ئەو منداڵە لادێیانە کشان و جارێکی تر نەئاسمان و نە هیچ چاوێکی تر نایانبینێتەوە. ئەو کوردە سەمانەزانە قاچ و دەست پەڕیوانە تەنها بەمەرگی



جەستەی تۆ جارێکی تر نابنەوە بە خاوەنی دەست و قاچیان، جارێکی تر هەمان نمرەی پێڵاوی قاچەکەی تریان و هەمان دەستکێشی دەستەکەی تریان ناکەنەوە قاچ و دەستیان. بۆ جارێکی تر تا ئەبەد ناتوانن هەردوو دەستیان لەپشتیانەوە دانێن و لەزەت لە پیاسەکردن وەرگرن.

دیکتاتۆرەکان گەورەترین دوژمنی ئەو ساتانەن کە یەکجار زەمەن لەناو خۆیاندا هەڵیاندەگرێت و ناگەڕێنەوە. تۆ لەگەڵ خۆتدا هەموو ئەو ساتانەت لە گەنجینەکانی ژیانی هەموومان دزی و بردتن بۆ جەهەنم.

تازە تۆ کاری خۆتکرد، هەموو جوانییەکانت تەفروتوناکرد، هەموو ئاوێنەکانت شکاند، بێشکەکانت سوتاند، شنەی فێنکی ناو سنگی چنارەکانت فڕاند، ئەو گوێسوانانەت لەگەڵ زەویدا تەختکرد کە پڕبوون لە جیکەی ئەو باڵدارانەی کە نیشانەی ئازادی خەونەکانی خودابوون، تازە مەرگی جەستەی تۆ بەچی دەچێت، ئەم هەموو خوێنە ڕژان، ئەم هەموو سوورییە، ئەم هەموو ڕەشی و زووخاوە، ئەم هەموو مەرگە، ئەم هەموو گۆڕە زارداچەقیوانەی سەحراکان کە پڕن لە دواهەناسەی مەرگ، ئەم هەموو لێکدابڕان و پەرتەوازەییە، ئەم هەموو مەنفایە، ئەو هەموو تەنهاییەی کە لە ڕەشایدا غەرقبوون، کێ چاکیان دەکاتەوە، کێ؟!

ئەو شتەی دیکتاتۆر دەیشکێنێ بە هیچ هێزێک چاک ناکرێتەوە، تەنها ئەو هێزەی ئەو شتانە چاکدەکاتەوە، ئەوەیە کە پێش دروستبوونی دیکتاتۆر هێندە هوشیارە ناهێڵێت

دیکتاتۆر دروستبێتەوە و شتەکان بشکێنێتەوە. دەنا هەموو لاواندنەوە و پەخشانەکانی دوای شکاندنی ئەو شتانە و هوتاف بۆ مەرگی دیکتاتۆر درۆیەکی هێندە زەرد و ناشیرینە کە ئینسان دواتر دەیەوێت بەدبەختی و تەنهایی خۆی پێبشارێتەوە. چەند وشەیەکی درۆزنە (تۆڵەکردنەوە)، ئەم وشەیە چەند وشەیەکی پڕ لەوەهم و سادە و بچکۆلەیە لەبەردەم مەرگی دیکتاتۆرەکاندا.

ئەو کەسەشی پێیوایە تەنها بە مەرگی جەستەی دیکتاتۆر، دیکتاتۆر ووندەبێت، زۆر ساویلکەیە. ئەو کەسە وەک ئەو قومارچییە وایە بەدواهەمین دیناری گرفانی بیەوێت هەموو سەروەتی دۆڕاوی خۆی و دنیا بەجارێک بەرێتەوە بۆخۆی. مەرگی تۆ ئەی دیکتاتۆر بردنەوەی هەموو ئەو دۆڕاندنانە نییە کە دۆڕاندمان. ئەو هەموو جوانیانە، ئەو هەموو تەمەنە، ئەو هەموو بەرائەتە، ئەو هەموو منداڵییە، هیچ هێزێک ناتوانێت ئەو شتە لەدەستچوانە وەک خۆیان لێبکاتەوە، درۆدەکەن ئەو شاعیرانەی جگە لە هوتافکێشان چاوێکی تریان نییە بۆ بینینی ژیانی ئینسان، ئەوەی پێیوایە بە مەرگی تۆ هەموو ئەو شتانەمان دەستدەکەوێتەوە، لە تۆ درۆزنتر و دڵڕەقتر و بەدبەخترە ئەی دیکتاتۆر.

هاتنی تۆ بۆ ناو ژیانی من، تەنها لەیەک ڕێگاوە نەبوو، بۆیە نابێت مەرگیشت تەنها لەیەک ڕێگاوە بێت، کە ئەویش کوشتنی تۆیە. تۆ تەنها بە مەرگی جەستەت لە ماڵی من ناچیتە دەرەوە، چونکە تۆ تەنها وێنەیەک نەبوویت بەسەر دیوارەکانەوە.



کارەکتەرێکی هەمیشەیی تەلەفزیۆنەکان نەبوویت، تۆ تەنها لەناو سرودەکاندا بە ئەسپێکی سپی و شمشێرێکەوە بەسەر جەستەی برینداری مندا غارتنەدەکرد. تۆ هەمیشە پێش تەڕکردنی نانە تیرییەکان لەسەر سفرەی هەموو ماڵێک ئامادەبوویت، لە کۆڵانەکاندا لە مناڵی دراوسێت ئەدا، موختارەکانت ئەناردە سەر یەک بەیەکی ماڵەکانی گەڕەک، براکانت ئەدا بەشەڕ، دڵی خوشکەکانت لەیەکتری ئەتۆراند، لەگەڵ مامۆستاکاندا بەدار لە قوتابیەکانت ئەدا، لەبەردەمی خەستەخانەکاندا لەگەڵ پۆلیسەکاندا دەوەستایت و جنێوت بە نەخۆشەکان و میوانەکانیان ئەدا، لەگەڵ باخەوانی باخچەکاندا بەدوای ئەو کچ و کوڕانەدا دەگەڕایت کەماچی یەکتریان دەکرد، تۆ لە گوزەرەکاندا بەئارەزووی خۆت دوکاندارەکانت دەدایە بەرشەق، عەرەبانەی سەر شەقامەکانت دەشکاند، داوای هەویەت لە گەنجان دەکرد و ئەتووت بۆ زوو گەورەنابن بچن بۆ بەرەکانی جەنگ، شێتەکانی شارت کۆ دەکردەوە و لەبەرەکانی جەنگدا لەناو کێڵگەی مینەکاندا ڕاوتدەنان، مەخزەنی ئەو کلاشینکۆفانەت پڕدەکردەوە کە پێشمەرگە کوردەکان دەیان نا بەسنگی یەکترییەوە، تۆ سەرتاپای وڵاتێکت کرد بەسەرباز، تەمەنی چواردەساڵت دەکرد بە هەژدە و دەتخستە بەردەم پەتی قەنارە، خوێنی دڵی ئەو منداڵانەت دەگرت کە بەبەرچاوی خەڵکەوە لەسەر شەقامەکان گوللەباران دەکران و دەتکردە جەستەی برینداری ئەو سەربازە بەزۆر نێردراوانەی ناو جەنگەکانی خۆت، تۆ ماڵە و ماڵ دەگەڕایت پارەی ئەو

فیشەکانەت لە دایک و باوکی ئەو کوژراوانە دەسەندەوە کە ڕۆژانی عارفە لاشەکانیانت وەک جەژنانە بۆ دەناردنەوە، تۆ لەگەڵ جەلادەکاندا قورئانت دەخوێند، وڵاتت پڕدەکرد لە وێنەی خۆت، وڵاتت پڕدەکرد لە ترس، لە درۆ، لە دەجەل، لە نیفاق. بەتەورێک هەموومانت دەکرد بە دوان، بە دوو کەس کە تامردن ئاشتنابنەوە لەگەڵ یەک. تا ئەبەد ئاشتنابنەوە لەگەڵ یەک.

بەمەرگی تۆ هیچ کام لەم شتانەی کە من دۆڕاندمن ناگەڕێنەوە، درۆزنن ئەو شیعارانەی کە منی شەهید بە نەمر دەزانن و کەچی هێشتا تۆ لەناویاندا زیندوویت، درۆزنن ئەو حیزبە کوردیانەی کە وێنەکانی منی شەهید هەڵدەواسن و کەچی تۆ لەناو سەری سەرکردەکانیاندا قاقا پێدەکەنیت.

چەند ساویلکەن ئەو سەرکردە کوردانەی لە خۆشی گەیشتن بەدەستەڵات لەناو کێڵگەیەکی میندا کە ناوی "عێراق"ە باسی گەشبینی دەکەن. چەند تەنها و نا ئومێد و بێدەسەڵاتن ئەو سەرکردە کوردانەی کە لەناو ئەو "درۆ سیاسییە گەورەی کە ناوی عێراقە" درێژە بە نائومێدییەکانی خۆیان دەدەن.

کێ تۆ دەکوژێت ئەی دیکتاتۆر، ئەوە کێیە جارێکی تر ناهێڵێت تۆ سەرکەیتەوە بە ماڵماندا؟

بۆ ئەوەی تۆ بمریت دەبێت هەموومان بێینە ناو دادگاکەتەوە، هەموومان لە بەرچاوی خۆتدا تۆ بکوژین بی ئەوەی تۆ وەک جەستە بمریت، لەناو سەرماندا تۆ دەرکەین، هەموومان تۆ دەرکەین لە ژیان، تا ئەبەد تۆ دەرکەین.



ئەو کۆمەڵگەیەی دوای لابردنی دیکتاتۆرێک ناهێڵێت دیکتاتۆرێکی تر دروستبێتەوە، دەشێ فێربێتەوە تامی ژیان بکات، بەڵام ئەو کۆمەڵگەی دوای دیکتاتۆرێک دیکتاتۆرێکی تر دێنێتەوە جێگای هەرگیز فێری ئەوە نابێت چۆن بژی، تەنها و بێ شوناس دەمێنێتەوە، تەنانەت خواداش تا ئەبەد لەسەر ئەم ئەستێرەیە بەجێیدێڵێت.

## بەرهەمەکانی نووسەر

1. چاوەزەردەکان/ شیعر. 1991 سلێمانی
2. کڵاوەکەم پڕە لە باران و گوڵ/ شیعر. 1994 ستۆکهۆڵم
3. ئاوێنە سەرابییەکان/ ڕۆمان، چاپی یەکەم. 1996 ستۆکهۆڵم
4. کیشوەرێک لە خەون/ شیعر. 1998 ستۆکهۆڵم
5. هەنار/ شیعر. وەرگێڕدراو بۆ زمانی سویدی. 1998 ستۆکهۆڵم
6. دوو کلوەبەفر/ چیرۆکی منداڵان. وەرگێردراو بۆ زمانی سویدی. 1998 ستۆکهۆڵم
7. سەفەرنامە. چاپی یەکەم 2000 ستۆکهۆڵم
8. دوو کلووەبەفر/ چیرۆکی منداڵان 2002 سلێمانی
9. سێوی سوور/ شیعر 2004 هەولێر
10. بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت/ ئەدەبی نامە 2006 سلێمانی



11. هاوڕێ نیگارکێشەکەم/ لینگا بۆینگا. ڕۆمان. وەرگێڕانی لە سویدییەوە 2006 سلێمانی.
12. دوانزە شازادەکە/ برایانی گرین. کتێبی منداڵان. وەرگێڕانی لە سویدییەوە 2008 سلێمانی.